# پاش دوو سەدە لە شەڕکردن، هەردوو گەلی کوردو تورک ئاشت دەبنەوە


بەدرخان
Bedirxan
بەدرخانی و لەسەر لاچێ لەمەوپاش، لە گشت لاوە دەتانهاڕن وەکو ئاش

هەفتەنامەیەکی رۆژنامەوانیی گشتیی ئازادە
دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی "بەدرخان" دەریدەکات

ژمارە (١٤١) شەممە ،
ئایاری ٢٠١٠/٥/٢٢ زایینی
بەرانبەر بە جۆزەردانی ٢٧١٠ی کوردی
ساڵی دەیەم

www.bedrxan.net
www.bedrxan.com
bedrxan@yahoo.com


## بەدرخان پێش هەڵبژاردنی کۆنگرەی یەکێتی نووسەرانی کورد، ناوی سەرۆک و جێگری سەرۆک و ئەندامانی کۆنفرانسی لقی هەولێر ئاشکرا دەکات



**تایبەت بە بەدرخان**

وابڕیارە لە سەرەتای مانگی تەمووز کۆنگرەی یەکێتی نووسەرانی کورد سازبکرێ، ئەمڕۆش ٢٠١٠/٥/٢٢ کۆنفرانسی لقی هەولێری یەکێتی نووسەرانی کورد سازبکرێ، بەپێی ئەو سەرچاوانەی دەست بەدرخان کەوتووە، سەرۆکی ئەمجارەی یەکێتی نووسەرانی کورد بە تەوافوق دادەنرێت و بەر کاندیدی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دەکەوێت، بۆ ئەم پۆستەش نووسەرو رۆماننووس "کاکە مەم بۆتانی"یەو جێگری سەرۆکیش بەر کاندیدی پارتی دیموکراتی کوردستان، نووسەرو رۆژنامەنووس "ئازاد عەبدولواحید"ـە، ناوی تەواوی ئەندامانی بەشدارانی لقی هەولێر لەو کۆنفرانسە بریتین لە ١٨٩ نووسەر، بە ئازاد جوندیانی دەست پێدەکاو بە مستەفا رابەر کۆتایی دێ.
جێی ئاماژەیە لەساڵی "١٩٩٢"وەوە تاکو ئێستا یەکێتی نووسەرانی کورد کۆنگرەی نەبەستووە، لەو کۆنگرەیەدا "د. عزەدین مستەفا رەسول" وەکو سەرۆک و "فەلەکەدین کاکەیی" وەکو جێگری سەرۆکی یەکێتیەکە دەستنیشان کران.
سەرچاوەیەک تایبەت بە بەدرخانی راگەیاند، کە تاکو ئێستا یەکێتی نووسەرانی کورد لقی دهۆک نەهاتوونەتە ژێرباری ئەم تەوافوقە، چونکە لەنێو نووسەراندا لێرەولەوێ باس لەوە دەکرێ، کە بەبێ رەزامەندی مەڵبەندی گشتی ئەندامان وەرگیراون، بۆیە پێدەچێ لەنێو کێشمەکێشی نووسەراندا ئەو مەسەلەیە یەکلایی ببێتەوە.
هەروەها بەدرخان زانیویەتی، کە پرۆفیسۆر "عیزەدین مستەفا رەسول" ئارەزووی ئەوە دەکات، کە دووبارە ببێتەوە بە سەرۆکی یەکێتی نووسەرانی کورد، بۆیە لەنێوان ئەم و ئەودا ئەو بڕیارەی لەسەرەوە دراوە هەر ئەوەیە، بەهیوایین کۆنگرە جێگای رەزامەندی نووسەرانی شارو شارۆچکەکانی کوردستان بێت.

ل٢١



**غازی حەسەن:**
گوناهی نەخوێندنەوە دەخاتە ئەستۆی رۆژنامەنووسان

ل٣



**د.ئیسماعیل قەرەداغی**
باس لە لە ویژەی ئەسکەندەنافیای کۆن دەکات

ل١١



**د. شێرکۆ بابان**
شاکارێک سەبارەت بە زمانی کوردی بڵاودەکاتەوە

ل١٥




## ئیمپراتۆری سنوورو عەشیرەت

### کوردستان و شەڕی سنوور تورک و فارس لە ١٨٤٣ -١٩٣٢



**تایبەت بە بەدرخان**

**کتێبی ئیمپراتۆری سنوورو عەشیرەت، لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویە، تێزی دکتۆرای خوێندکار "نەجاتی عەبدوڵلا"یە، کە لە فەرەنسا بڕوانامەی دکتۆرای بەدەستهێناوە.**
**سەبارەت بەو کتێبە، هەفتەنامەی بەدرخان بە تەلەفۆن پەیوەندی بە نووسەرەکەیەوە کرد، کە ئاخۆ مەبەست لە نووسینی ئەم تێزە هەستیارە چییە؟**
ئەویش لە وەڵامدا بەمجۆرە هاتە ئاخافتن:
ئەم کتێبە گێڕانەوەیەکی وردی مێژوویی مەسەلەی کوردە، لە سەرەتاوە تاکو ئەمڕۆ، نووسینی ئەم لێکۆڵینەوەیە سەرەتا بە زمانی فەرەنسی بوو، بەڵام زۆر بە پێویستم زانی وەربگێڕدرێتە زمانی تورکی، بۆ ئەوەی پردێکی لێکتێگەیشتنی کلتووری لە نێوان گەلی کوردو گەلی تورک دروست بکرێت، ئەوە دوو سەدەیە کوردو تورک یەکتر دەکوژن، بەڵام نە کورد توانی دەوڵەتێک بۆ خۆی دروست بکات، نە تورکیش توانی بە زەبروزەنگ کورد لەناو ببات.. بۆیە ئەمڕۆ رۆژی ئەوەیە ئەم دوو گەلە لە رێگای دیالۆگەوە، مێژووی یەکتر بخوێننەوە.
ئەم کتێبە بەشدارییەکی بەنرخە لە دروستکردنی ئەم پردە کلتوورییە.
شایانی باسە، ئەم کتێبە لە ٥٤٤ لاپەڕە پێکهاتووە، کە لە بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی "ئاڤێستا"یە.
هێژای گوتنییە، ساڵانی رابردوو دەزگای ئاڤێستا کتێبی (کەرکووک و دەوروبەرەکەی، حوکمی مێژوو و ویژدان)ی زانای گەورەی کورد د. کەمال مەزهەری وەرگێڕایە سەر زمانی تورکی و بڵاویکردەوە.
بەدرخان پیرۆزبایی لە د. نەجاتی عەبدوڵلا دەکات.



**دلڤین موحسین:**

## هەر دەقێک لە خزمەتی کەسایەتی مندا نەبێت، کاری تێدا ناکەم

**دلڤین موحسین وەک کچە شانۆکارێکی چالاکی شاری هەولێر، لە دیدارێکی کورتی هونەری بەدرخان، باس لەچەند پرسێکی گرنگی شانۆی کوردی دەکا، هەروەک مەرجی بەشداریکردنی لەکاری هونەری و هۆکارەکانی ئاشتکردنەوەی بینەر بە شانۆ دەکا...**

ل١٠

## ئاسۆ لەنێوان لاوەو وشیارو جەوهەردا





**تایبەت بە هونەری بەدرخان**

هونەرمەند ئاسۆ عومەر سوارە لە دیدارێکی بەدرخاندا باس لە کارە هونەرییەکانی خۆی و رەوشی دراماو فیلمسازی لە کوردستان دەکات، لە وەڵامی پرسیارێک دەربارەی رۆڵبینینی ئاسۆ لەو سیناریۆ جۆراوجۆرانەدا، گوتی:
هەموو ئەو شتانەی باسی دەکەی، ئەوەی یاری دەکا لەو پایانە، مرۆڤە، منیش رۆڵی مرۆڤ دەبینم، مرۆڤێکی بەختەوەر، شکست خواردوو، سەرکەوتوو، خۆشەویست، بزێو، ئەوانە هەموو ئەو نموونانەن کە لەناو کۆمەڵگا هەن، کەواتا ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ قسەکەی "ستانسلافسکی" ئەکتەر ئەو شلەیەیە کە بیخەیتە هەر دەفرێکەوە دەبێ شکلی ئەو دەفرە وەربگرێ، من دەمەوێ "کە خۆم دەقەکەم بەدڵ بێ و لەگەڵی بژیم" دەمەوێ ناوی بنێم رۆڵەکە ئەو دەفرەیەو خۆشم ئەو شلەیە بم کە دەچمە ناوی، بۆیە بەلای منەوە گرنگ نییە کەسایەتییەکە چییە، لە شۆڕشگێڕێکەوە بۆ شکستخواردوویەک بۆ کەسێکی رەزیل، گرنگ ئەوەیە ئاسۆ عومەر چۆن خۆی وا شل دەکاتەوەو مادەیەکی وا خام لەخۆی دروست دەکا بچێ شکلی ئەو دەفرە وەرگرێ...

**دەقی دیدارەکە، لە لاپەڕە ١٢ بخوێنەرەوە**

## کچان و کوڕان بەلێشاو ڕوودەکەنە کڕینی جلوبەرگی کوردی

**عەلی بانیشاری- هەولێر**

کچان و کوڕان ئێستا جل وبەرگی کوردیان پێ خۆشترەو بەلێشاو ڕوودەکەنە کڕینی جل وبەرگی کوردی، وەک کوڕان و کچان باسی لێوە دەکەن جلوبەرگی کوردی لەم دوو ساڵەدا بەشێوەکی بەرچاو بڵاوبووەتەوەو خواست لەسەر ئەو جۆرە جلوبەرگە زیادی کردووە، زۆرینەی کچان و کوڕان بێ لەبۆنەو ئاهەنگەکان جلی کوردی لەبەر دەکەن.
لەماوەی پێشوودا هەمیشە گلەیی ئەوە دەکرا، کە جلوبەرگی کوردی فەرامۆش کراوەو کەس ڕوو لە کڕینی جل و بەرگی کوردی ناکات، بەڵام ئێستا وەک مۆدێلێک کوڕان و کچان ئەو جۆرە جلوبەرگە دەپۆشن و هەندێکیشان پێیان وایە ئەو لێشاوە تەنها ماوەیەکەو کەس گوێ بە جلوبەرگی کوردی نادات.
بەرگدرووەکان وای بۆ دەچن لە ساڵانی داهاتوودا هاووڵاتیانی کوردستان بەتایبەت کچان و کوڕان وەک جاران خواستیان لەسەر کڕینی جلوبەرگی کوردی زیاتر بێت، کچان وکوڕانیش وەک ئێستا جلوبەرگی بێگانە بەکار نەهێنن و هەوڵ بدرێت گرنگی زیاتر بدرێت بەجلوبەرگی کوردی، بۆ بووژانەوەی کلتوور و داب و نەریتی کۆمەڵگەی کوردی.
هاژە جەمال باس لەوە دەکات کچان ئێستا زۆر حەزیان بە جلوبەرگی کوردییە و بەتاسەوە پرسیار بۆ ئەو جۆرە جلوبەرگ دەکەن، ئەمە لە پێشودا زۆر بە پێچەوانەوە بوو، کچان بێزیان نەدەهات جلوبەرگی کوردی لەبەربکەن.
هاژە بە هەفتەنانەی بەدرخانی وت:" لەبەرکردنی جلوبەرگی کوردی زۆر خۆشە و زۆرینەی کچان حەزیان بەو جۆرە جلوبەرگەیە، چونکە زۆرینەی خەڵکی بە تایبەت کچان ئەو جۆرە جلوبەرگەیان لێ دێت و ئەو لێشاوی جل کڕینەش لەدوای ٢٠٠٦وە زیادی کردووە، کەم ماڵ هەیە جلی کوردی نەبێت، کە پێشووتر بەتایبەت لەشارەکەدا ئەمە زۆر بەپێچەوانە بوو".
وتیشی:" پێویستە سەنتەرێک تەرخان بکرێت بۆ گرنگیدان بەجلوبەرگی کوردی و هەموو لایەک هاوکاری باشی بکەین، بۆئەوەی کە ئەو جۆرە جلوبەرگە نەفەوتێت و بۆ نەوەکانمان بمێنێتەوە، چونکە بەڕاستی جلوبەرگی کوردی جلوبەرگێکی جوان و ناکرێت فەرامۆش بکرێت".
خاوەن بەرگدرووەکانی ئافرەتان نایشارنەوە رۆژانە بەدەیان پارچە قوماشی کوردی لای ئەوان ساغ دەبێتەوە و کچان دەیکڕن و چەندین جۆرە لە جلوبەرگی کوردی لای ئەوان پێ دروست دەکەن، ئەمەش خۆشحاڵی لای بەرگدرووەکانی ئافرەتان دروستکردووە و چەندین دووکانی دوورینی جلوبەرگی ئافرەتان بۆ ئەو مەبەستە کراونەتەوە، بەرگدرووەکانیش دەڵێن:" دوورینی جلوبەرگی کوردی قورسترە و وردەکاری زیاتری دەوێت لەجلوبەرگی دەرەوە".
جوان محەمەد خاوەن بەرگدرووی جوان لەهەولێر دڵ خۆشە بە بایەخدانی کچان بە جلوبەرگی کوری و پێشی وایە دەبوایە بەرنامەی تایبەت لە تیڤییەکانەوە هەبوایە بۆ دروستکردن و نمایش کردنی جلی و بەرگی کوردی، چونکە نەوەکانی ئێستا بیریان بەلای جلوبەرگی کوردی نەماوەو نازان جلی کوردی هەیە یاخود نا.
جوان وتی:" کێشە لەوەدایە ئێمە بایەخ بەو جلە جوانە نادەین، کە خۆمان هەمانە، وڵاتانی دەرەوەیش حەزێکی زۆریان بە جلی ئێمە هەیە، بەڵام چییە ئەوان وەک ئێمە جلی خۆیان فڕێ نادەن، ئێمە هەر جلی خۆمان لەبەر ناکەین و فەرامۆشمان کردووە، لەکاتێکدا چەندین کەسیش هەن ئەو جۆرە جلوبەرگانە رەوانەی دەرەوە دەکەن".
کوڕانیش بەهەمان شێوەی کچان ڕوویان لەکڕینی جلوبەرگی کوردی کردووە بۆ دەوام و بازاڕو بۆنەکان، ئێستا لەبری جلوبەرگی بیانی ئەوان جل و بەرگی کوردی لەبەر دەکەن، وەک خۆیان دەڵێن:" پێویستە لەمەوداو جلی خۆمان لە بیرنەکەین".

## ئاراستەی سێیەم



سمکۆ عەبدولکەریم

### پەیکەرەکەی گادگرۆس و موساعەنتەر

کورد یەکێکە لە نەتەوە بەوەفاو ئەمەکدارەکان بەرامبەر بەهەموو ئەوانەی رۆژێک لە رۆژان ئاوڕیان لێداوەتەوە، یان لە رۆژە سەخت و ناهەموارەکاندا دەرگای خێریان بەڕوودا کردۆتەوە، زۆرجار ئەو وەفاو ئەمەکدارییەی کورد لە رووی سیاسییەوە لای هەندی کەس بە سادەیی و ساویلکەیی و تێنەگەیشتن لە سیاسەت لێکدراوەتەوە،
حەق وایە لە بەرامبەر هەموو ئەو شتانەشدا کورد دەست بەو ئەمەکدارییەوە بگرێت و تێکەڵ بە سیاسەتی نەکات، وەک ئەوەی کە تا ئێستا نەیکردووە، چونکە سەرەنجام ئەمە بۆ کورد هەر بە خێر دەگەڕێتەوە.
ئەگەر ئاوڕێکی خێرا بۆ ئەو رەوشتەی کورد بدەینەوە، ئەوە چەندین نمونەمان هەن کە ئەو راستییەی سەرەوەمان دەسەڵمێنن، ناونانی شەقامێک لە سلیمانی بە ناوی موعەمەر قەزافی سەرۆکی لیبیا،کە لە رۆژانی سەختی خەباتدا زمانی خێری بۆ کورد گەڕاوە، ناونانی شەقامێک لە هەولێر بە ناوی دانیال میتەران، کە ئەم خاتونە فەرەنسییەش جگە لە رووە سیاسییەکەیەوە لە رووی مرۆیشەوە هەمیشە پشت و پەنای کورد بووە، جەواهیری گەورە شاعیری عیراقی کە رۆژێ لە رۆژان شعرێکی بۆ مەزلوومیەتی کورد وتووە، ئەمە جگە لەو گووفتارە بەردەوامیانەی سەرکردایەتی کورد کە لە بۆنەکاندا هەمیشە ئاماژەی بۆ دەکەن و ستایشی هەموو ئەو وڵات و نەتەوە و کەسایەتییانە دەکەن کە رۆژێ لە رۆژان بە هەر شێوەیەک بووبێت هاوکارو خەمخۆری نەتەوەی کورد بوونە.
هەموو ئەو شێرو رێوییەم بۆ ئەوە هێنایەوە ئەوە وەبیر لایەنە پەیوەندارەکان بێنمەوە، کە ناکرێ لە کۆتاییدا ئەو هەموو جوانییە بکرێتە قوربانی چەند رەفتارێک کە لە گەڵ ئەو مێژووە پڕ وەفاو ئەمەکدارییەی کورددا یەک ناگرێتەوە، بەڕاستی کارێکی ناجوامێرانەیە یەکێ لەو رۆژنامەنووسە بیانیانەی لە کاتی راپەریندا هاوشانی پێشمەرگە خەریکی رۆمالکردنی بەرەکانی راپەڕینی رزگاری بوو، لەو پێناوەشدا گیانی سپاردو، لە سەر داخوازی دایکە جگەر سووتاوەکەشی کاک فریاد رواندزی ئەرکی دەروستکردنی پەیکەرێکی بۆ ئەو رۆژنامەنووسە و ئەو پێشمەرگەیەی لە گەڵیدا شەهید بوو گرتە ئەستۆ، کەچی ئێستا پەیکەری گادگرۆس-ی رۆژنامەنووس لە گۆڕەپانی شارەوانی هەولێر بێناز کەوتووە، حەق وایە سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان سۆراخێکی بکات، ئەگەر نەشتوانرێ لە شوێنێکی شایستەی هەولێر دابنرێ، پێم وایە سەندیکای رۆژنامەنووسان دەتوانێ لە بەردەمی بارەگاکەیدا داینێ، ئەگەرنا لقی کەرکوکی سەندیکای رۆژنامەنووسان دەتوانێ مشورێکی بخوات و هەوڵ بدات ئەو پەیکەرە بباتەوە کەرکوک و لەوێ دابنرێ، لەبەر ئەوەی لە کاتی رزگارکردنی کەرکوک و لە سنوری پارێزگای کەرکوکیشدا گیانی لەدەستدا، هەر بەم بۆنەیەو پێم باشە ئەوەش وەبیر سەندیکای رۆژنامەنووسان بێنمەوە کە رۆژێک لە رۆژان پەیکەری رۆژنامەنووسێکی دیکەش لە هەولێر هەبوو بە ناوی موسا عەنتەر، بەڵام کەس نازانێ ئەو پەیکەرەش ئێستا لەچ کونجێک کەوتووە.

# د. کەمال مەزهەر بەشداری لە کۆنفرانسی برۆکسل کرد



د. کەمال مەزهەر

**بە بەشداری لێکۆڵەر و مامۆستایانی زانکۆ و پسپۆڕانی چەندین وڵات، لە برۆکسلی پایتەختی بەلجیکا کۆنفرانسێک لەمەڕ مادەی ١٤٠ و کێشەی کەرکووک بەڕێوەچوو، د. کەمال مەزهەر وەکو لێکۆڵەرێکی کورد لەو کۆنفرانسە بەشدار بوو و لێکۆڵینەوەیەکی پێشکەشی ئامادەبووان کرد، لە دەرفەتێکدا بۆ بەدرخان باسی لە بەشداریکردنی لەو کۆنفرانسە کرد..**

### ئا: حەمید بەدرخان

*** بە بڕوای تۆ مەبەست لە سازکردنی ئەو کۆنفرانسە چی بوو؟**

- ئەو کۆنفڕانسە کە لەبەردەم پەرلەمانی ئەوروپیدا سازکرا، بۆ پرسی کورد و بە تایبەتی بۆ مادەی ١٤٠ی دەستوور بەلای منەوە شتێکی زۆر گەورەبوو، هەرچەندە چوونەکەی ئێمە زۆر زەحمەت بوو، لەڕووی تەندروستییەوە لەسەرمان زۆر کەوت، چونکە ماوەی هەفتەیەک لەوێماینەوە، بەڵام زۆر بەختەوەر بووم کە یەکەم کەس داوایان لەمن کرد بە عەرەبی بدوێم دەربارەی پرسی کورد، چونکە لەوێ وەرگێڕانی لەگەڵ کردو گوتم هەموو لایەکمان کەوتووینەتە هەڵەوە، بەڵام ئەوەی تورکمان لەگەڵ کورد کۆدەکاتەوە گەلێک زیاترە وەک لەوەی لێکیان جیا دەکاتەوەو کتێبەکەی خۆشم راستەوخۆ هەبوو، ئەوەی راستیش بێ قسەکانی من لای هەمووان پەسند بوو، تەنها برادەرێکی تورکمانی نەبێ، کە لەوێ بوو زۆر بە توندڕەوی قسەی کرد و وەڵامی دامەوە، تەنانەت من ناوی شەمسەدین سامیم هێناو ئەو کە لە "قاموس الاعلام"دا زۆر باسی کوردایەتی کەرکووکی کردووە و چۆن کەرکووک پایتەختی ویلایەتی شارەزوور بووە لە رۆژگاری عوسمانییەکاندا، ئەو شتانەی هەموو باس کردووە.

*** ئەو باسەی تۆ پێشکەشت کرد دەربارەی چی بوو؟**

- بابەتەکەی من لەسەر پرسی کەرکووک و کتێبەکەم "کرکوک وتوابعها" بوو، ئینجا برادەرە تورکمانەکە زۆر بەوە هەڵچوو، ئەو گوتی شەمسەدین سامی ئەلبانیە، تورک نییە، منیش وەڵامم دایەوە و گوتم زانایەکی وا گەورە عەرەب بێ یا کورد بێ یا هەر شتێکی دیکە بێ، چ لە حەقیقەتەکە دەگۆڕێ، چونکە زانا هەر بە زانایی دەمێنێتەوەو ئەو قسانەی ئەو نووسیونی یەکجار یەکجار دەگمەنن، لە دواییشدا چووم بۆ لای ئەو برادەرە تورکمانە و تەعاروف دانەیەکم بە دیاری پێیدا، هەروەها لە کۆنفرانسەکەشدا مەلا بەختیاریش قسەی کرد، لە پێشدا بە کوردی قسەی کردو قسەکانی ئەویش رێکوپێک بوو، پێموایە وروژاندنی پرسی کورد لەبەردەم پەرلەمانی ئەوروپیدا بۆ خۆی هەنگاوێکی یەکجار گەورەیە.

*** دکتۆر لەو کۆنفرانسەدا باسی بەعسییەکان کراوە، بەڵام تۆ ئاماژەت بە ئینسکلۆپیدیای هەولێر و بابەتێکی "د. وریا عومەر ئەمین" کردووە، ئەوە چۆن بوو؟**

- بەڵێ من زوو زوو پەنا دەبەمە بەر ئینسکلۆپیدیای هەولێر، بە تایبەتی ئەوەی لەوێ من بۆم باسکردن، کە چۆن دکتۆر وریا باسی ئەوەی کردووە کە دەوروبەری ١٠٠٠ کەری کوردی بەند کراون لەسەر ئەوەی موخابەراتی سەدام حوسێن زانیویەتی کە ئەوانە ئازووقەو چەک بۆ پێشمەرگەکان دەبەن، ئینجا پێمگوتن باوەڕناکەم هیتلەر بە هەموو سەرکەشی خۆیەوەو مۆسۆلینی بە هەموو زۆڵێتی خۆیەوە بیریان بۆ شتێکی وەها چووبێ، ئێوە لە گۆشەنیگای ئەو راستیەوە دەتوانن بزانن کە رژێمی سەدام حوسێن چۆن بووە لەگەڵ پرسی کورددا.

*** لە پاریس کۆنفرانسێک لەسەر پرسی کەرکووک سازکراوە، کەچی تۆ ئاگادار نەکرایەوە، بۆ؟**

- زۆر پێم سەیرە، چونکە گوایە ئەو کۆنفڕانسە تەرخان کراوە بۆ پرسی کورد و گوایە کەنداڵ نەزان سەرپەرشتی بکاو ئەو کەسانەی بانگ کردووە، پێموایە کەنداڵ نەزان زۆر ئاگادارە کە من چیم کردووە لەسەر پرسی کورد و بەیەکەوە لە پاریس بووین و لەبەردەم پەرلەمانی پاریسدا ئەو بابەتەم وروژاند و پێموایە لەبەردەم پەرلەمانی پاریسدا سیمینارێکی تێروتەسەلم دەربارەی پرسی کەرکووک پێشکەش کرد.



دیمەنێک لە کۆنفرانسەکە

**زوو زوو پەنا دەبەمە بەر ئینسکلۆپیدیای هەولێر، بە تایبەتی ئەوەی لەوێ من بۆم باسکردن، کە چۆن دکتۆر وریا باسی ئەوەی کردووە کە دەوروبەری ١٠٠٠ کەری کوردی بەند کراون لەسەر ئەوەی موخابەراتی سەدام حوسێن زانیویەتی کە ئەوانە ئازووقەو چەک بۆ پێشمەرگەکان دەبەن**

## بەیادی جاران

**لە ئەرشیفی:**
**د. محەمەد عەبدوڵڵا کاکەسوور**

کەسایەتی شاری هەولێر "زەید ئەحمەد عوسمان" لە بەڵگەنامەیەکی فەرمیدا، نمرەکانی پۆلی یەکەم و دووەمی سەرەتایی بڵاودەکەینەوە:

ناو: زەید
ناوو نازناوی باوکی: ئەحمەد ئەفەندی
گەڕەک: تەکیە
شوێنی لەدایکبوونی: هەولێر
رەگەزنامەی: کورد
سەر بە: عێراق
ئاینی: موسڵمان
مێژووی لەدایکبوون: ١٩٢٣
پیشەی باوک: موڵکدار و پیاوماقوڵ لە ئەنجومەنی پیاوماقوڵان "مجلس الاعیان"



زەید ئەحمەد عوسمان



## بۆ مێژوو



**ئا: رزگار سەید کاکەڕەش - ئەڵمانیا**

- ئەم وێنەیەی مەلا فەندی لەگەڵ هەردوو کوڕەکەی عیزەددین و قاسم
- لە ساڵی ١٩٣١ لە هەولێر لە قەسری باداوان گیراوە.
- لە راستەوە: عیزەددینی مەلا فەندی، مەلا فەندی، قاسمی مەلا فەندی

# کەرکوک و دەوروبەرەکەی، حوکمی مێژوو و ویژدان

## توێژینەوەیەکی بەڵگەنامەییە لە بارەی دۆزی کورد لە عێراقدا

**نووسینی د. کەمال مەزهەر**
**و: ستار باقی کەریم**
**پێداچوونـەوە: عەبدولڕەحمان مەعروف**



هەروەکو لە گەواهیە فەرمییەکانی عێراقیدا هاتووە، ئەوە سەرچاوە زانستییەکانی عێراقی دەچنەوە سەر هەمان بۆچوون لە بارەی ڕەچەڵەکی تورکمان لە عێراق و ناوچەکانی کە تیایدا دەژین (٢٢١)، ئەمەو ئەوانەش "لە سەردەمی سەلجوقییەکان و عوسمانییەکاندا بە شێوە پلانێکی سەربازی لەو ناوەندانەی کە خاڵی بەیەکگەیشتنی کورد و عەرەب بوون هاتنە خوارەوە و پاشان ئەو ناوەندانە گەشەیان سەند و بوونە شاری گەورەی وەکو لە ژمارە ٧٩ی ٢٠٠٧/٣/٢٢ بڵاوکراوەتەوە تەلەعفەر، گوێڕ، مەخمور، ئاڵتون کۆپری، داقوق، توزخورماتوو، خانەقین، مەندەلی و جیزانی، ئەمەو زمانە تورکمانییەکەشیان نوێنەرایەتی دەسەڵاتی فەرمانڕەوایەتی سەردەمێکی نزیکی دەکرد" (٢٢٢).

لە سایەی عوسمانییەکاندا بوونی تورکمان و دەسەڵاتیان لە کەرکوک و دەوروبەرەکەی پتەو بوو، " نەخاسمە دوای ئەوەی بە شێوەیەکی ڕەسمی چەسپاو بە پێی یەکەم ڕێککەوتنەکانی سنووری نێوان هەردوو دەوڵەتی عوسمانی و سەفەوی، ئەوە خرانە سەرموڵکەکانی عوسمانی، کە بە ڕێککەوتننامەی (ئەماسی) نێوان هەردوولا لە ڕێکەوتی ٢٩ی ئایاری ١٥٥٥ مۆرکرا دەستپێکرد"(٢٢٣).

ئەوەی کە ئامانجدارە ئەو ئاماژە ڕاشکاوانەیە، کە لە بەڵگەنامە فەرمییەکانی عوسمانی لە بارەی ململانێی لەگەڵ ئێران لە سەر سنوور، کە تایبەت بە پارێزگاکانی " شارەزوور وکەرکووک، ڕواندز، ئامێدی، هەکاری و وان و بایەزید" هاتوون، کە تیایدا تا ساڵانێکی درەنگ وەک ساڵی ١٩٠٨ ئەوانە بە ناوچەی کوردەکان وەسف دەکات" (٢٢٤). لە کەرکوک عوسمانییەکان لە سەردەمێکی زوویی داگیرکاریاندا بە هێشتنەوەی یەکەیەکی سەربازی (ئەنکشارییەکان) پارێزگاریان لە بوونی خۆیان کرد، ئەوەش بۆ ئەوەی بەم شێوەیە ئەو بایەخەی لە سەردەمی پێش ئیسلام هەیبوو بیگەڕێننەوە، چونکە "وا دەزانرا ئەوەیان قەڵایەکە بە ڕووی ئەو دوژمنەی کە لە ڕۆژهەڵاتەوە لە ئێرانەوە دێت " (٢٢٥).

لەگەڵ تێپەڕبوونی کات بوونی سەربازە عوسمانییەکان پەتوتربوو، ئەوەش بە هۆی پێویستی زیاتری پارێزگاریکردن لە ڕێگەی بازرگانی ئەنازۆڵ بۆ قووڵایی عێراق و بەرپەرچدانەوەی خێڵە کوردییەکان، نەخاسمە هەمەوەندەکان، کە ببوونە مەترسییەکی هەقیقی بۆ سەر کەرکوک و دەوروبەرەکەی، تا کۆتاییەکانی سەردەمی عوسمانی کەرکوک پارێزگاری لەم پێگەیەی خۆی کرد، کاتێ کە سەربازەکان بۆ سەرکوتکردنی یاخیبوان لە (باب العالی) لەوپەڕی کوردستانەوە لێوەی دەردەچوون (٢٢٦).ماوەیەک بەر لە جەنگی جیهانی، عوسمانییەکان فێرگەیەکی سەربازیان لە کەرکوک و دەوروبەرەکەی کردەوە، پێش ئەم ڕێکەوتەش کرابووە "وڵاتێک و فەرمانبەرانی مەدەنی و جەندرمەی جێ متمانەی بۆ حکومەتی عوسمانی ئامادە دەکرد "لەو سەردەمدا، لە نێو تورکمانەکان کەسانی خاوەن "پایەی گرنگ لە سوپا و ئیدارە و هەروەها خەڵکانێکی کاریگەر لە تورکمان بە گرێدراوی زەوی کشتوکاڵی دەرکەوتن، (باب العالی)ش "پارچە زەوی گەورە و" (٢٢٧)زۆری بەهەندێکیان بەخشی.

جا بە حوکمی ئەم هۆکارانە و ئیتریشەوە، ئەریستۆکراتییەتی تورکمانی دەرکەوت، بە تایبەت لە نێو کەرکووک خۆی، کە خودانی دەسەڵاتی سیاسی و ئابووری و کلتووریکی گەورەبوون، کە تا ئەندازەیەکی زۆریش لەگەڵ گرتنەدەستی دەسەڵات لەلایەن ئیتیحادییەکان لە میانی شۆڕشەکەی ساڵی ١٩٠٨یان ئەوەیان پتەو تربوو .لەم بارەشەوە تایبەتمەند یک دەڵێ :" ئیتیحادییەکان سیاسەتی لەمەوبەری عوسمانییەکانیان گرتە بەر و ژیرانە ڕۆحی نەتەوەییان لەلای تورکمانەکانی عێراق وەسەر خست و ژمارەیەک لە لقەکانی کۆمەڵەی ئیتیحاد و تەرەقیان لە ناوچەکانیان کردەوەو کەسانێکیشیان تیادا دامەزراند و خوێندکارە تورکمانەکانیان لە قوتابخانەکانی ئەستەمبوڵ وەرگرت و هانیان دەدان تاوەکو سەفەری ئەوێندەر بکەن "(٢٢٨).

لە سەردەمی عوسمانییەکاندا ئەم کارانە شوێن پەنجەی بە هێزیان لەسەر جۆرەها لایەنی ژیان لە کەرکوک و دەوروبەرەکەی بە جێهێشت، تەنانەت خانەوادە بە ناوبانگەکانی کوردیش یا بەشێک لەوانە شوناسنامەی نەتەوەیی خۆیان گۆڕی، لەوانە خانەوادەی (یەعقوبی) (آل یعقوب زادە)ی بە ناوبانگ، کە دەگەڕێنەوە سەر خێڵی زەنگەنەی کورد " (٢٢٩).لە بەرانبەردا یەعقوبییەکانی هەولێر شوناسنامەی ڕەسەنی نەتەوەیی خۆیان پاراست. یەعقوبییەکانی کەرکوکیش لە موڵکدارە دیارەکانی ناوچەکە بوون، ئەوەشیان دەسەڵاتێکی زۆری پێدابوون. ئەم دیاردەیە تەنها بە کەرکوک نەوەستا، مێژەر مللنجن ئەفسەری بەریتانی لە سوپای عوسمانی لە نیوەی دووەمی سەدەی ١٩ ئەوەی تێبینی کرد، کە چۆن زۆرێک لە کوردەکانی ئەرزەڕۆم لە پێناوی نزیک بوونەوە لە دەوڵەت و وەدەستهێنانی دەستکەوت ناسنامەی نەتەوەییان گۆڕی.

دەرهاویشتەکانی کلتووری تورکی ئەوەی تێپەڕاند و زمانی تورکی بە هۆی ئەوەی زمانی دەسەڵات و فێربوون بوو، ئەوە بە شێوەیەکی بەربڵاو لە کەرکوک و دەوروبەرەکەی تەشەنەی کرد، بەتایبەت کە عوسمانییەکان لە کەرکوک پتر لە چاو هەر شارێکی دیکەی عێراق لەبواری خوێندن و فێربوونەوە بایەخیان پێیدەدا، بۆ نموونە، ئەوانە لە کاتێکی زووی وەک ساڵی ١٨٧١ قوتابخانەیەکی (پیشەگەر)یان دامەزراند، ئەوەشیان یەکێک بوو لەو سێ هاوشێوەی تری کە لەهەموو عێراق هەبوو، هەر ئەوانیش لە ساڵی ١٩١٠ یەکەم قوتابخانەی سوڵتانی عێراقیان دامەزراند (٢٣٠) و دوای تێپەڕبوونی پتر لە سێ ساڵ و لە کانوونی یەکەمی ١٩١٣ دووەم قوتابخانەیان لە بەغدا کردەوە. لە دەستپێکی"ساڵی ١٩١٤ هەوڵەکانی والی موسڵ لە گۆڕینی قوتابخانەی ئامادەیی ئەوێندەریشی بۆ قوتابخانەیەکی سوڵتان سەرکەوتنی بەدەست نەهێنا " لە سەراپای قوتابخانەکان و ئەوانی دیکەشدا زمانی خوێندن تورکی بوو، تەنانەت زمانی عەرەبیشیان لە قوتابخانە عێراقییەکان بە زمانی تورکی دەخوێند و لەلایەن مامۆستا تورکەکانیشەوە دەوترانەوە، تێکڕای ئەو کاتژمێرانەی لە هەفتەیەکدا لە قوتابخانەکانی ڕوشدیە و ئامادەیی کە بۆ زمانی تورکی تەرخان کرابوو، بیست و دوو کاتژمێر بوو، واتە دووجای ئەو کاتژمێرانەی کە بۆ عەرەبی تەرخان کرابوون، ئەوەشیان بەو سیفەتەی عەرەبی زمانی ئایین و قورئانە "(٢٣١).

لەم چوارچێوەیەشدا ڕۆژنامەو نووسراوە ئەدەبییە تورکییەکان ڕۆڵێکی بەرجەستەکراویان بینی. هەروەکو زانراویشە، زۆربەی ڕۆژنامە عێراقییەکان بە زمانی تورکی یاخود تورکی و عەرەبی یا تورکی و کوردی بەیەکەوە دەردەچوون، هەروەها ڕۆژنامەکانی ئەستانبول لەنێو ڕۆشنبیرانی کورد و تورکمان جا چ لە کەرکوک یا ناوچەکانی دیکە لە برەودا بوون. هەمان بۆچوونیش دەسەپێتەسەر بەرهەمەکانی بەناوبانگترین ڕۆشنبیرانی نوێی تورک، وەک نامیق کەمال، کە دیارترین شاعیرانی کورد پێیەوە کاریگەر بوون، لەوانەش شێخ ڕەزای تاڵەبانی، کە لە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆدابوو لەگەڵی و هەرخۆی و ئەدیبە بەناوبانگەکانی کورد لەم بوارەدا بە هەردوو زمانی کوردی و تورکی داهێنانیان پێشکەش دەکرد، بۆ ئەوەشیان لە بەشێکی تری ئەم توێژینەوەمان بە درێژی دێینە سەری.

کەواتە سەیر نییە، کە زمانی تورکی لەسەر ئاستێکی فرەوان بوو بە زمانی ڕۆشنبیری و قسەکردن، ئەوەش نەک هەر لەنێوان تورکمانانی کەرکووک و دەوروبەرەکەی، بەڵکو لەنێوان کورد و عەرەب و خەڵکانی دیکەش، بێ ئەوەی کاربکاتە سەر واقیعی نەتەوەییان. هەروەکو کریمرز جەخت دەکاتەوە، کە تەنها یەهودییەکان پێش جەنگی یەکەمی جیهانی لە کەرکوک بە زمانی عەرەبی قسەیان کردووە. لە بەرانبەردا، مەسیحییەکان کە ژمارەیان بە ٣٥٠ خانەوادە مەزەندە دەکرا بە زمانی " تورکی دەدوان و بە پیتی سریانیش دەیاننووسی " (٢٣٢).

هەروەها ئەو دیاردەیە بەرەو دەوروبەری کەرکوکیش هەڵکشا، گەڕیدەکانیش ئەوەیان تێبینی کردووە، کە "زمانی خەڵکی توزخورماتوو کوردی و تورکی بووە" (٢٣٣) . گۆڤارێکی عێراقی زانستی هاوچەرخ لە بارەی عەرەبەکانی ( زین العابدین )، ئەم تێبینییەی خوارەوەی تۆمار کردووە:-

"مەزارگەی ئیمام زەین ئەلعابدین کوڕی عەلی کوڕی حوسێن کوڕی عەلی، بەسێ قووبەوە لەسەر پاشماوەی گردۆڵکەیەکی بەرزی باکوری ڕۆژهەڵاتی شارۆچکەی داقووق دروستکراوەو بە دووری ٦کم ناوەڕاستی دێیەک دەگرێتەوە، کە بە ناوی ئەو ناودێرەو زۆرینەی دانیشتوانەکەی عەرەبن، بەڵام زمانی باوی نێوانیان ئەوە زمانی تورکییە " (٢٣٤).

لەلایەن خۆشیانەوە تورکمان لە چوارچێوەی کارتێکردن و کاریگەربوونێکی بێ زۆرەملێ، ئەوا بە عەرەب و کوردی ناوچەکە کاریگەر بوونە . لەمبارەوەش ئەوەی تەها هاشمی بۆ ئەو مەبەستە وتویەتی دەهێنینەوە:

" گومانی ناوێ ئەو تورکمانانە پارێزگاریان لە خوڕەوشتە ڕەسەنە تورکییەکەیان نەکرد، بەڵکو لە تورکەکانی ئەنازۆڵ جیاواز بوون، چونکە تێکەڵی کورد و عەرەب بوون "(٢٣٥) . هەروەک فەیسەڵ محەمەد الارحیم لە بارەی زمانەکەیانەوە دەڵێ:" زۆر لە بنەچەکەیان دوور کەوتنەوەو، وشەی کوردی و عەرەبی تێکەڵبوو"(٢٣٦).

وەک لە بەشی پێشوودا ئاماژەمان بە درێژەکەیدا، ئەوا سەرچاوەکان لەبارەی دیاریکردنی ژمارەی تورکمان لە عێراق تا پێش ئاماری ساڵی ١٩٥٧ ناچوون یەکن. دەشێ بەهۆی فرە بەربڵاوی زمانەکەیانەوە بێت، کە ڕۆشنبیرە تورکمانەکان لە مەزەندە کردنیان زێدەڕۆییان دەکرد، لە کاتێکیشدا ئەوانی دیکەیان باسیان لە ژمارەیەک دەکرد، کە لە ڕاستیدا زۆر کەمتر بوو، ئەمەو پاش تێپەڕبوونی دەیان ساڵ، گەڕانەوە سەر هەمان ئەو (٦٠) هەزارەی کە حکومەتی بەریتانی لە ساڵی ١٩٣١ و لە دوایین ڕاپۆرتی لەبارەی چۆنیەتی بەڕێوەچوونی عێراق پێشکەش بە کۆمەڵی نەتەوەکانی کردبوو، ئەوەش ئەو ژمارەیەیە، کە تەها هاشمی لە ساڵی ١٩٣٠ ڕایگەیاند بوو، بەڵکو هەندێکیان لە ساڵی ١٩٧٥ ژمارەیەکی لەوە کەمتر بەتەنیا (٣٨٨٢) باسکرد، ئەوەش بە پشت بەستن بە سەرچاوەیێک، کە ڕێکەوتی چاپکردنەکەی بۆ ساڵی ١٩٣٦ دەگەڕێتەوە (٢٣٩) .بەمەش سەرچاوە ڕۆژئاواییەکانیش کەوتنە هەمان هەڵەوە، لەوانەش ئەو پەرتووکەی کە لێژنەیەکی تایبەت لە وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا لە دوای جەنگی دووەمی جیهانی لە بارەی بارودۆخی عێراق دایڕنابوو، تیایدا ژمارەی دانیشتوانی تورکمانی بە کەمتر لە (٣٠) هەزار کەس خەمڵاند بوو (٢٤٠) .

دکتۆر عەبدولڕەحمان ئەلجەلیلی، ناوچەی نیشتەجێبوونی تورکمانەکانی لە عێراقی هاوچەرخ بەم شێوەیەی خوارەوە دیاری کرد:

"لێرەدا لە شوێنە نزیک لە یەکەکان، ئەگەر بەتەک یەکەوە دراوسێ نەبن، ئەوا کەمینە تورکمانەکان لە کۆڵانێکی درێژی بەرتەسکدا نیشتەجێن، کە لە ڕۆژئاوای موسڵ بەرەو هەولێر و باکوور و پاشان بەرەو کەرکووک درێژدەبێتەوە، بەردەوام دەبێ تا ئەو کاتەی دەگاتە نزیک بەغدا، زۆرینەشی لە پاشماوەی سوپا داگیرکەرەکەی تورک بوون بۆ عێراق، کە لەچەندین شوێنی جیادا سەربازگەکانیان جێهێشت و بە دەوروبەر تێکەڵ بوون و پارێزگاریان لە هەندێک لە کۆڵەگەکانی کرد. لە هەمان کاتیشدا داب و نەریتی ژینگەی نوێیان وەرگرت، هەروەها لە شارە گەورەکانیشدا ژمارەیەک کە ناکرێ فەرامۆش بکرێن لەوانەی بە ڕەچەڵەک پەیوەندیان بە تورکەکانەوە هەبوو هەن" (٢٤١) .

بەر لەوەی کۆتایی بەم بەشە بهێنین وا پێویست دەکات ئاماژە بۆ ئەوە بکەین، کە لە کەرکووک و دەوروبەرەکەی بێت یاخود لە ناوچەکانی دیکەوە، ئەوا باشترین پەیوەندی کورد و تورکمان بە یەکەوە گرێ دەدات(٢٤٢).

ئەو کارەش چاودێرە بیانییەکان تێبینیان کرد و بە شێوەیەکی تایبەتیش لە نووسراوەکانیان ئاماژەیان پێداوە. لەم بارەیەشەوە موقەدەم شێخ عەبدولواحید دەڵێ: "بەهۆی زۆر تێکەڵی نێوانیان و ئەو سیاسەتە ژیرانەی کە سوڵتانەکان گرتیانە بەر، ئەویش بە پێدانی ئۆتۆنۆمی تەواو بە کوردەکان، ئەوا پتەوترین پەیوەندی لە نێوان هەردوو گەلی کورد و تورک دروست بوو. لە گرنگترینیشیان ئەو دەرەنجامەی کە لە پێدانی سەربەخۆیی تەواو بۆ کوردەکان لە چوارچێوەی ئیمپراتۆریەتی عوسمانییەکان کەوتەوە، (٢٤٣).

پاشان بە حوکمی فاکتەرە دروستکراوەکان، کە هەر یەکێک بە پلەیەکی جیاواز تۆوی دروستکردن و وروژاندنی بە شێوەیەک یا یەکێکی تر هەڵگرتبوو ئەوا هەرەتی ئەم پەیوەندییە لە بارچوو، لەوەشیاندا لە ڕووی زنجیرەی زەمەنییەوە و لە چوارچێوەی مێژووی هاوچەرخەوە بەریتانییەکان سەرقافڵەی ئەم لەبارچوونە بوون.

**بەشی پانزدەهەم**

**تێبینی: ئەم کتێبە پێشتر بەشی ١٤ی لە ژمارە (٧٩)ی ٢٠٠٧/٣/٢٢ لە هەفتەنامەی بەدرخان بڵاوکراوەتەوە، کە دوا بەش بووە.**













---

## قەڵەم



**حەسەن یاسین**

### هەرێمی کوردستان و سەرهەڵدانەوەی باندە تیرۆریستییەکان

تیرۆر پڕ لە مەترسییە و مەترسییەکەشی تەنیا بۆ ڕۆژێک و دووان نییە و بڕەوێتەوە، ئەمە جگە لەوەی مەترسییەکەی هەر بریتی نییە لەو وێرانکارییەی لە ئەنجامی ئەنجامدانی کاری تێکدەرانە و تەقاندنەوەوە لەسەر مرۆڤەکان و ژینگەش بەجێی دەهێڵێت، بەڵکو دەبێ هەمووومان زۆر وریای ئەو کاریگەرییە مەترسیدارە بین کە تیرۆریستان لەڕووی فیکرییەوە هەوڵدەدەن لەسەر مێشک و زەینی مرۆڤەکانی نێو کۆمەڵگە بەجێی بهێڵن .

کاریگەریی فیکریی تیرۆر لەسەر کۆمەڵ زۆر لەکاریگەریی کاری تێکدەرانە و تەقاندنەوە زیاترە و وەنەبێ هەر زیان لەبەشێک لە مرۆڤەکانی کۆمەڵ بدات و بۆ ماوەیەکی کاتی و دیاریکراو بێت، بەڵکو کاریگەرییەکە هەم بەرفراوانترە و هەم درێژخایەنترە !

دەبێ ئەوەش بڵێین تیرۆر مەرج نییە هەر بەگروپە ئیسلامییە توندڕەوەکانەوە بەسترابێتەوە، بەڵکو گروپی تیرۆریستیی دیکەش هەن کە سەر بەئایدیۆلۆجیای دیکەی جیاوازن و چالاکییەکانیان دەچێتە خانەی تیرۆر و کاری تیرۆریستییەوە . هەروەها هەموو گروپە ئیسلامییە سیاسییەکان ناچنە خانەی تیرۆریستەکانەوە، بەڵکو ئەوە بەشێک لەئیسلامییە سیاسییە توندڕەوەکانن کە کار و کردەوەیان دەچێتە خانەی تیرۆریستەکانەوە .

ئەم پێشەکییە بۆ ئەوەبوو باسی ئەو نوێبوونەوەیەی مەترسیی تیرۆر لەهەرێمی کوردستاندا بکەین کە ماوەیەکە سەریهەڵداوەتەوە، دوای چەند ساڵێک لە هێمنی و ئارامی کە تاڕادەیەک ئەوەی بە هەمووان نیشاندەدا، هەر هیچ نەبێت بەرواڵەت، کە مەترسیی تیرۆر لەم هەرێمەدا ڕووە و ڕەوینەوەیە !

بەڵام بەرانبەر بە تیرۆر و تیرۆریستان نابێت خۆشباوەڕ و سافیلکە بین و خەمساردی بنوێنین، بەڵکو لەم پانتاییە جوگرافییەی ئێمەی لێدەژین دەبێ هەمیشە مەترسیی پەیدابوونی تیرۆر هەم لە ناوخۆ و هەم لەدەوروبەرمانەوە لەبەرچاومان بێت، ئەگینا پێش ئەوەی فریا بکەوین زیانی گەورەمان بەردەکەوێت .

لەم ماوەیەدا بەهیممەتی دەزگای ئاسایش و دەزگای دژە تیرۆر لەسلێمانی ئەو باندە تیرۆریستییانەی دەستیان دابووە کاری ڕفاندن و پارە وەرگرتن لە کەسوکاری ڕفێندراوەکان و کوشتنیان، ئاشکراکران و گوررزی کاریگەریان لێوەشێندرا .

هیممەتی زوو بەزووی ئاسایش و دەزگای دژە تیرۆر دەیسەلمێنێ کە لەتوانایاندا هەیە فریای پاراستنی سەر و ماڵی هاووڵاتییان بکەون .

بەڵام دەبێ ئەوەشمان لەبەرچاوبێت کەهەردوو دەزگای ناوبراو لەسەریانبوو گوررزی پێش وەخت بوەشێنن و بەر لەوەی ئەو باندە تیرۆریستانە بکەونە جووڵە و چالاکی بنوێنن ئاشکرایان بکردبان، نەک بەو شێوەیەی ئێستا دوای ئەنجامدانی کردەوە ئینجا بکەونە هەوڵدان بۆ ئاشکراکردنیان، ئەگەرچی ئەمەشیان هەر باشترە لەوەی نەیانتوانیبایە هیچ بکەن !

ژمارە (١٤١) ئایاری ٢٠١٠/٥/٢٣ زایینی
جۆزەردانی ٢٧١٠ی کوردی

## ڕای پێش وەخت



دڵزار حەسەن

پێویستە ئەو پرسیارە لە خۆمان بکەین، ئاخۆ دوای هەر کارەساتێک ئێمە لە کوێندەرێی ڕووداوەکانداین؟! ئایە دوای تیرۆر و تۆقاندن و هەڕەشەکان، چەمکی مافی مرۆڤ و دیموکراسیەت و ئازادی چ مانایەکیان بۆ ئێمە هەیە؟ دەبێ هەڵوەستە لە سەر زۆر شت بکەین و خۆشمان وەڵامی خۆمان بدەینەوە، نابێ هێندە بێ ئاگابین و هیچ کارەساتێک کارمان تێنەکات. زەروورە دەسەڵات بیر لە وردکردنەوەی دەسەڵاتەکانی بکاتەوە و تێبگا لەوەی کە قۆناغی ستەمکاری ناتوانێ کێشەی مرۆڤ و کۆمەڵگەکان چارەسەربکات. بێگومان دەسەڵات لە کۆمەڵگەی بەربەریدا جگە لە بە کۆیلەکردنی تاکەکانی چیتر بەرهەم ناهێنێت، گەر لە کۆمەڵگەیەکی بەربەرییەوە نەگۆڕێین بۆ سەردەمێکی تازە، کە سیستەم ڕایەڵەی ڕێکخستنی ژیانمان بێت. ئەو کاتە نەک وڵات، بەڵکوماڵەکانیشمان پڕ دەبێت لە ترس. بێگومان ترسی جەهل و ئەقڵییەتی فیودال و دیوەخان و تەڵقینکراو، زۆر لە تیرۆر و مەترسییەکانی دیکە زیاترە بۆ سەر کۆمەڵگەکەمان. من نایشارمەوە دەسەڵات بە هۆکاری یەکەمی ئەو ڕەوشە خراپە دەزانم، بەڵام بە پلەی یەکەمین دەسەڵاتدارانی پایتەخت، چونکە ئەو حزبی حاکمە لە هەولێری پایتەخت. بێگومان لە دوای هەڵبژاردنەکانی ٢٠١٠/٣/٧ عێراقەوە کوردستان، بەتایبەتی شاری هەولێر. دوو ڕووداوی گرنگ و مەترسیداری بە خۆیەوە بینی. شەڕی نێوان مەلا و ئەدەب و ڕوناکبیران لەگەڵ تیرۆرکردنی خوێندکار و ڕۆژنامەنووس سەردەشت عوسمان، ئەم دوو ڕووداوە جگە لە هەر کەس و لایەنێکی دیکە لە دەرگای ماڵی دەسەڵاتیدا. ئەمەش هۆکاری خۆی هەبوو، گۆڤاری وێران لە هەولێر دەردەچێت و خاوەن ئیمتیازەکەشی دەزگای ئاراسە، کە سەر بەو حزبەیە، تیرۆرکردنی سەردەشتیش بە هەمان شێوە لەم شارە بووە. کەواتە دەسەڵاتی هەولێر لەبەردەم دوو قەیراندایە، قەیرانێک کە پەیوەندی بە ململانێی ئیسلامییەکان و دەسەڵاتەوە هەیە، کە لەم شەڕەدا ئیسلامییەکان زۆر ئاڵانە گۆڕەپانی شەڕەکەیان گواستەوە لای مەلا و مینبەری مزگەوتەکان، هەرچەندە دەسەڵات زۆر بە ئاسانی دەتوانێ شەڕە جۆرا و جۆرەکانی ئەوان بکات، بەڵام ئەمجارە نەیتوانی ئەمە بکات، چونکە مەلا و پیاوانی ئایینی تێدا بەشدارن و دەسەڵاتیش ئەمان بەبەشێک لە پێکهاتەی حزبی و بزووتنەوەکەی دەزانێت، بۆیە ئەم کێشەیان بە هەڵواسراوی جێهێشت و، مەلا و پیاوانی مزگەوتەکانیشی وەک دژە ئەدەب و ئازادی و ڕوناکبیران هێشتەوە. لەمەدا دەسەڵات ویستیان وابووە ئەم گرفتە بە دەرزی موسەکین چارەسەربکەن و بە باش بە خراپ لایەنگری گۆڤاری وێران و دەزگای ئاراسیان نەکرد. من ئەو ڕەوشتەی دەسەڵات بە مەترسی دەزانم بۆ سەر ئازادی، دەبوا دەسەڵات ئازایانە ڕووبەڕووی ئەو کێشەیە ببایەوە، چونکە ئەمجارە مەلا و پیاوانی ئایینی لە ماڵەکەی دەسەڵاتەوە، دژی ئازادی دەوەستنەوە. وەک نموونەی مەلاکان و هتد. کە زۆربەیان سەر بەدەسەڵاتن و سەرۆکی لیژنەی ئەوقافی پەرلەمانیشە، بینیشمان سیمنارێکی چەند سەقەتیان بەڕێوەبرد. بەمە دەسەڵات و مەلاکان، گۆڵێکی دیکەیان لە ئازادیکرد. ڕووداوی دووەم کە هاوکات بوو لەگەڵ پرسی ئازادی و کۆمەڵگەی کراوە، ڕێک بووە میوانێکی ناوەختە بۆ دەسەڵاتدارانی هەولێر. بێگومان ئەم میوانە دواجار بووە دیاردە و ئەوانی تووشی مەوقیفکرد. بۆ حزب و وەزارەتی ناوخۆ و ئاژانسی پاراستن، کە بەرپرسەکانیان سەر بە دەسەڵاتن، وایلێکردن ڕوونکردنەوە و بەیاننامە دەربکەن. من زۆر نیگەران نیم بە ڕوونکردنەوەکەی ئاشانسی پاراستن، بەڵام بەیاننامەکەی مەکتەبی سیاسی حزبی دەسەڵات زۆر لە کوشتنی سەردەشت عوسمان، بۆ سەر ئازادی ڕادەربڕین مەترسیدارترە. هەرچەندە ئەوان نایشارنەوە کە مەبەستیان کێیە و ئەو هەڕەشەیە لە کێ دەکەن، بەڵام لە زۆر حاڵەتدا هەڕەشەکە لە جیاتی ئەوانەی ئەوان مەبەستیانە بیتۆقێنن. بێگومان ڕاستەوخۆش تیرێکیشە بۆ خودی ئازادی، بۆیە لەم جۆرە لێدوانەدا پێویستە گوتاری هێورکەرەوە بەکار بهێندرێت، نەک بە پێچەوانەوە.

# محەمەد ئەمین زەکی بەگ



محەمەد ئەمین زەکی بەگ

**و: د. محەمەد کاکە سوور**

ئەو برا کوردانەمان کە بەشدارییان لە بیناکردنی گیانی دەوڵەتی عێراقی کرد ژمارەیان کەم نەبوو لەوانەیە خوالێخۆشبوو محەمەد ئەمین زەکی لە ڕووی ناوداری و ناسراوییەوە لە پێشەکی ئەوان دابێت.

لە ساڵی ١٨٨٠ لە یەکێک لە گەڕەکەکانی سلێمانی "گویژە" لە دایک بووە. لە خێزانێک کە دەمڕاستەکەی باوکی حاجی عەبدولرەحمان کوڕی مەحمود بووە، خوێندنی بەرایی لە قوتابخانەیەک دەست پێکردووە لە سلێمانی بەناوی "مدرسەی مەلا العزیز"قوتابیان تیایدا بابەتەکانییان بە زمانی فارسی دەخوێند، هەرکە خوێندنی تیایدا تەواوکرد، ساڵی ١٨٦٩ز ڕوویکردەوە بەغداد ئەوەبوو کە لە قوتابخانەی ئامادەیی سەربازی خوێندی، سێ ساڵی تیادا بردەسەر، دواتر ڕوویکردە ئەستانە بۆ تەواوکردنی خوێندنی سەربازی ئەوەبوو ساڵی ١٩٠٢ بە پلەی ڕئیس دەرچوو و وەزیفەی سەربازی جیاوازی پێدرا، لە ساڵی ١٩٠٧دەستی کرد بە نەخشەکێشانی نەخشەی ئەستانبوڵ و دەوروبەری و لە ساڵی١٩٠٨ بەسیفەتی ئەفسەرێکی تۆبۆگرافی. بە ئەندام دامەزرا لە لێژنەی نەخشەکان و دەستنیشان کردنی سنوور لە نێوان تورکیاو بولگاریا. جارێکی تر چووە ئەرکانی فرقەی پێنجەم لەبەرەی "جتالجە" ئەمەش لە ساڵی ١٩١٢ بوو. کە ڕەتێک ناردرایە فەڕەنسا بۆ خوێندنی هەندێ بابەتی سەربازی، جارێکیتر نێردرا بۆ ئەوەی ئەندامێک بێت لە لێژنەی سنووری ڕووسی، لە ساڵی ١٩١٤ سەفەری کرد بۆ "تفلیس" بۆ ئەوەی بەم ئەرکە هەڵبستێت. کەرەتێکی تر بەشداری کرد لە خولێکی خڕۆکەوانی سێ مانگی لە استفانوس کرد. هەرئەوەندە شەڕی یەکەمی جیهانی ڕاگەیاندرا تاکو بۆ ارەگای سوپای. شەش عوسمانی لە "سلمان پاک" بەپلەی بەڕێوەبەری حەرەکات ناردرا. بەشداری لەو شەڕانە کرد کەلە عێراقدا ڕوویان داو وەکو شەڕی "سلمان پاک" و "توت الامارە"، ئەوەندە لێزانی و ئازایەتی لەو شەڕانەدا پیشان دا وای لە حکومەتی عوسمانی کرد کە وەکو ڕێزلێنانێک و لە جەربەزەی نیشانەی ئازایەتی پێبدات.

کاتێک لە ئاداری ١٩١٧ بەغدا کەوتە دەست ئینگلیز وەکو ئەفسەرانی تر لەگەڵ سوپای عوسمانی کشایەوەو کرا بە یاریدەدەری سەرۆکی ئەرکانی سوپای حەفتەم لە ژێر سەرکردایەتی مستەفا کەمال. ماوەیەک لە هاتووچۆ بوو لە نێوان حەلەب و فەلەستین هەر ماوەیەک لە یەکێک لەم دوو جێگایەدا دەمایەوە، تاکو ئاگربەست بە دیارکەوت و گیانێکی نێو دەوڵەتی بۆ عێراق دەرکەوت لەگەڵ براکانی گەڕایەوە عێراق بۆ ئەوەی بنەمای دەوڵەتەکە ڕێک و بەهێز بکات.

لەسەرەتادا بوو بە مامۆستا لە قوتابخانەی سەربازی ئینجا بووە بەڕێوەبەری قوتابخانەکە. لە ساڵی ١٩٢٥ لە سوپا چووە دەرەوە و بە نوێنەری لیوای سلێمانی هەڵبژێردرا. لە ٢٤ی تشرینی دووەمی ١٩٢٦ بۆیەکەم جار وەکو وەزیری ئەشخال و هاتووچۆ دەست نیشان کرا، ئەمەش لەوەزارەتی دووەمی جەحفەر عەسکەری بوو، بوونە وەزیر لە وەزارەتەکان چەند بارەبووەوە جارێک لە وەزارەتی بەرگری و کەڕەتێک لە وەزارەتی ئەشخال و ماوەیەک بۆ وەزارەتی مەعارف، هەروەها لە ماوەی جیاوازدا نوێنەرایەتی گەلی کورد لە هەردوو ئەنجوومەنی نوێنەران و پیاو ماقولان دا.

ئارەزووی لێکۆڵینەوەکردنی زانستی بەسەر "ئەمین زەکی"دا زاڵ بوو، ڕووی کردە کتێب دانان، کتێبی زۆری نووسیوە لەوانە هەندێکیان سەربازین تیایدا لێکۆڵینەوەی کردووە لەسەر ئەو شەڕانەی لە عێراق ڕوویانداوە لە ڕووی تەیارکردن و ناردن و ڕەخنەو شیکردنەوەی بۆکردوون. لە وانەیە کتێبی "چۆن عێراقمان لەدەستدا" و کتێبی "بەغداو ڕووداوی دوا لەدەستدانی" لە گرنگترین کتێبەکانی بن کە لەکاتی خۆیدا لە نێوەندە سەربازییەکاندا دەنگدانەوەیەکی گەورەیان هەبوو.

تیایدا باسی ئەو پلانەی کردبوو کە سەرکردەی سوپایەکانی عوسمانی لە عێراق پیادەی کردبوو و هەڵە سەربازییە زەقەکانی پیشان دابوو کە ببووە هۆی لەدەست چوونی بەغدا. سیستەمی سەربازی ڕێگەی نەدەدا بەڕەخنە گرتنی لەخۆ سەرووتر، بەمەش "ئەمین زەکی" خرایە بەردەم ئەنجوومەنێکی تەمبێکردن و ئەوەندەی نەما تووشی سزای توندبێت، ئەگەر بەرگری کردنە گەرمەکەی نەبووایە لەخۆی و باوەڕ هێنانی سەرکردە فەرمانڕەواکان بەنیەت چاکی.

چالاکییەکانی هەر لە بواری زانستە سەربازییەکان نەوەستا، بەڵکو بۆ مێژوو هەڵکێشا بۆ پەردە هەڵماڵین لەسەر بنەچە یان ناودارانییان و بەشداری کردنییان لە بڵاوکردنەوەی شارستانییەتی ئیسلامی. چەندین کتێبی لەم ڕووەوە دانا گرنگترینییان "خولاسەیەکی تاریخی کوردو کوردستان" بە کوردی داینا و "محەمەد عەلی عەونی" وەرگێڕ لەدیوانی شا فوئاد لە میسر، وەرگێڕایە سەر زمانی عەرەبی، "ناودارانی کورد" "سانحە"ی کچی لە ساڵی ١٩٤٧ وەریگێڕایە سەر عەرەبی.

ئەم خووە زانستییە لە تێگەیشتن بۆ گیروگرفتەکان لەکاتی پۆست گرتنە دەستەکانی لێی جیانەبووەوە- لە کاتێکدا کە وەزیر بوو بە گیانێکی زانستیانە ڕوویدەکردە چارەسەرکردنی گیروگرفتەکانی وەزارەتەکەی بە شێوەیەکی ورد دوور لە سەرپێیانە لێکۆڵینەوەیەکی لە بارەیەوە دەکرد بۆ ئەوەی ئەو چارەسەرە زانستیانەی بۆ دابنێت کە قورسییەکانی دەستەمۆ بکات، لە نێوان ئیزبارەکۆنەکانی دا هەندێ ڕاپۆڕتی مەترسیدار هەیە کە تیایدا چارەسەری هەندێک کێشەی عێراقی کردووە، گرنگترینیان ڕاپۆڕتەکەی دەربارەی کێشەی تووتن و هاوینە هەوارەکانی عێراق، هەروەها ئەو بەنداوە ڕۆژهەڵاتییەی لە ساڵی ١٩٥٤ بەغدای لە مەترسی لافاو ڕزگارکرد چاکەی هەرەگەورە بۆ ئەو دەگەڕێتەوە لە ڕووی بنییات نانی و نۆژەنکردنەوەی و پتەوکردنی بەقیرو زفت.

سەرەڕای هۆگربوونی بە دانانی شیعر بە کوردی و فارسی و تورکی و چریکاندنی بۆ شانامەکە زۆر پێی سەرسام بوو ئەمەش لە سەردانکەرانی و برادەرەکانی نەدەشاردەوە، دەڵێم، سەرەڕای ئەمە هۆگربوو بە ئارەزووی نیگارکێشان ئەو ئارەزووەی هەر لە گەنجیەوە دەست ڕەنگینی خۆی تیایدا نیشانداوە. لە تۆمارکردنی دیمەنەسروشتییەکان لەسەر کاغەز لێهاتوو بوو ئەمەش زۆرجار لەو تابلۆیانەدا بەدیاردەکەوت بە فلچەکەی دەیکێشاو بە ڕەنگی زەیتی ڕەنگی دەکردن و بە دیواری ماڵەکەی هەڵدەواسین و بە هاوڕێکانی پیشان دەدا، ئەوانیش زەوقێکی بەرزو هونەرێکی باڵایان تیادا دەبینی.

لە ١٠ی تەمووزی ساڵی ١٩٤٨ لە سلێمانی مرد. لەوێ لە سەرگردێک بەناوی "سەیوان" نێژرا، کە دەڕوانێتە سەر شارەکە.

**سەرچاوە:**

**خیری أمین العمري، شخصیات عراقیة من العهد الملکي، الدار العربیة للموسوعات، الطبعة الاولی، ٢٠٠٨.**







# دەمەتەقێی خەیاڵی و فانتازی

**محەمەد شینە**

بە پێی هەواڵێکی ڕۆژنامەوانی کە دەقەکەی بەمجۆرەیە، کۆمیسێری ئیتالیی پسپۆڕ لەوە گەیشت، کە مەعسومی نەژاد یەکێکە لە پیاوانی وەزارەتی ئیتلاعاتی ڕژێمی ئێران و چەک بۆ ڕژێمی ئێران قاچاخ دەکات و لە هەمانکاتدا لە ژێر پۆششی کاری ڕۆژنامەنووسیدا، دژ بە ئۆپۆزیسیۆن لە ئیتالیا کاری سیخوڕی دەکات.

هەتاکو ئێرە هەموو شتێکی ئاساییە و گومان هەڵناگرێت. وەلێ ئەوەی بە نائاسایی دێتە بەرچاو، پەیوەندیکردنیەتی بە ڕۆژنامەنووسانی ئیتاڵییەوە بۆ ئەوەی بە وەرگرتنی «بەرتیل» ڕاپۆرت و بابەتی پوزێتیڤانە بۆ کاربەدەستانی ڕژێمی ئێران بنووسن و بۆ ئەم کارەش، وادەی «ویزا»یان پێدەدات بۆ ئەوەی بتوانن سەردانی ئێران بکەن و دیداری ڕۆژنامەوانی لەگەڵ سەرکردەکانی ڕژێمی مەلاکان ساز بکەن.

دەربارەی ئەم نومایشکردنە گاڵتەجاڕانەیە، وردەکاریی زیاترمان لا نییە و نازانین کە ئایا مەعسومی نەژاد، هەژار و بەدبەخت و قوربانیی ئەم پیلانەیە یان ڕۆژنامەنووسانی ئیتالی، هەژارن و بوونەتە قوربانیی ئەم پیلانە کە بە بێ مەبەست، وەڵامی پوزێتیڤانەیان بەم پێشنیازانە داوەتەوە؟!

ئەم ڕۆژنامەنووسانە دەیانتوانی لە بابەت و ڕاپۆرتەکانیاندا باسی چ بکەن؟ چۆناوچۆن؟ ئەویش دەربارەی ڕژێمێکی کۆنەپەرستی فاشی، کە بە سەرکوت و تیرۆری دڕندانە، سەرجەم بایەخ و پرەنسیبە مرۆییەکانی خستووەتە ژێر پێ. ڕژێمێک کە بە هەر پێوەرێک سەیری بکەیت ناڕەوایە. چۆن بە ڕەزامەندی و موافقەی وەلی فەقێ، عەلی خامەنەئی، لە هەڵبژاردنەکاندا بە تەزویر هاتووەتە سەر کار و لە بواری ناوەکیدا، دەستی پێشی هەبووە لە بەرەنگاربوونەوەی ویستی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی. ڕژێمێک کە «باپیرەگەورەی» تیرۆریزمە لە جیهاندا و لە بەرنامە و هەڵوێست و بونیادگەری و چەواشەکاری و بیر و هزری ڕەش و تاریکیدا، هیچ نیشانەیەک لە ئۆمێد و ڕووناکی بەدی ناکرێت. ڕژێمێکی داڕزیو و شپرزە، بە بێ هەبوونی هیچ نیشانەیەک لە پێشکەوتنی سەردەمیانەی کلتوری و شارستانیانە. لە بەرانبەر ئەم دواکەوتوویییەی حکومەتی فاشیستیدا، دەبێ مافەکانی گەلی ئێران و ویستی ئەوان بۆ دیموکراسی و ئازادی بگەڕێندرێتەوە بۆیان.

ڕوونە کە دژایەتیکردن و موقاوەمەی سەرجەم چین و توێژەکانی کۆمەڵی ئێران لە بەرانبەر دەسەڵاتی مەلاکاندا گەیشتووەتە لووتکەی خۆی و کۆمەڵی ئێرانی بەدوای ڕزگاربوون لە تارماییەکانی سەدەی ناوەڕاستدا دەگەڕێت و بە پشت بەستن بە "ڕێکخراوی موجاهیدینی خەلقی ئێران". لە ژێر ئاڵای «ئەنجوومەنی نیشتمانیی موقاوەمەتی ئێران» ئەم خەبات و تێکۆشانەی خۆی بەرەو پێش دەبات.

کەوایە ناکرێت ئەم ململانە سیاسییە خەباتکارانەیە ڕەت بکرێتەوە، کە بۆ ماوەی چەند دەیە بەردەوامە لە نێوان گەل و هێزە نیشتمانییە ئێرانییەکان لە لایەک و دەسەڵاتی کۆنەپەرست و فاشیستی مەلاکانی دەسەڵاتدار لە ئێران. ئایا لە بەرانبەر ئەم ڕاستییانەدا، دەکرێت بابەت و ڕاپۆرتێکی پوزێتیڤانە دەربارەی دەسەڵاتی مەلاکان بنووسرێت؟! یان ئەوەی بنووسرێت بریتی دەبێت لە هەزەل و گاڵتەکردن بە ریشی خەڵک و ئەو هاووڵاتییانەی، زیاد لە مەعسومی نەژاد و پیاوانی ئیتلاعاتی ڕژێمی ئێران، ئاگاداری ڕاستییەکانن و دەزانن کە ئەم شتە باش و ئیجابییە خەیاڵییانە هەبوونیان نییە و لە درۆ و بوختان بەدەر نین.

بابەتی ئەفسەری ئیتلاعاتی ڕژێمی ئێران، مەعسومی نەژاد بابەتێک بوو، کە من گفتوگۆیەکی خەیاڵی و فانتەزیم لە سەر نووسیوە لە نێوان ئەم کرێگرتەیە و ڕۆژنامەنووسە ئیتاڵییەکە، کە من ناوی «خوزە لاپلاس»م بۆ هەڵبژاردووە:

دەقی دەمەتەقێ خەیاڵییەکە:

**مەعسومی نەژاد:** بەڕێز خۆزە، جەنابت بە لامانەوە زۆر بەڕێزیت. دیدارەکەی دی هەڵدەگرین بۆ تاران. لەبیری نەکەیت.هەروەک باسم کرد وتارەکانت بە جۆرێک بنووسە کە ڕووی ئایەتوڵڵا بەڕێزەکانمانی پێ سپی بێت؟!

**خوزە لاپلاس:** مەگەر ئایەتوڵڵاکانی ئێران ڕووڕەشن واتا ڕوویان ڕەشە؟

**مەعسومی نەژاد:** نا، نا، مەبەستم ئەوەیە کە دەربارەی کردارە باشەکانیان بنووسیت.

**خوزە لاپلاس:** وتارێکت بۆ ئەنووسم کە تیایدا، «گەورە»ی قەومە ئێرانییەکە وەک بەران وێنا ئەکەم، کە چەند کۆترێکی ئاشتی بەسەر سەرییەوە بێت و هەر کات برسی بێت یەکێک لە کۆترەکان دەگرێت و دەیخوا و ئەم کۆترانە وردە وردە و یەکە بە یەکە دێنە خواردن.

**مەعسومی نەژاد:** زۆر جوانە. وەلێ باشتر وایە بەرانەکە بکەیت بە شێر.

**خوزە لاپلاس:** دەنووسم کە ١٢٠ هەزار کەس لەوانەی لە ناو زیندانەکاندا کوژران یان لە سێدارە دران، کوشتنیان بۆ خاتری خوا بووە.

**مەعسومی نەژاد:** نا، نا، بنووسە ئەمانە هەر هەموویان درۆن. ئەوان خۆیان خۆیان کوشتووە و شتی لەمجۆرە ...

**خوزە لاپلاس:** دەربارەی سەرکوتکردنی ئەوخۆپیشاندەرانە چی کە بۆ دەربڕینی ناڕەزایەتی لە ئاست ساختەکاری لە هەڵبژاردنەکاندا هاتبوونە سەر شەقام؟

**مەعسومی نەژاد:** ئەوانە کەسانێکی نەفامن، کە ڕەش و سپی لێک جیا ناکەنەوە و دەیانەوێت ڕێبەرە مەزنەکانمان لە ناو ببەن و ئامانجەکانم لە ئاسمانەوە داکێشی خوارەوە بکەن.

**خوزە لاپلاس:** لەم ئاسمانە بەرزەدا ئایا خۆرێکیش هەیە؟ ئەگەر نییە واتا دەبێ ڕۆژێکی تاریک بێت.

**مەعسومی نەژاد:** من نازانم. چون لەوێ نەبووم.

**خوزە لاپلاس:** وەلێ لە قسەکانتدا، مەعسومی نەژادی خۆشەویست! ئێمەی ڕۆژنامەنووس دەتوانین ڕەش بە سپی و سپی بە ڕەش وێنا بکەین.

**مەعسومی نەژاد:** ئافرەم، ئافرەم خۆزەی خۆشەویست.

**خوزە لاپلاس:** بەڵام مەعسومی نەژادی خۆشەویست، دۆستی من!، دەمەوێت ئەمەت پێ بڵێم کە: بژی موقاوەمەتی ئێران.

# مەدالیای ئیفتیخار و شۆڕەسوارانی هەولێر



بزەی هاتێ گووتی،
ڕووناکە ئاسۆم
وەرە جەللاد پەتت باوێژە ئەستۆم
ئەوە پەتت نییە "مێدالی ئیفتیخارە"
کە بوومە قارەمانی میللەتی خۆم
کەتۆتۆرای لە چاوان وەک خەوی من
لەبسکت ڕەشترە مانگە شەوی من
بڕۆمەجنوون بەلەیلاکەی
خۆت مەنازە
کەناوبانگی پتر ڕۆی ئەوی من

**ئا: عەبدولوەهاب شێخانی**

هەر ئەوەندەی نووسیوە لەسەر جانتاکە ئەمەش هەر بۆ ئەوە بوو، کە من لە مانگی هەنگوینی بەجێم هێشت و چوومە لای برادەرانم لە ئەبوغرێب. پێش ڕاپەڕین ئێمە ئاگادارکراینەوە کە ڕاپەڕین ئەنجام دەدرێت و خۆتان ئامادەکەن. ڕۆژی یازدەی مانگی "٣" لەگەڵ مامۆستا بایز چووینە دەرەوە. چووینە لای دائیرەی ئەمن، چووین بۆلای مەعەسکەر سەر ڕێی عەنکاوەی، کە چووین مەشجەبیان شکاند "٢٥-٣٠" کلاشنکۆفمان هێنا هەموومان دابەش کرد بەسەر جەماوەردا بۆ سەرکەوتنی ڕاپەڕین. دوو ڕۆژ دوای ڕاپەڕین لە هەولێر بارەگامان لە قوتابخانەی ناوەندی جمهووری کردەوە. خەبەرم وەرگرت ئەوە تالانی زانکۆ دەکرێت، منیش بە پەلە چوومە زانکۆ ئەوکات من خەریکی نووسینی لێکۆڵینەوەیەک بووم چووم، پەیوەندیم بە مامۆستا بایزەوە کردو گووتم ئەگەر مەفرەزەیەک نەبێ ناتوانم سەیتەرە بکەم لەسەر زانکۆ و نەمهێشت مەلەفمی زانکۆ بسووتێ و لەناو بچێ و هەروەها زانکۆم ڕێک خستەوە، کۆبوونەیەکم بە مامۆستاو فەرمانبەرو کەسانی تری زانکۆ کردو هەر هەموویانم ڕێک خست. چەند قوتابییەکی هەولێر و چەند مامۆستایەک لەمن خڕ بوونەوە. ئەو دکتۆرە عەرەبانەی کە لەگەڵم بوون هەر هەموویان "عەدەم تەعەروز"م بۆیان کردو لە ژێرەوە بەخۆم واژم دەکرد و هەروەها هەموو چەکەکانیان تەسلیمی من کردەوە، منیش هەموویانم دایە مامۆستا بایز لە بارەگا و خەڵکێکی زۆر دەوریان لێ دام لەکاتی گەڕانم بۆ کەل و پەلی زانکۆ "١٧"لۆری کەل و پەلی زانکۆم هێنایەوە بەهۆی "لۆری" باوکی یەکێک لە قوتابییەکانم.

**کاک عەریف ئەبوزێد بەڕێز کاک "عوبید عەلی ڕەسوول" هەردووکیان لە ساڵی "١٩٦٣" پەیوەندی بە شۆڕشی ئەیلوول دەکەن.**

**١- لێدانی تەیارەکە:** ساڵی "١٩٦٩" مانگی "١١" بوو دەوروبەری سەعات "٤ یان ٥"ی ئێوارە بوو چوار تەیارەی ڕژێم هاتن دوانیان "مێک بوون" دوانەکەی تر "هەنوشن" بوون، ناپاڵمیان دەهاوێشت ئەو ناوەیان واتە سەرتاپای دۆڵی هیران و نازەنینێیان کردە ئاگرو سووتان و خاپوورکردن. ڕەحمییان بە ئاژەڵیش نەکرد هەتا سەگ لەناو ئاگر دەسووتا، نووسکەیان دەدەچووە ئاسمان، شوێن نەدەما خۆیان تێبنێن، لە جەولەی یەکەمی فڕۆکەکان و لێدانیان "٩"کەس "عەدەد دۆشکا" و پێشمەرگەکانی کاک عەریف ئەبوزێد بریندار بوون، زۆر بەسەختی جەولەی دووەم کە فڕۆکەکان هێرشیان هێنایەوە "کاک عەریف ئەبوزێد" خۆی گەیاندە دۆشکاکەو ڕووبەڕووی فڕۆکەکە وەستاو تەقەی لە تەیارەکان کرد، لێیان هاتە دەست و تەقەی لە فڕۆکەکە کرد بەبێ شڵەژان و تێکچوون و ترسان لە ئاسمانی دۆڵی هیران و نازەنین فڕۆکەکەی کردە سێ پارچە، کە پێشمەرگەکان و خەڵکی ناوچەکە ئەم دیمەنەیان دیت حەپەسان، زۆر زۆر کەیف خۆش بوون و سەرکەوتنێکی مەزن بوو.

بەهیچ جۆرێک بەم شێوەیە لە شۆڕشی ئەیلوولی مەزن تەیارە بەم شێوەیە نەکەوتۆتە خوارەوە، ئەمە یەکەمین سەرکەوتن بوو، کە دەستڕێژو خۆی ڕانەگرت لەبەر هێرشی ئازایانەی کوڕانی سەفین و هەولێر.

بۆ بەیانی "دارکەرێک" دەچێت بۆ دارکردن لەناو کۆندڕێک سەرکێک دەبینێ و لێی دەچێتە پێش و "بیورەکەی" لەسەر سەری دادەنێ و دەڵێ نەبزوی تۆ کێی، ئەویش کوردی نازانێ بە عەرەبی دەڵێ "خاتر الله" ئەمن فڕۆکەوانم هەر بە عەرەبی، ڕزگارم بکەو بمگەیەنە عەسکەری حکومەت چت دەوێ دەتدەمێ، ئەویش دەڵێ: بەسەر چاو ڕزگارت دەکەم، فەرموو بەگەڵم کەوە تا دەیگەیەنێتە بارەگای عەلی شەعبان لە بێتواتە. بۆ بەیانی بروسکەیەکمان بۆکرا، کە فڕۆکەوانەکە گیراوە، ئینجا زیاتر بووە هۆی کەیف خۆشیمان، فڕۆکەوان بردرایە سەرکردایەتی و هاتووچۆکراو بۆ بەردانی ئەو فڕۆکەوانە، بەڵام ئەم هاتووچۆیە بووە هۆی "مفاوەزات"ی ساڵی "١٩٧٠" هەرجارێ کاک ئیدریس دەیگوت مفاوەزاتی عەریف ئەبوزێد چونکە گرتنی ئەو فڕۆکەوانە ئەوەی لێ کەوتەوە.

**٢- دیسان کوڕانی قەڵاو منارە کوڕانی سەفین و دۆڵی سماقولی کاک عوبێدو کاک عەریف ئەبوزێد هەڵوێست دەنوێنن، ئەوجارەیان شەڕ لە دۆڵی سماقولی و ساڵی ١٩٧٤.**

لەسەر گردەکانی دۆڵی سماقولی تۆپەکانمان دامەزراند وەک کەوانەیەک نیشانەمان وەرگرت، لە کلکە چیای هەیبەت سوڵتان تا دەگاتە جادەی ئەولای دەربەند بەلای هەولێرەوە لە هەموو قۆڵەوە هێرشیان بۆ کردین، بەسەدان جاش و جەیش، بەڵام کوڕانی قەڵاو منارە ئەو هەموو هێزەی دوژمنان پێ هیچ نەبوو، بۆیە تۆپەکانییان دوو شەو و دوو ڕۆژ بەهیچ جۆرێک لە هیچ لا نەمان هێشت بستێک دوژمن بێتە پێشەوە، دوای ئەوە هێرشی دوژمن گەلێک گەورەو زەبەلاح بوو، بۆیە بروسکەیەکمان بۆ هات، کە "سەرقۆل"، سەرەقۆل خۆی لە "٥٠-٦٠" پێشمەرگەدەدا، بەڵام ئەوکات ناوی پێشمەرگە نەبوو، دەیان گوت "کۆمەڵە" کە لە کۆمەڵەی ژێکافی کۆماری کوردستان وەرگیرا بوو، بەڵام سەرقۆل لە جیاتی ئامر بەتالیون و سەرلق بوو. تاکو ساڵی "١٩٦٧" هێز تەشکیل کراو هەروەها بەتالیۆن و لق دامەزرا هەروەها یەک ئەو پێشمەرگانە کە زۆر قارەمان بوون لەگەڵم لە دەشتی هەولێر چونکە دەشتی هەولێر ئەوی ئازاو پاڵەوان نەبێ لەم شوێنە نەدەماوە، چونکە دەشتەکی کاکی بەکاکییە هیچ چیاو شوێنی عاسێ نییە خۆی لێ بشارییەوە تەنهاو تەنها ئازایی پشت و پەنات دەبێ لە دەشتی هەولێر بۆ بەناوی ئەو پاڵەوانانە حەزدەکەم باسی بکەم وەک:. ١- ڕۆستەم محەمەد ئەمین قوربانی ٢- عەبدوڵلا موسا کە شەهید بووە. ٣- محەمەد شوان کە عەدەد ڕەشاش بوو شەهید بووە. ٤- حوسێن حەسەن کە لە سەفین شەهید بوو. لە ساڵی "١٩٦٥" شەڕی سەفینی کرا، کە شەڕێکی بەناوبانگە لە مێژووی بزووتنەوەی کوردایەتی لەناوچەی هەولێرو خۆشناوەتی، کە شەڕەکە لەسەر چیای سەفین کرا، کاک عوبێد گوتی: ئێمە چووین هێزەکەی "وەسمان حوجرانی" بگۆڕین و جێگای ئەومان گرتەوە. لەو کات و ساتەدا واتە کاتی گۆڕین تۆپێک هات لەسەر سەرمەیدانی شەقڵاوەوە بەناو ئێمە کەوت و سەر پەلەکەمان کاک "کاکل حەمەد وسوو" شەهید بوو، زۆربەی پێشمەرگەکان بەگەڵ جەنازەی شەهید کاکل کەوتن بۆ هێنانەوەی بۆ دەشتی هەولێر، لەوێ ئەوەی مایەوە ئێمە شەش پێشمەرگە بووین، کاک عەریف ئەبوزێد هەروەها من "عوبێد عەلی ڕەسوول" ڕۆستەم محەمەد ئەمین قوربانی و عەبدوڵلا موساو شەهید محەمەد شوان، شەهید "حوسێن حەسەن" بە ڕێکەوت شوێنێک هەبوو وەک حەوزی ئاوی، "من و کاک تەنها ئەو "٦" کەسە بووین، بڕوا بکەن نان نەبوو بخۆین ئەو پەلکە نانانەی کە لە کۆن لەو ناوە کەوتبوو دەمان هێنا دەمان خوارد، بەهیچ جۆرێک نەمان هێشت یەک بست دوژمن بێتە پێشەوە، لە شوێنی خۆی ڕامان گرتن، دیواری پۆڵایینی ئێمە کوردایەتی و بیرو باوەڕ بوو، بۆیە لەسەرکەوتندا بووین، بەسەدان تەرمی دوژمن لە چیای سەرکەشی کوردان "سەفین"ی خوێناوی کەوتبوو. کونێک هەبوو هی جاشەکان و ڕژێم بوو، کە تاریک دادەهات شەهید "حوسێن حەسەن" دەچووە سەر ئەو کونەوە تفەنگی لەو کونە بۆ دوژمن ڕادەگرت و تەقەی لێوە دەهێناو بەدەیان کەلاکی خستە ئەو گۆڕە. من لەو شەڕە بریندار بووم، بەڵام بەکەسم نەگوت، کە برینداریکی واتە خەتەرم بۆ ئەوەی ورەی پێشمەرگە نەڕوخێ و تاکو کۆتایی شەڕەکە. ئینجا گوتم منیش بریندارم، بروسکەیەک لە جەنابی سەرۆک هات بۆ ئێمە لە دەشتی هەولێر بووین، دەبێ بەبێ وەستان و بەزووترین کات دەگەنە ناوچەی قەرەداغ و ناوچەی سەنگاو، کە هێزێکی پێشمەرگە لەو شوێنە دەورە دراون لەسەر قوپی قەرەداغ، ئێمەش بەبێ وەستان هێزێک پێک هات لە "٣٥٠" کەس کەپێک هاتبوو لە چەند هێزو بەتالیۆن و هیتر سەرپەرشتیکەر، کاک عەریف ئەبوزێد و کاک عەریف دەرویش و کاک حەمە سوور حوسێن بوون، ئەوەی لە بیرم نییە دەبێ بمبووری بەسەرپەرشتی "مقەدەم عەزیز بوو"، هێزەکەمان لە زێی پردێ پەڕییەوە بە "کەلەک و قاینخ" چووینە ئەو بەری زێ و پێمانییان گووت ئەوەی دێتە سەر ڕێتان لێیان دەن، دەست لە دوژمن نەپارێزن. لە نزیک قەرەداغ فڕۆکە هاتە سەرمان و بە سەختی بۆردومانی کردین و "٣" پێشمەرگە شەهید بوون، ئەوانمان شاردەوە، ئەو شەوی ماینەوە دواتر سەرکەوتین بۆ سەر چیای قوپی قەرداغ و لەوێ کۆبوونەوەیەکمان کرد، بڕیارماندا کە ئەوە شەڕی مان و نەمانە، هەر چاردەورمان گیراوە، دەبێ بەهێزو بازووی خۆمان لێیان بدەین و ئەو "تۆقە" بشکێنین و ئەوەی بریندار بێ توانی بەپێی خۆی بڕوات ئەوە باشە، دەنا ئەوەی بە دۆشکا فڕۆکە بێخەن. کە فڕۆکە کەوتەخوارەوە بووە سێ پارچە دووپارچەی فڕۆکەو سێیەمین فڕۆکەوانەکە بوو، کە بە پەڕەشووت خۆی هەڵدایە خوارەوە لە نزیک هیزۆپ کەوتە سەر زەوی.

ئا لەو کاتوساتەدا کۆپتەرێکی ڕژێم هات بۆ قوتارکردنی شوفێری تەیارەکە خۆی نەوی کرد، بەڵام پێشمەرگە پاڵەوانەکان دایانە بەر پاشەکشە بکەین و شوێن چۆڵکەین، هەموو ئەو شەڕە کاک عەریف ئەبوزێد سەرپەرشتی دەکردو کاک عوبیدی برای یاریدەدەری بوو.

**کاک عوبێد عەلی ڕەسوول برای بەڕێز کاک عەریف ئەبوزێدە ساڵی "١٩٦٣" مانگی "٣" پەیوەندی بە شۆڕشی ئەیلوول کردووە.**

کاتێک کە ئەو پەیوەندی کردووە لە "گەلی شەمان" لەگەڵ شاکر بەگی گەردی کەوتین، پێیان دەگوت ڕۆستەم محەمەد ئەمین" دەچووینە ناو ئەو حەوزە، وەکو ڕەبیە بوو، تفەنگەکانمان "١١" خۆر بوو، من بە ڕۆستەمم گوت "١١" فیشەک بخەینە ناو تفەنگەکەو یەکیش بخەینە ناو لوولەی ئینجا تەقە لە دوژمن بکەین، چونکە دوژمن یەکجار زۆر بوون، هێرش لەدوای هێرش دەیان هێنا سەرمان، بۆ ماوەی "٤٦" ڕۆژ بەرگری و بەرخودانیمان کرد، ئێمە بریندارى خەتەربێ بڕیارماندا هەر لەوێ خۆمان تەواوی کەین، چونکە هیچ داو ودەرمانێکمان پێ نەبوو هیچ چارەو مەفەریش نەبوو، بۆیە ئەو بڕیارەمان دا.

نزیک ئێوارە شەڕ دەستی پێکرد، لە هەمولایەکی تەقەو هەرابوو بەڵام کێ هەیە لەبەر هێزی پۆڵایینی پێشمەرگە خۆی ڕاگرێ، دڕمان بە دوژمن داو ڕاومانان و تۆقەکەمان شکاند، دوژمنیان شکاند بە دەیان کەلاکی دوژمن لەوناوە کەوتبوو، دەرسێکی ئەوەندە گەورە درایە دوژمن، کە دەبێ بەداستان بگێڕدرێتەوە بۆ نەوەکانمان، لەو شەڕەدا من بریندار بووم، هاتنە سەرم بۆ تەواوکردنم، گوتم کاکە برینەکەم سووکە، دەتوانم بە پێی خۆم بڕۆم، برینەکەم زۆر خەتەر نییە ئەوجا وازیان لێ هێنام.

## نزیک ئێوارە شەڕ دەستی پێکرد، لە هەمولایەکی تەقەو هەرابوو بەڵام کێ هەیە لەبەر هێزی پۆڵایینی پێشمەرگە خۆی ڕاگرێ، دڕمان بە دوژمن داو ڕاومانان و تۆقەکەمان شکاند

**مەلا عەلی و شیعری بەرزو پەتی سێدارە و ژووری ئیعدام:**

مەلا عەلی پێشمەرگەیەکی ئازاو نەبەزی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان بوو. ئەوکات وابوو پێشمەرگە بەر لە چەکی ڕزگاری بکاتە شان بەچەکی ڕۆشنبیری دەستی پێدەکرد، بە هەموو توانایەک بەرامبەر بە داگیرکەر دەوەستا لە دەست وەشاندنی جەرگبڕو تا قارەمانییەتی و پاڵەوانییەتی نواندن هەتا لە کاتی گرتن و کەوتنە دەست دوژمن. کە بە هیچ جۆرێک لەکاتی گرتن لەبەر دوژمن دانەدەهێنا، بەڵکو لێدان و گرتن و ئازاردان، لە سێدارەدان لای وەکو ئەفسانە بوو "مەلا عەلی" یەکێکە لەو کەسانە کە لە شاخ گیراو هێنرایە زیندانی موسڵ، فەرمانی لە سێدارەدانی بۆ دەرچوو، خستیانە ژووری ئیعدام. کە خەڵک لەو ژوورە ئەژنۆی دەشکێ، کەچی "مەلا عەلی" شۆڕشگێڕو پێشمەرگە و نەبەزو کولنەدەر گاڵتەی بەو ژوورەو پەتەکەی دەهات، بەڵکو لەم ژوورە پیس و تاریک و بەسامە بەهرەی شیعری بۆ دێت و نامیلکەیەک لە شیعر دەنووسێتەوە، لەماوەی "١٥" ڕۆژ بەر لە سێدارەدانی لەسەر کاغەزی پاکەت دەینووسێتەوەو دەیداتە کەسوکاری یەک لە شیعرەکان کە زۆر بەرز دەڵێ:

**برا دووروخزم دوور و کەسم دوور**
**بە نابەلەد تەمەن دەمبا بەرەو ژوور**
**لەلام ڕوونە بەرەو سێدارە چوونە**
**خەنەی خوێنم لەپێ دەگرێ ئاڵای سوور**

یا لە شیعرێکی تری کە "محەمەد جەزای" پێشمەرگە و هونەرمەند کردوویەتییە گۆرانی، ئەویش لەبیرم ناچێ شەوانی قەندیل، کە مەبەستی لە چیا سەرکەشەکەی قەندیلە، کە هەمووی بە شیعر دەگێڕێتەوە. بەڵێ خوێنەری ئازیز: بە دەیان و بەسەدان تێکۆشەری کورد، بوێرانە و ئازایانە پەتی خنکانیان کردە ئەستۆی خۆیان، کە بووە مەدالیای ئیفتیخاری بۆیان، تا دنیا ماوە ناوی شەهید مەلا عەلی و گشت تێکۆشەران لە هزرو بیری نەتەوەی کوردی نەبەز دەمێنێتەوە.

دوژمن پەتی سێدارەی کردە ئەستۆی کاک مەلا عەلی، ئێمە مەدالیای سەربەرزی و بوێری و قارەمانییەتی لە ئەستۆی پاک و پیرۆزی خۆشەویستیت دەکەین، دەیکەینە دیاری چیرۆکی بەرئاگردانی شەوانی ساردی پایزو زستان بۆ نەوەکانمان، کە شانازی بە بەرزی قارەمانییەتی تۆ بکەن و بڵێن: ئێمەین نەوەی مەلا عەلی شاعیری ژووری سێدارە.

# بەهەڵە یا بەهەوەس . . . ؟
# ئەی سەنتەری ڕۆشنبیری ئاشتی!

**توانا شێخانی**

ئەوەی شایانی نووسین و پێویستی هەڵوەستە بۆ کردنە لە١٥/٤/٢٠١٠ لەپێنجەمین فێستیڤاڵی ساڵانەی سەنتەری ڕۆشنبیری ئاشتی، کە بۆ قوتابی و خوێندکارانی بەهرەمەند لەسەر ئاستی هەولێری پایتەخت سازکرابوو.

بەڕێز ڕێبوار محێدین لێپرسراوی سەنتەرو کاک قەهار ئیسماعیل وەکو کارگێڕی سەنتەر تیایدا دوو کەسی کاران، جێگای دەستخۆشی کردنە لەم بەڕێزانەو تەواوی ئەوانەشی کە لەم سەنتەرە ڕۆڵێکی دیارو کارایان هەس.

دوابەدوای ئەوانیش پێویستە ڕۆڵی لیژنەی هەڵسەنگێنەر، کە پێکهاتبوو لە لیژنەیەکی گەورەو بەرچاو..!بەڵام بەداخەوە ژمارەی ئەندامی بەشداربوو لەلیژنە تەنیا یەک کەس بوو، ئەویش پرۆفیسۆر د.ئیبراهیم ئەحمەد شوانی بوو، نازانم چۆن و بە چ شێوەیەک ویژدانی بەڕێزیان ڕێگەی دان، کە بەتەنیا وەکو لیژنە بۆ هەڵسەنگاندنی (٤٣)بەهرەمەند بەرهەمی هەڵسەنگاندن بکات؟ ئەمە بە پرسیارێکی گرنگ دەزانم !

دواتر لەڕووی ڕێزمانییەوە لیژنە واتا زیاتر لە دوو کەس،زیاتر لەدووکەسیش واتا کۆمەڵێک تاک یا ڕوونتر بڵێم کۆمەڵێک کەس، کەوایە لێرەدا دکتۆر شوانی بەڕێز لەبری تاک پێویستە و دەبێ لەکاتی بانگکردندا بە کۆ ناوی بهێنرێت.

لەهەمووی سەیرترو گرنگترو ترو تر...!ئاشتی یەکێکە لەوسەنتەرانەی ڕیکۆردی جیهانییان شکاندووە، لێ ئاشتی بەشێوەیەکی جیاوازتر لەوان و مۆدێرنتر ڕیکۆردی شکاند.

ئەویش بەڕێگەنەدان بەبەهرەمەندانی بەشداربوو بۆ خوێندنەوەی تەنیا یەکێکیش لەبەرهەمەکانیان، کە پێی بەشداربوون.

بۆیە بەپێویستی دەزانم سەنتەری ڕۆشنبیری ئاشتی ناوی لە کتێبی گینسی جیهانی تۆماربکرێت بۆ پاراستنی مێژووی ئەم ڕیکۆرد شکاندنە .

لێرەدا لەلایەن کەسانی خاوەن بیرو ویژدان ئەو چەند پرسیارە دروست دەبێت: تۆ بڵێی بەهرەمەندانی دەرچوو نەبن بەخزمی سەپانی شێخی؟ یا ئەوەتا دەرچوونیان لەڕێگەی نووسراوی بەرپرسان نەبووبێت؟ دەشێ سیاسەتی لۆم بووی لۆت دەبم پەیڕەو کرابێ!

دواتر لەبری شیعر خوێندنەوە لەلایەن هونەرمەندان (ئومێد باڵەبان، نینا جەمال، ئەحمەد کاوانی) بۆ ماوەیەکی درێژ چەند سترانەک هاتنە چڕین.

وەلێ ئاساییە ڕەنگە من هەڵە بم!بەرهەمی بەهرەمەندانی بەشداربووبێت لەلایەن هونەرمەندە خۆشەویستەکان کرابێ بە گۆرانی و هەر ئەوساش ئاوازی بۆدانرابێ..!

وابزانم نەزانراوە لەهیچ فێستیڤاڵێکی شیعری گۆرانی گوترابێت لەبری خوێندنەوەی شیعر، بەمە دەگوترێت کفری ئەدەب و هونەر.

دەکراو دەبوو بکرایە چەند پارچە میوسیکێکی هێورکەرەوە بۆ دڵ و دەروون و زاخاوی مێشک لەبری گۆرانی دابەزێنرێت.

من بۆ ئەوە داخ لەدڵم کۆبۆتەوە، کە ئەم فێستیڤاڵە لەژێر چاودێری ڕێزدار (د.کاوە) وەزیری ڕۆشنبیری بەڕێوەچوو..!

لەکۆتاییدا تەنها تکایەکم هەیە بیڵێم: ئەویش بە ئاهەنگێکی هەڵپەڕکێ مەڵێن فێستیڤاڵە شیعر.

تکایە تکایە با کەس وانەزانێ ئابڕووی ئەدەبیمان تنۆک تنۆک تکایە..!

# ئامێری سۆنار دەتوانێت شەڕی شووتی فرۆشان چارەسەر بکات !!!

**باوکی لێزان**

شووتی یەکێکە لە میوە هاوینییەکان ڕۆژانە لەسەر خوانی هەموو ماڵێکی دەوڵەمەندو کەم دەرامەت دەبینرێت تا ڕادەیەک ئەم میوەیە خواستی لەسەرە کەم کەس هەیە لە گەورە و بچووک ئارەزووی خواردنی نەکات لە بیرمە لە ساڵانی سەرەتای شەستەکان ئێواران خەڵکی لە (ئیستیلان ) لە بەردەم مزگەوتی گەورەی کۆیە شووتییان دەکڕی، بەڵام بە دوو کەس شووتییەکیان دەکڕی شووتی فرۆشەکەش ناوی (سابیر حەلوا) بوو بۆی لەت دەکردن تۆی شووتی ئەوکات وابوو شووتییەکان نەختێک گەورە بوو شووتی وا هەبوو (١٢ کیلۆ) دەردەچوو، لەبەر نەبوونی ساردکەرەوە و کەم دەرامەتی خەڵکی پارچەیەک شووتی دەکڕی بۆ ئەوەی خەسار نەبێت، ئەگەر خێزانێک خواردن یا شووتی شکاوی بۆ نەخورابایە ئەوە لە جیاتی (سەلاجەی) ئەمڕۆ لە بن کوپی ئاو دایدەنا.

لەم سەردەمە شووتی هەمیشە هەر چوار وەرزی ساڵ لە بازار بەرچاو دەکەوێت بەهەموو قەبارەو ڕەنگێک بەهۆی پێشکەوتنی زانست لەهەموو بوارەکاندا بە تایبەتی لە بواری کشتوکاڵیدا هەندێک لەم شووتیانە خۆجێین و هەندێکیان لە دەرەوە دەهێنرێن لە ڕێگای سنورەکانەوە دێتە ناو هەرێمی کوردستان، ئەمەی گرنگە ئاماژەی پێ بکەین لە هاویندا کاتێ شووتی دەکەوێتە ناو بازاڕ ڕۆژانە لێرەو لەوێ شەڕو گێچەڵ ڕوودەدات بەهۆی ئەوەی شووتی فرۆشەکان بەشەرت شووتییەکانیان دەفرۆشن هەر کاتێک ڕەنگی شووتییەکان پەمبە یا سوورێکی کاڵ یا سپی بوو ئەوە کڕیارەکە ڕەتی دەکاتەوە جاری وا هەیە شووتی فرۆشەکە لەم هەڵسوکەوتەی کڕیار تووڕە دەبێت و هەڵچوون و گرژی لە نێوانیان ڕوودەدات پێم خۆشە ڕووداوێکی خۆش کە بە چاوی خۆم لە شاری کۆیە دیومە بیگێڕمەوە پیاوێک هەبوو بە ناوی (مام ئەحمەد) ئەم پیاوە هاوینان لەبەر دوکانەکەی ئێمە لەسەر شەقامی گشتی شووتی دەفرۆشت زۆر بێ تەبیعەت بوو چاوێکی شووشەبوو، پاش نیوەڕۆیەک لەبەر دوکان وەستا بووم کابرایەکی خۆشناوەتی شووتییەکی بەشەرت لەمام ئەحمەد کڕی، بۆ ئەوەی لەگەڵ خۆی بیباتەوە (خانی گەورە) بەنان بیخوات مام ئەحمەد دووجار بەچەقۆ گەورەکەی دەستی شووتییەکەی بۆ شکاند هەردوو جارەکە سپی بوو بەبێ دەنگی کوزەکەی دەخستەوە ناو شووتییەکە و لە تەنیشت شووتییەکانی دادەنا سێیەم شووتی بۆ شکاند ئەمجارەیان ڕەنگی شووتییەکە پەمبەبوو لە خۆیەوە مام ئەحمەد گوتی خوازە ناڵێی نامەوێت، کابراش لە وەڵامدا گوتی وەڵڵا نامەوێت . مام ئەحمەدی چاو شوشەی بێ تەبیعەت لەگەڵ خۆشناوی داماو لێیان بوو بە دەمەقالی و شەڕ، کاتێ مام ئەحمەد چەقۆ گەورەکەی دەستی بڵندو نەوی دەکرد خۆشناو گری گرت لێی نزیک بۆوەو هەتا هێزی تیابوو زلەیەکی لە ڕووی مام ئەحمەد داو کەوتە سەر زەوی و چاوە شووشەکەشی دەرپەڕی خەڵکی لێیان کۆبوونەوەو هاواریان دەکرد چاوی دەرپەڕی خوابتگری ئەم پیاوەت بۆ کوشت !! خۆشناوی بێ چارە نەیکردە نامەردی بەناو خەڵکەکە ڕایکردو خۆی کوتایە ناو کۆڵانە تەسک و باریکەکانی ناو بازار لە وێشەوە بەرەو دەرگای خۆشناوەتی ڕۆیشت هێسترو بارو بارگەی لە خانی گەورە بەجێ هێشت لەترسی پۆلیس لەکاتی گەڕانەوەی بۆ گوند لە ڕێگا چەند خزمێکی ڕووبەڕوو دێن لێی دەپرسن (عەولا) کوە هێسترو بارت پێنیە ؟ لە وەڵامدا سەر گوزشتەکەیان بۆ دەگێڕێتەوە کە چی لێقەوماوە .

حزمانی مام عەولا دەست دەکەن بە پێکەنین و پێی دەڵێن دڵت سەغڵەت نەبێت ئەگەر مام ئەحمەدی شووتی فرۆش بێت ئەوە خۆی چاوی شووشەیە!!

چاوی دەرنەپەڕیوە بەم شێوەیە قەناعەت بە مام عەولا دێنن و بە هێواشی دەگەڕێتەوە کۆیە، هێسترو بارو بارگەی دەهێنێتەوە بۆ گوندەکەیان !! بەم شێوەیە مام عەولا لە دڵەڕاوکێ ڕزگاری دەبێت .خۆزگە زانست دەگەیشتە ئاستێک توانای ئەوەی دەبوو ئامێرێکی سۆناری دروست دەکرد، بۆ ئەوەی ناوەوەی شووتی بەهۆی ئەم ئامێرەوە منداڵ لەناومنداڵدان دەزانرێت کورە یان کچە !! ئەو کات خەڵکیش لە شەڕو گێچەڵی شووتی کرینی بەشەرت ڕزگاری دەبوو.


ژمارە (١٤١) ئایاری ٢٠١٠/٥/٢٣ زایینی
جۆزەردانی ٢٧١٠ی کوردی

# ململانێی مەزهەبی و کاریگەری لەسەر پرۆسەی هەڵبژاردنی"٢٠٠٥" لە عێراقدا - "ئەنجومەنی نوێنەران بە نموونە"



پشکۆ عەلی ساڵح
pshko ali@yahoo.com

**دووەم : لایەنی یاسایی پرۆسەی هەڵبژاردن:**

**أ: لەسەر ئاستی ناوخۆی عێراق :**

لە بەندی (٣٠)ی یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عێراقیشدا بۆ قۆناغی گواستنەوە، ئەوە جێگیرکرا، کە هەڵبژاردن دەبێ بەر لە (٣١ی کانونی یەکەمی ٢٠٠٤) ئەنجام بدرێت . (ئەنجومەنی حوکم)یش بەپێی بڕیاری ژمارە (٨٧)ی ساڵی (٢٠٠٤) ئاماژەی بەوە کرد، کە دەبێت هەڵبژاردنی کۆمەڵەی نیشتمانیی گواستنەوەی عێراقی، بە سیستەمی نوێنەرایەتی ڕێژەیی بێ . پەیڕەوی شێوەی لیستی داخراو بکرێت و سەرانسەری عێراق یەک ناوچەی هەڵبژاردن بێت .

فەرمانەکانی (پۆل بریمەر) سەرۆکی دەسەڵاتی کاتی هاوپەیمانان لە عێراق، کە بریتی بوون لەم بوارەدا، فەرمانی (٩٢)ی کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن لە عێراق لە (٢٠٠٤/٥/٣١)، فەرمانی ژمارە (٩٦)ی یاسای هەڵبژاردن لە (٢٠٠٤/٦/١٥)، فەرمانی ژمارە (٩٧)ی یاسای حزب و قەوارەی سیاسی لە (٢٠٠٤/٦/١٥)، ڕۆڵی خۆی گێڕاو کاری پێکرا .

هەر لێرەوە (کۆمەڵەی نیشتمانی گواستنەوەی عێراق)، لە (١٢ی ئەیلوولی ٢٠٠٥)دا، بڕیاری یاسای هەڵبژاردنی نوێیدا، کە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لە (٢٠٠٥/١٢/١٥)ی پێ ئەنجامدرا . شوێنی یاسای (٩٦)ی ساڵی (٢٠٠٤)ی دەسەڵاتی کاتی هاوپەیمانان گرتەوە، کە لە(٢٠٠٥/١/٣٠) هەڵبژاردنی کۆمەڵەی نیشتمانیی گواستنەوەی عێراقی پێ ئەنجامدرا بوو . بەمەش کۆمیسۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان لە عێراق بەپێی بڕیاری دەسەڵاتی کاتی هاوپەیمانان ژمارە (٩٢)ی (٣١/مایسی/ ٢٠٠٤) دامەزرا . بووە تاکە دەسەڵاتی هەڵبژاردن لە عێراق و بەرپرسیار بێ لە ڕێکخستن و ئەنجامدانی هەڵبژاردنە گشتییەکان لە قۆناغی گواستنەوەدا، کە لە (٣٠ی حوزەیرانی ٢٠٠٤)ەوە دەستپێدەکات و لە (شەممەی ٢٠ی مایسی ٢٠٠٦)دا کۆتایی پێدێت، کاتێک ئەنجومەنی نوێنەران بڕوای خۆی بە یەکەمین حکومەتی عێراقیدا، وەک لە دەقی بەندی دووەمی یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عێراقی گواستنەوەداهاتووە، ((دەبێ بەپێی بنەمای دەستووری هەمیشەیی دابمەزرێ . کۆمیسیۆن بەپێی یاسا، دامەزراوەیەکی پیشەیی بێلایەنە و دامەزراوەیەکی دەوڵەتە، خۆی، خۆی بەڕێوەدەبات و لەئاست هەرسێ دەسەڵاتەکەی یاسادانان، جێبەجێکردن، دادوەری، سەربەخۆیە . دەسەڵاتی جێبەجێکردنی یاساکانی هەڵبژاردن و دانانی سیستەم، بەدەسەڵاتێکی ڕەهای یاساییانەش هەموو ئەو شتانە دەسەپێنێ، کە لە ماوەی گواستنەوەی پەیوەندییان بە هەڵبژاردنەوە هەبێ)) . کاتی ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکانیشان بەم شێوەیە دیاریکرد :

- لە (٢٠٠٥/١/٣٠)دا، هەڵبژاردنی کۆمەڵەی نیشتمانی گواستنەوە، بەپێی برگەی (د) لە بەندی (٣٠) یاسای ناوبراو . هەروەها هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان لە هەموو عێراقدا و هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستانیش بەپێی برگە (ب) لە بەندی (٥٧)ی هەمان یاسا، تیایدا هاتووە دەبێ لە هەمان کاتی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانی عێراقی گواستنەوە، بکرێ.

- لە (٢٠٠٥/١٠/١٥)دا : ڕاپرسیی گشتی لەسەر دەستوور، بەپێی برگەی (ب) لە بەندی (٦١)ی یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەت و جێبەجێکردنی بەندی (٥) لە یاسای ڕاپرسی ژمارە (٢)ی ساڵی (٢٠٠٥)، کە لە ئەنجومەنی نیشتمانیی دەرچووە .

- لە (٢٠٠٥/١٢/١٥)دا : هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەران بەپێی برگەی (د) لە بەندی (٦١)ی یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتدا هاتووە، دوای ئەوەی لە ڕاپرسییەکی گشتیدا پرۆژەی دەستوورەکە پەسەند دەکرێ، هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق ئەنجام دەدرێ .

**پرۆسەی هەڵبژاردن بەپێی ئەم یاساو ڕێنماییانە بەڕێوەچوو :**

١. یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عێراق لە قۆناغی گواستنەوەدا .
٢. یاسای دامەزراندنی کۆمیسیۆن .
٣. یاسای هەڵبژاردنی کۆمەڵەی نیشتمانی گواستنەوە .
٤. یاسای حزب و قەوارە سیاسییەکان .
٥. یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان .



٦. یاسای ڕاپرسی ژمارە (٢)ی ساڵی (٢٠٠٥) .
٧. یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەران کە لە (١٢ی ئەیلوولی ٢٠٠٥)دا دەرچووە .
٨. دەستووری هەمیشەیی عێراق .
٩. ڕێنماییەکانی کۆمیسیۆن .
١٠. یاسای کۆمیسیۆن ژمارە (٢٠٠٥/٨)، دەربارەی بانگەشەی هەڵبژاردن.

**ب: لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی :**

ئەگەرچی مەسەلەی هەڵبژاردن مەسەلەیەکی ناوخۆییە، هەموو دەوڵەتێک بە خواستی خۆی و بەپێی بەرژەوەندییە باڵاکانی گەلەکەی بەرجەستەی دەکات، بەڵام ئەنجامدانی هەڵبژاردن لە عێراق سەرباری ئەوەی ئەزموونێکی نوێ بوو، پەیوەندیشی بە ڕێکخستنەوەی ژیانی سیاسی و دیموکراسی دوای ڕووخانی ڕژێمی شمولی بەعسەوە هەبوو، لەگەڵ ئەوەشدا ڕەهەندێکی نێودەوڵەتی وەرگرت و بووە جێگەی بایەخی دەوڵەتە بڕیار بەدەستەکانی جیهان بەگشتی و ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بە تایبەتی . هەر لەو چوارچێوەیەدا (ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی) لە بڕیارەکانی ژمارە (١٤٨٣)، (١٥١١) لە ساڵی (٢٠٠٣) و (١٥٤٦)ی ساڵی (٢٠٠٤)دا ئاماژەی بە مەسەلەی هەڵبژاردن لە عێراقدا کرد، ئەو ڕاستییەشی دووپاتکردۆتەوە، کە گەلی عێراق مافی ڕەوای خۆیەتی ئایندەی سیاسی خۆی بە ئازادی دیاری بکات .

**سێیەم : گرنگی هەڵبژاردن بۆ عێراق:**

ئەنجامدانی هەڵبژاردن لە عێراق گرنگیەکی زۆری هەبوو، لە چەند ڕوویەکەوە :

١. دروستکردنەوەی دەسەڵات و گۆڕینی سیستەمی حوکمڕانی عێراق لە ڕژێمێکی دیکتاتۆری بۆ ڕژێمێکی دیموکراسی .
٢. زامنکردنی بەشداری سیاسی بۆ هەمووان، کە یەکەم جارە لە پاش دروستبوونی عێراق لە (١٩٢١)ەوە سەرجەم پێکهاتەکانی عێراق بەشداری لە داڕشتنەوە و بەڕێوەبردنی دەسەڵاتدا بکەن . هەروەها کۆتایی هێنانە بە پاوانکردنی دەستەو پێکهاتەیەکی دیاریکراو بۆ دەسەڵات و پەراوێزخستنی پێکهاتەکانی تر .
٣. گۆڕینی کۆمەڵگەی عێراقی لە کۆمەڵگەیەکی داخراو و توندوتیژ، بۆ کۆمەڵگەیەکی کراوە کە تیایدا یەکتری قبوڵکردن بەرجەستە بێ .
٤. شەرعیەت و سەلماندنی واقعی دابەشبوونی عێراق بەسەر (کورد، سوننە، شیعە) .
٥. شەرعیەتدان بە پرۆسەی گۆڕان لە عێراق .
٦. لاوازکردنی ڕۆڵی نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراق .
٧. هەڵبژاردنی پەرلەمان، کە چەند دەسەڵاتێکی گرنگی هەیە، لەوانە :
أ. دەرکردنی یاساکان .
ب. جوڵاندنی هێزی سەربازی وڵات.
ت. دەسەڵاتی بەستن و پەسەندکردنی پەیماننامەکان .
پ. هەڵبژاردن و لابردنی ئەندامانی دەستەی سەرۆکایەتی، کە لە سەرۆکی عێراق و (٢) جێگر پێکدێت.
ج. متمانەدان بە حکومەتێکی هەڵبژێردراو، کەوڵاتانی دەوربەر ناچار دەکات بۆ دەستوەرنەدان لە کاروباری ناوخۆی عێراق .
ح. نووسینەوەی ڕەشنووسی دەستووری هەمیشەیی .
خ. لێدانی ئەو گروپانەی کە بە ناوی شەرعیەتی بەرگرییەوە کاری تیرۆریستی ئەنجام دەدەن .
ڕێگە بە حکومەت دەدات بۆ سەپاندنی دەسەڵات و ئارامی سیاسی لەسەرتاسەری عێراق .

**بەشی پێنجەم**

# دەشێت لە شۆڕشی ئەیلوول: (یەکەم ژنە شەهید و یەکەم کۆرپەی شەهیدو یەکەم شێرە ژنی شەڕکەر کۆیی بووبێت)



ڕەهبەری سەید برایم

پاش کودەتا خوێناوییەکەی هەشتی شوباتی ساڵی (١٩٦٣) فەرمانڕەوایی عێراق کەوتە ژێر ڕکێفی حیزبی بەعس، ساڵی (١٩٦٣) لە کۆیە بەساڵی بەعسیان و ساڵی حەرەس قەومیان و ساڵی هەرات هەراتەکە بەناوبانگە، ساڵێکی شووم و خاڵێکی ڕەشە لەنێو چاوانی بەعس و لاپەڕەیەکی ئاڵ و خوێناوییە لە مێژووی کۆیە، چونکە ئەو ساڵە پەشێوی کەوتە ناو شاری کۆیە، کوشتارو شەڕو ڕەشبگیری و تاڵانی و قەدەغەکردنی هاتوچۆو ڕووداوی خوێناوی لێ کەوتەوە، ئەو تاوان و قەسابخانەو کوشتارەی کۆیە بەفەرماندەیی ئەفسەری تاوانبارو موسڵاوی (تەها شەکر چی) فەرماندەی فەوجی (٥) لیوایی سوپایی عێراق بوو، لە ڕۆژی ١٩٦٣/٧/٧ مەلا شێخ تایەرو حەمیدی فەقی سمایلی دارتاش و جەلالی سمایلە سووری ئەحەسوور لە ختوخۆڕایی دەکوژرێن، هەر ئەو ڕۆژە (شەفیق ئۆمەر حەمەد چایەچی و حەمەدەمین ئەحمەد ئاغای غەفووری و سولەیمان حەمە قاوەچی و محمەد وەهاباغای حەوێزی و یوسف حەنای خەیات و حەنا یوسفی هەرمۆتەیی، لە دینگەکانی ناوەندی بازاڕی کۆیە دەیانپێچنەوەو گوللە بارانیان دەکەن و شەهیدیان دەکەن، دوو ڕۆژ ئەو لاشە خوێناویانە هەر بە بەستراوی لە دینگەکان مابوونەوە بۆ سام نواندن و تۆقاندن!

ڕۆژی (١٩٦٣/٧/٣١) سێ برا خەڵکی گوندی (مزگەوتۆرە) و بێ تاوانێکی خەڵکی گوندی (کێلە سپی) لە دینگە بەستران و شەهید کران، یەک لەو سێ برایە پەککەوتوو و کەم ئەندام بوو، ئەو شەهیدانە گوللەباران کران بەوناوانە، حوسێن شەریف ئیبراهیم —حەسەن شەریف ئیبراهیم —عومەر شەریف ئیبراهیم و قولی کوێخا عەلی کێلە سپی، هەر لە ناو شاری کۆیە مامۆستا کەمال ڕەشاغای حەوێزی شەهید دەکەن، لە دۆڵی سماقووڵی (عەبدولڕەحمان ئەسعەد چەلەبی و کوڕەکەی (جاسم) لە خەڵتانی خوێنیان دەگەوزێنن و شەهیدیان دەکەن، پیرو لاوەکانی کۆیە زۆربەی دەگرن و ڕەوانەی بەندینخانەی موسەیەبیان دەکەن ! هاتوچۆ قەدەغە دەکەن، بەڵام لە گوندی (یارەمیش) فەیزوڵڵاغای جەلالاغای حەوێزی و کوڕەکانی (مشیر ئاغاو ئەمیر ئاغا) و کوێخا مەمەندی کوێخا فەرەج کوردە لەگەڵ خێزانەکەی فەیزوڵڵاغای، بەناوی (نەزەند خانی ماماغای غەفووری دادەمەزرێن، بەرگرییەکی دلێرانە دەکەن، چەندین حەرەس قەومیان لێ دەکوژن و لەوێش دەیانێژن، ناهێڵن و پەلاماری (یارەمیش) تێک دەشکێنن و مەڕو ماڵات و سامان و ژن و منداڵەکانیان دەپارێزن، بە شەڕێکی قارەمانانە بەرگرییەکی شۆڕشگێڕانە دەکەن و سەنگەریان لێ دەگرن و چاوترسێنیان دەکەن ! نەزەندخانی غەفووری وەک شێرە ژنێکی ئازاو خۆڕاگر لەگەڵ هاوسەنگەرانی پیاو بەرگرییەکی نەترسانە دەکات، یەکەم ژنە شەڕکەرە لە شۆڕشی ئەیلوول وەک پێشمەرگەیەکی گومناو لە سەنگەری شەرەف شەڕو بەرگری بکات و هێرشی دوژمن تێک بشکێنن، سەرکەوتن بەدەست بهێن و لاشەی حەرەس قەومیان لە گۆڕەپانی شەڕ پێ بەجێ بهێڵن و نەهێڵن تاڵانی بکەن و گوندەکە بسوتێنن ! ئەو شەڕە لە مێژووی جوڵانەوەی کوردایەتی و شۆڕشدا دەگمەنەو شایانی شانازییە !!

وەنەبێ شاری کۆیە هەر شێرە ژنێکی ئازای هەبووبێ، پێ دەچێت یەکەم شەهیدی ژن لە شۆڕشی ئەیلوول کۆیی بووبێت، لە ڕۆژی ١٩٦٣/٧/٤ مونیرە مەلا تایەری جەلیزادە لەگەڵ کۆرپەی باوەشی بەناوی (شوان) شەهید دەکەن، ئەو ژنە شەهیدە نەک خۆی و کوڕەکەی باوەشی ژنەکە (دووگیان) بوو، لەناو ماڵی خۆیان دەیانکوژن، ئاخر ئەو کۆرپە تاقانە (شوان سابیر) بۆ یەکەم شەهیدی کۆرپە نییە لە شۆڕشی ئەیلوول، شەهید مونیرە مەلا تایەر هاوسەری (حاجی سابیری مەلا ڕەئوفی جەلینرادە) بوو، (حاجی سابیر) یەکەم کەس بووە لە (چنارۆک) گازینۆی گەشتیاری لێ داناوەو هەم مزگەوتی لێ کردۆتەوە، حاجی سابیری مەلا ڕەئوفی جەلیزادە لەگەڵ سەید برایمی حاجی سەید سەعیدی بەرزنجی برادەرو ناسیاوی خۆشەویستی یەکتر بووین، لەسەربازی پێکەوە بووین و هەم لە گوزەری قەیسەری نوێ دوکانیان بەرامبەر یەک بوو، بۆیە سەید برایم بۆ ئەو ڕووداوە شیعرێکی بۆ داناوە، ئەو شیعرەی سەید برایم، کە لەسەر گڵکۆی گۆڕەکەی شەهید منیرە مەلا تایەر نوسرابوو:

کۆرپەم لە باوەش شەهیدیان کردین
گوناهمان نەبوو بەس هێندە کوردین
ئێمەش هاتینە ڕیزی شەهیدان
بۆ ڕزگاربوونی کوردو کوردستان

تەنانەت قوربانی لەشاری سلێمانی کۆیی گرتەوە، مامۆستاو پەروەردکاری دواناوەندی سلێمانی (مامۆستا حاجی باقی) خەڵکی کۆیە بوو بەر شاڵاوی زەعیم سدیق کەوت و شەهید کرا، ئەو ڕووداوە خوێناویانەو کارەساتانەی لە کۆیە قەومان، دوژمن ڕقی گەورەی لە کۆیە بوو، چونکە شارەکە زۆربەی تێکۆشەرو شۆڕشگێڕ و لەگەڵ جوڵانەوەی کوردایەتیدا بوون، (مام جەلال) لە ڕۆژی ١٩٦٣/٣/٩ لە تەکیەی تاڵەبانی پێشوازی لە خەڵک دەکردو جۆش و خرۆشی خەڵکی دەدا بەگیانی شۆڕشگێڕانە !لە ڕۆژی ١٩٦٣/٣/١٦ مەلا مستەفای بارزانی لەگەڵ هاوەڵەکانی هاتنە ناو شاری کۆیە بەڕۆژ لە چیای باواجی دەبوون بەشەو لە قەسری کاکە زیادی حەمە ئاغای کۆیە دەبوون، کاکە زیاد جێگری دووەمی مەلا مستەفا بووە ! ئەو ساڵە نەورۆز لە کۆیە کراوە (هەژار) ی شاعیر شیعری (کاوەی مەزن) ی خوێندۆتەوەو هەر لەکۆیە ئەو شیعرەی نەورۆزی داناوە، لەگەڵ شیعری (بۆ پێشەوە پشێمان کەوە بارزانی) لە ڕۆژی ١٩٦٣/٣/٢٧ ئەو شیعرەی لە کۆیە داناوە، هەر لەو وەختە وەفدێک بە سەرۆکایەتی مام جەلال، کە پێک هاتووە لە خەڵکی حزبی و بێ لایەن لە کۆیە دەچنە بەغداد بە نیازی گفتوگۆ و دانوساندن بۆ سەندنی مافی کورد، وەفدەکە مەسعود محەمەد و سەمەدی حاجی محەمەدی بەناو ڕەشیدی عارف کۆیی بوون، مام جەلال لەوێ چووە میسر بۆ دیدەنی سەرۆکی میسر جەمال عەبدولناسر ئەندامانی وەفدەکەی لە بەغدا گیران و دەست بەسەر کران !پێشتر کۆبوونەوەیەکی فراوانی میللی بەسەرۆکایەتی مەلا مستەفای بارزانی لە کۆیە کرابوو، ببووە ئاگردانی شۆڕش و هێمای کوردایەتی!جگە لەو هەموو سەرکردەو شۆڕشگێڕە لە کۆیە هەڵکەوتوبوون دیارو ناودار بوون.

# مینبەرێک بۆ ڕای جیاواز



**تایبەت بە بەدرخان**

لە نوێترین چاپکراوی خۆیدا نەرمین سندی بە قەبارەی ٣٥٤ لاپەڕە کتێبێکی لەژێر ناوی "جیاواز. مینبەرێک بۆ بیروڕای جیاواز چاپکردووە.

ئەم کتێبە کە بریتییە لە ١٩ بەرنامەی هەڵبژێردراو لەکۆی ١١٩ بەرنامە، کە ئەو بەرنامانە لە ماوەی ٣ ساڵدا پێشکەشی بیسەران کراون.

نەرمین سندی لە لێدوانێکی تایبەت بە بەدرخان دەربارەی ئەو کتێبە گوتی: ئەوە پێنجەم کتێبە دەنگی کوردستان ساڵانە لە ساڵرۆژی دامەزراندنی رادیۆکە ٩/٢٨ بڵاوی دەکاتەوە و بەچاپی دەگەیەنێ، ئەو کارەش زیاتر بۆ هزری سالار عوسمان دەگەڕێنمەوە، کە هەر ساڵەو بەرنامەیەک لەدوو توێی کتێبێکدا چاپ بکرێ و خزمەت بە کتێبخانەی کوردی بکا، هەرچەندە بەرنامەکان لای ئێمە وەکو دەنگ بە ئەرشیف هەن، بەڵام وەکو نووسین ئەرشیف ناکرێ، بۆیە ئەو بەرنامانە بەشێوەی نووسین چاپ و بڵاودەکەینەوە تاکو خزمەت بە کتێبخانەی کوردی بکا".

نەرمین سندی لەبارەی هەڵبژاردنی ١٩ بەرنامە لەکۆی ١١٩یان، گوتی: لەبەرئەوەی بەرنامەی "جیاواز" لە سێ ساڵی رابردوو کۆمەڵێک تەوەری گرنگی لەخۆی گرتبوو، بەرنامەکە هەفتانە پێشکەش دەکرا، بۆیە ئاسایی بوو بابەتی ڕۆژانەو گەرماو گەرم لەناو بەرنامەکان هەبوو، بەڵام ئێمە هەوڵماندا بابەتی جیاواز و فکری لەدووتوێی کتێبەکە چاپ بکرێ، هەروەها رەچاوی دووبارە نەبوونەوەی میوانمان کردووە، هەروەک هەوڵمانداوە زیاتر ئەو بابەتە فکرییانەی تا ئێستا گفتوگۆی لەبارەوە بەردەوامە، بەچاپ بگەیەنین، بۆ ئەوەی ئەو بەرنامەیە ببێتە دەروازەیەک بۆ گفتوگۆ".

شیاوی باسە ئەو کتێبە لە بڵاوکراوەکانی رادیۆی دەنگی کوردستانە، ئەو رادیۆیە ساڵانە لە ساڵرۆژی دامەزراندنی بەرنامەیەک لەشێوەی کتێب بەچاپ دەگەیەنێ و وەک خۆیان ئاماژەیان پێکرد، بۆ ئەمساڵیش کتێبی شەشەم ئامادەیە.



ستراتیژ



سمکۆ محەمەد

# ڕۆژە ڕەشەکان دووبارە دەبنەوە

وارێکەوتووە من هەمیشە پێش ڕووداوەکان پێشبینی خۆم دەکەم و مەترسییەکانی دەخەمە بەرچاو، ئەمەش لەوێوە سەرچاوەی گرتووە کەزیاتر لەوکەسانەی قسە لەسەر ڕەهەند دەکەن، بەڵام کورت ڕەهەندن و من ڕەهەندە دوورەکان دەبینم، نەک تەنها ڕووکەشانە و بەمۆدێل قسەکردن، بەر لەوە جەنگی نێوخۆی کوردەکان دەست پێبکات، ئەوکاتیش ئەو پێشبینیەم کرد کەشەڕی نێوخۆ دەستپێدەکات، ئەوکات گوتم ئەمە سەرەتای کۆتاییەکی زۆر ناخۆشە و تەنها خەڵک تێیدا زەرەرمەند دەبێت، تەنها بەهەدەردانی خوێنی شەهیدان و ڕۆڵەی ئەم وڵاتە بەدبەختەیە، چونکە لەسەرەتاوە میدیاکانی ئەوکات دەستیان پێکرد، دواتر چووە قۆناغێکی تری ترسناکەوە و دەرەنجامەکەشی هەموومان بینیمان کوردستان چی بەسەرهات، ئێستاش هەمان ئەو سیناریۆ سیاسیانەیە کەلەمیدیاکانەوە دەستپێدەکات دووبارە دەبێتەوە، ڕەنگە دواتر سیاسییەکان خراپتری بکەن و دەرەنجامەکەشی لەساڵەکانی نەوەد خراپتر نەبێت، باشتر نابێت.

ڕەنگە دەستەواژەی ڕۆژە ڕەشەکان بۆ کوردستان، دەستەواژەیەکی ناحەز و مەترسیداربێت و بەرەشبینی لەقەڵەم بدرێت، بەڵام ئەوەی لەمیدیای کوردیدا بەهەموو ماناکانیەوە دەبینم، ئەو ئاماژەیەمان پێدەدات کەڕۆژە ڕەشەکانی سەرەتاکانی جەنگی نێوخۆ دووبارە دەبنەوە، چونکە نەئەوەی ئەوکات لەسەر چەند ڕیزە دوکانێکی ناوچەی قەڵادزێ و گرژیەکانی کوردستان بوو، نەئێستاش لەسەر تیرۆروبەدەنگ‌هاتنی ڕۆژنامەنووسانە کە سەردەست عوسمانی خوێندکار و ڕۆژنامەنووسی پێکراوە بەبەهانە، بەڵکو کۆنەقینێکە و سەرەتا بەمیدیا دەبزوێنرێ، بەڵام مەترسی ئەمجارە لەسەر حیزبێک و لایەنێک نییە، بەڵکو شانی تەواوی هەرێم دەگرێتەوە.

ڕۆژی ڕەش تەنها ئەوەنییە کەجەنگ دەستپێدەکات، بەڵکو ئەوەیە کەلەبری ئەوەی میدیا وەزعە سیاسییەکە هێور بکاتەوە، لەوە زیاتر دەیشێوێنێ و ئەو ئاگرە خۆش دەکات کەهەیە، ئەوەیە کەکەس نامەی کەس ناخوێنێتەوە و کەس دانی بەخێر بەوی تردا ناهێنێت، ئەوەیە کەئاسایشی هەرێمێک دەخاتە بەردەم مەترسییەوە، ئەوەیە کەهەرچی لەدوای ڕاپەڕینەوە چنراوە، دەیکاتەوە بەخوری، ئەوەیە کەلەبری سڕینەوەی ئاسەواری جەنگە ڕابردووەکان، جارێکی تر هەرچی مەلەفی ترسناک هەیە دەیخاتەوە بەردەست، سەرەنجامیش ئەوەی زەرەر دەکات تەنها هەرێمەکە و خەڵکی بێچارەیە.

ڕۆژی ڕەش ئەوەیە کەهەستکردن بەلێپرسراوێتی نامێنێت، ئەوەیە کەچارەنووسی سیاسی کۆمەڵگەیەک دەکرێتە قوربانی نووسینی نابەرپرسانە، ئەوەیە کەبەناوی لێکۆڵینەوە لەدۆسیەی ئەمنی و بەناوی ڕێگەگرتن لەتیرۆر تاوانی پێشوەختە دەخەنە پاڵ یەکتر، ئەوەیە کەدیالۆگ نامێنێت و هەڕەشە جێگەی دەگرێتەوە، ئەوەیە کەلەبری دوژمنەکانمان یەکتر تاوانبار دەکەین، ئەوەیە کەبەناوی ئەوەی کەس لەیاسا گەورەتر نییە، یان کەس لەسەروی ڕەخنەوە نییە، یان هیچ شتێک و کەسێک موقەدەس نییە، بەنالۆژیکی قسە لەسەر ڕووداوێک دەکرێت و مامەڵەی لەتەکدا دەکرێت کەدواجار جگە لەدوژمنی هەرێمی کوردستان، کەسێکی تر کەڵکی لێوەرناگرێت.

ئەم ڕۆژە ڕەشە لەوێوە دەستی پێکرد کەخوێنی قوربانییەکانی تیرۆر، کرا بەقوربانی ململانێی سیاسی و گەمەی سیاسی، لەحاڵێکدا هەرێمی کوردستان هیچ کات بەقەد ئێستا پێویستی بەپاراستن نەبووە، چونکە هێشتا هاوکێشە سیاسییەکانی عێراق و ناوچەکە یەکلایی نەبۆتەوە، هێشتا چارەنووسی کورد لەنێو ئاڵۆزی سیاسیدا ئایندەیەکی ڕۆشنی نییە، بۆیە من لام وایە مەترسییەکی گەورە بەرێوەیە، کە جگە لە ڕۆژی ڕەش هیچی تر نییە.

# ڕۆژ بە ڕۆژ



**هەڵبژاردەی تۆماری ڕووداوەکانە لە دەفتەرە تایبەتییەکانمدا، پاکنووسی هەیڤی حەوتەم لە نێوان ڕۆژی ٦ی ینایری ساڵی ١٩٩٣ تا ٢٣ی ینایری ساڵی ١٩٩٣**

**شێرزاد هەینی _ ستۆکهۆڵم**

**ڕۆژی ٦ ی ینایری ساڵی ١٩٩٣**

* ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ) ی ژمارە ٢٨٦ دەرچوو.
* ڕۆژنامەی (خەبات) ی ژمارە ٦٥٤ دەرچوو.
* لەیادی دامەزراندنی سوپای عێراقی پشوودان بوو.

**ڕۆژی ٧ ی ینایری ساڵی ١٩٩٣**

* ڕۆژنامەی (هەرێم) ی ژمارە ٦ دەرچوو.
* عەلی حەسەن ئەلمەجید لە ڕۆژنامەکانی بەغدا نووسیبووی، ئەوان دەتوانن ناوچەکانی لە بن کۆنترۆڵی ئەواندا نییە بەئاسانی بیانگرنەوە.
* ئەندامانی ئەنجومەنی ئاسایش ماوەی ٤٨ سەعاتیان بۆ حکومەت داناوە مووشەکەکانی خوارووی عێراق بکێشتەوە، ئەگەرنا بەچەک زەبرێکی کوشندەی لێیدەدەین. نەزار حەمدون وتبووی حکومەتەکەمان مافی خۆیەتی سوپاکەی لەناو خاکی خۆیدا بڵاوە بکات. قسەی ئەوەش هەیە سەرۆک بۆش پێش ئەوەی پۆستەکەی جێبهێڵێت زەبرێک لە عێراق بدات.
* ڕۆژنامەی (طريق الشعب) ی ژمارەی ٥ ی ساڵی ١٩٩٢ دەرچوو.

**ڕۆژی ٨ ی ینایری ساڵی ١٩٩٣**

* ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ) ی ژمارە ٢٨٧ دەرچوو، لەگەڵ ئەو ژمارەیە پاشکۆی پەریستان نەبوو.
* هەموو ئاژانسەکان باس لە کێشانەوەی مووشەکانی عێراق دەکەن، عێراقیش سوورە لەسەر ئەوەی لەناو خاکی خۆیدا ئازادە چەکەکانی بەکاربهێنێت.

**ڕۆژی ٩ ی ینایری ساڵی ١٩٩٣**

* ڕۆژنامەی (الاتحاد) ی ژمارە ١١ دەرچوو.
* لە کاتی دوا مۆڵەتی کشانەوەی مووشەکانی سوپای عێراقی لە ناوچەکانی خوار هێڵی ٣٢ مشتومڕی زۆری لەسەرە، هەموو سالۆنە سیاسییەکان و ئاژانسەکان قسەی لەسەر دەکەن، مەسەلەکە گەرمە، حکومەتی عێراقی لەسەر زاری گەورە سیاسییەکان و ئەنجومەنی شۆڕش و ئەنجومەنی نیشتیمانی و نوێنەری عێراق لە نەتەوە یەکگرتووەکان و وەزارەتی دەرەوە، دەڵێن ئێمە لەناو خاکی خۆمان بە هیچ شێوەیەک سوپا و چەکەکانمان ناکێشینەوە و مافی ڕەوای خۆمانە بەرگری لە خۆمان بکەین. لەودەمانە بەیانێکی پنتاگۆنی ئەمریکی ڕادەگەیێنێت کەوا سوپای عێراقی لە دوا ساتەکانی مۆڵەتەکە مووشەکانی خوارووی عێراقی هەڵوەشاندیتەوە و ناوچەکەی چۆڵکردووە. بڕیاریشە تیمێکی پشکنینی نەتەوە یەکگرتووەکان بگەنە بەغدا، بەڵام دووبارە حکومەت ناڕەزایی هەیەو دەڵێت: قبووڵم نییە ئەو تیمە بە فڕۆکە لە بەغدا دابەزن، دەبێ یان فڕۆکەی عێراقی بەکاربهێنن، یان بە ئۆتومبێل لە سنووری ئوردنەوە بێنە ناو عێراق، بەوەش کێشەیەکی تر سەر هەڵدەدات.
* لە چەمچەماڵ پاش ئەوەی ڕێکخراوی کیری خزمەتگوزاری سووتەمەنی دابەش دەکرێت، ئەندامێکی ئوسترالی ئەو دەستەیە بەدەستی خەڵکی ناوچەکە دەکوژرێت، بەوەش نەوت دابەشکردنەکە ڕادەگیرێت.

**ڕۆژی ١٠ ی ینایری ساڵی ١٩٩٣**

* ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ) ی ژمارە ٢٨٨ دەرچوو. نووسینێکی کورتم لەو ژمارەیەدا بڵاودەبێتەوە.
* ڕۆژنامەی (ئاڵای ئازادی) ی ژمارە ٥٦ دەرچوو.

**ڕۆژی ١١ ی ینایری ساڵی ١٩٩٣**

* ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ) ی ژمارە ٢٨٩ دەرچوو. لەگەڵ ئەو ژمارەیەدا ژمارە سفری پاشکۆی ئەدەبی لەگەڵدا بوو.
* ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ) بە زمانی ئینگلیزی ژمارەی ٧ ی دەرچوو.
* من بۆ سازکردنی ڕاپۆرتێک بۆ ڕۆژنامەکەمان "هەولێر" ئامادەی دانیشتنی ئەنجومەنی شارەوانی هەولێر بووم.

**ڕۆژی ١٢ ی ینایری ساڵی ١٩٩٣**

* ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ) ی ژمارە ٢٩٠ دەرچوو. بە بۆنەی ساڵیادی ڕۆژنامەکە ژمارەیەکی تایبەتی بڵاودەکاتەوە و لاپەڕەکانیشی ١٦ لاپەڕەبوو. هەر بەو بۆنەیە لە هۆڵی میدیا ئاهەنگێکی وتار خوێندنەوە سازکرا، چەندین وتارو بروسکەی پیرۆزبایی خوێندرایەوە.
* دیارە کێشەی نێوان حکومەتی عێراقی و نەتەوە یەکگرتووەکان ئاڵۆزبووە، عێراقییەکان چەند ڕۆژە کەلوپەل دەگوازنەوە ناو سنووری کوێت، ئەو وڵاتە بە بەشێک لە خاکی خۆی دەزانێت، ئەنجومەنی ئاسایش و وڵاتانی هاوپەیمانیش بە توندی هوشیاریان کردوە و هەڕەشەیان لێ کردووە.

**ڕۆژی ١٣ ی ینایری ساڵی ١٩٩٣**

* کوردستانی نوێ چوار ڕۆژی پشوودانی تایبەتی خۆی ڕاگەیاند.
* فەرەنسا دەبێژێت کەوا حکومەتی عێراقی مووشەکەکانی لەناو ناوچەی هێڵی ٣٦ ی کوردەکان ئامادەکردووە، بەوەش بریتانیاش نیگەرانە چونکە ئەگەر لەو حاڵەتەدا لە مووشەکەکان بدرێت، کوردەکان زیانیان بەردەکەوێت، ڕەنگە حکومەتیش لە تۆڵەی ئەو زەبرە لە کوردەکان بدات، ئەگەرچی نزیکەی ٥٠ فڕۆکە لە ناو خاکی تورکیا بۆ پاراستنی کوردەکان دانراوە. هەر لەبەر ئەو ڕەوشە نوێیە وەزیری دەرەوە بەرنامەی سەردانەکەی دەپچڕێت.
* هەواڵی وا هەیە کەوا حکومەت چەند ناوچەیەکی نزیکی شاری هەولێری بۆردمانکردووە، لە کەرکووکیش ژمارەیەکی زۆری کوردی لەو شارە گرتووە.
* گالۆنی بەنزین بە ٥٠ دینارە و بەرمیلی گازیش هەرزان بووە، یەک بەرمیل بە ٥٠٠ تا ٦٠٠ دینارە.
* سەعات هەشت و نیو بە سەد فڕۆکەی جەنگی هاوپەیمانان لە سوپای عێراقی درا، هەموو ئاژانسەکان ئەو هەواڵەیان بە گرینگی باس دەکرد، هەر بەو شەوە لە ناو شاری هەولێر تەقەی خۆشی کرا، لەلایەکی تریشەوە ترسی ئەوەش هەبوو لە تۆڵەی ئەو زەبرە سەربازییە مەزنەش حکومەتی عێراقی کوردستان بۆردمان بکات.
* نەزار حەمدون نوێنەری عێراق لە نەتەوە یەکگرتوەکان زوو لە هەڕەشە و قسەکانی پەشیمان دەبێتەوە، حکومەت ڕازی دەبێت پشکێنەرانی نەتەوە یەکگرتووکان بە فڕۆکەی خۆیان لە عێراق بنیشن، بەڵێنیش دەدەن جارێکی تر باسی کوێت نەکەن و دەستدرێژیش نەکەنە سەر ئەو وڵاتە. قسەکەرێک بەناوی وەزارەتی ڕاگەیاندنی عێراق ڕادەگەیێنێت، کەوا ئەو وتارەی عەبدولجەبار موحسین نووسیبوی: خاکی کوێت بەشێکە لە عێراق، ئەوە گوزارشت لە بۆچوونی خۆی دەکات، ئەوەیان بۆچوونی ڕەسمی ئێمە نییە. لەو قسەیەش دیارە، کەوا حکومەتی عێراق پاش ئەو گورزە سەربازییە زۆر لاوازە و تەسلیم بووە.
* چاودێران دەڵێن هاوپەیمانان ٨ بنکەو مۆڵگەی سەربازی عێراقیان بۆردمان کردووە، هەموو فڕۆکەکانیش بەسەلامەتی گەڕاونەتەوە بنکەکانی خۆیان لەناو خاکی مەملەکەتی عەرەبی سعوودیە. سەدامیش بە ناوی خوداو تۆڵەکردنەوە قسەی کردبوو، لە هەولێریش تەقەی خۆشی بەردەوامە و پۆلیس و ئاسایش هەموو لە ئامادەباشی و ئینزارن، دەڵێن فڕۆکەکوێتییەکانیش بەشداریان لەو هێرشە ئاسمانییە کردووە. لەو گورزە سەربازییەدا کاندیدی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی ئەمریکا بیل کلینتۆن بەگەرمی پشتیوانی سەرۆک بۆش دەکات، لەوێدا وتبووی ئەگەر ئێمە حکومی ئیدارەی ئەمریکا وەرگرین لە بۆش توندتر لە سەدام حوسێن دەدەین. لەو قسانەش بەردەوام باس لە یەک پارچەیی خاکی عێراقیش دەکرێت.

**ڕۆژی ١٤ ی ینایری ساڵی ١٩٩٣**

* ئەگەرچی ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ پشوودانی خۆی ڕاگەیاندبوو، کە هاوپەیمانان سەربازگەکانی حکومەتیان بۆردومانکرد، بەو بۆنەیەوە ژمارەیەکی تایبەتی دەرچوو. کە ژمارەیەکی نوێ بوو لە ساڵی دووەمی دەرچوونیدا، ژمارە ٢٩١ ی بە سەرەوە بوو.
* ڕۆژنامەی (هەرێم) ی ژمارە ٧ دەرچوو، لەو ژمارەیەدا بابەتێکی کورتم لە سەر بیناسازی بڵاوکرایەوە.

**ڕۆژی ١٥ ی ینایری ساڵی ١٩٩٣**

* ڕۆژنامەی (نیشتیمان) ی ژمارە ٥ دەرچوو.
* ڕۆژنامەی (دەنگی قوتابیان) ی ژمارە ١ بە زمانی کوردی دەرچوو، ئەو ژمارەیە ٤ لاپەڕە بوو، چەند وێنەی کاریکاتێری مام جەلال، کاک مەسعوودی تێدا نیگار کرابوو.
* لە ترسی ئەگەری بۆردمانی حکومەتی عێراق ژمارەیەک لە نوێنەرانی ڕێکخراوە بێگانەکان لە کوردستان گەڕانەوە، دەڵێن حکومەت نیازی هێرشی هەیە، خەڵکەکەش ترسیان هەیە.
* ئەمریکییەکان دەڵێن نیوەی هێزو چەکە ئاسمانییەکانی عێراقمان لەو بۆردمانەدا تێکشکاندووە، بەڵام حکومەتی عێراق بەردەوام لەسەر ئەوەی دان بە ناوچە دژەفڕینەکەی باشوور ناکات، دەڵێن ڕەنگە هاوپەیمانان بە سەرۆکایەتی ئەمریکی زەبرێکی تر لە هێزەکانی عێراقی بوەشێنن، دەوڵەتە عەرەبییەکانیش بەقسە و بەراگەیاندن پشتی حکومەتی عێراق دەگرن، قسەش هەیە کەوا لە شارەکانی نەجەف و بەسرا خەڵکەکەش لەو بۆردومانەدا زیانیان بەرکەوتووە، گوایە فڕۆکەکان لە ترسی پێکانیان بە مووشەکانی حکومەت بەرز فڕیون و خاڵەکانیان باش نەپێکاوە، قسەکەرێک بە ناوی هێزە ئاسمانییەکانی عێراق دەڵێت لە ناوچەی خازری نزیک شاری موسڵ ڕاوی دوو فڕۆکەی ئەمریکیمان ناوە و لە ئاسمانی ناوچەکە دوورکەوتوونەتەوە. لەلایەن خۆشیانەوە ئەمریکییەکان دەڵێن ئێمە هەستمان بەوە نەکردووە، سەرجەم هەواڵەکان شێواوی و ئاڵۆزییان پێوەیە.

**١٦ ی ینایری ساڵی ١٩٩٣**

* ڕۆژنامەی (یەکگرتن) ی ژمارە ٨ دەرچوو.
* ڕۆژنامەی (الاتحاد) ی ژمارە ١١ دەرچوو.
* دووبارە کێشەی حکومەتی عێراق و هاوپەیمانان سەری هەڵدایەوە، عێراقییەکان دەڵێن ئیمڕۆ فڕۆکەیەکی نەیارمان لە ئاسمانی شاری بەسرا ڕاوناوە، بواریش نادەین فڕۆکەی تیمەکانی پشکنین بێنە عێراق، هەروەها سوورین لەسەر ئەوەی شەش بنکەی ئاسمانی ناوچەی ئوم قەسری نزیک بەسراش چۆڵ ناکەین.
* عێراقییەکانی ئەمریکی باسی نەهامەتی گەلانی عێراقیان دەکرد، یەکێک لەوانە کورد بوو، ناوی فۆاد دەروێش بوو، ئەو وتبووی سەدام تاوانبارێکی گەورەیە.

**ڕۆژی ١٧ ی ینایری ساڵی ١٩٩٣**

* ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ) ی ژمارە ٢٩٢ دەرچوو.
* ڕۆژنامەی (ئاڵای ئازادی) ی ژمارە ٥٧ دەرچوو.
* کێشەکانی حکومەت و ئەمریکا بەردەوامە، تاریق عەزیز وتبووی ئێمە بە هیچ شێوەیەک دان بە هێڵی دژە فڕینی ٣٢ و ٣٦ دانانێن، ناکرێ تیمەکانی پشکنین بێجگە لە سنووری ئوردن بێنە ناو خاکمان. سەرۆک بۆش کۆبونەوەی لەگەڵ وڵاتە هاوپەیمانەکانی دەکات. لە کۆتاییدا عێراق ڕازی دەبێت تیمەکان بە فڕۆکە بێنە ناو عێراق بە مەرجێک لەودەمانەدا فڕۆکەی هاوپەیمانان لە ئاسماندا نەبن.

**ڕۆژی ١٨ ی ینایری ساڵی ١٩٩٣**

* ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ) ی ژمارە ٢٩٣ دەرچوو.
* ئیمشەو لە بنکە سەربازییەکان لە کەنداوی عەرەبییەوە، هاوپەیمانان ٤٠ مووشەکی کرۆزیان ئاراستەی کارگەی چەکە ناوکییەکانی عێراقی لە تەنیشت ناوچەی ئەلزەعفەرانیە کرد. هەواڵەکان دەڵێن مووشەک یان نارنجۆکێک لە ناو هوتێلی ئەلرەشیدی بەغدا تەقیوەتەوە، لەوێدا بریندارێش هەیە. لەودەمانە لە هوتێلەکەدا میوانانی بێگانە بۆ کۆنگرەی میللی ئیسلامی دابەزیبوون، دەڵێن هوتێلەکە و ئۆتومبێلەکان زیانیان بەرکەوتووە. پاش ئەو هێرشە مووشەکیانە سەدام لە تەلەڤزیۆنەوە وتارێکی هەبوو، لەوێدا وتبووی عێراق ناشکێت. ئەو شەوە لە شاری بەغدا کارەبا نەبووە، ئاسمانی شارەکە بوویتە یەکپارچە ئاگر. هەر ئەو ڕۆژەش فڕۆکەیەکی ئەمریکی فڕۆکەیەکی مێک ٢١ ی عێراقی خستووتە خوارەوە.
* بی بی سی: مام جەلال وتی، ئەو عەنتەریاتەی سەدام سوودی نییە، ورەی سوپای عێراق لە ژێر سفردایە، ئێمە دڵنیاین کەوا هاوپەیمانان لە سەدام دەمانپارێزن.
* کلینتۆن و جێگرەکەی دەستخۆشی لە زەبرەکەی هاوپەیمانان دەکەن، کە لە سوپای عێراقیان داوە، وتیان ئێمە توندتری لێ دەدەین، ئێمە هەرگیز نەمانوتووە ئەگەر سەدام کردەوەکانی بگۆڕێت وازی لێ دەهێنین. ئەمریکا دەڵێت ئێمە بە مووشەک لە بەغدامان داوەو بەردەوام فڕۆکەکانمان لە مەترسییەکان ئەوان دەپارێزین، بۆیەش لەو بنکە و پێگەیەمان داوە تا هاووڵاتیانی عێراقی زیانیان بەرنەکەوێت. لەودەمانەدا وەزیری ڕاگەیاندنی کوێتی وتبوو، حکومەتی عێراق وا خەریکی سوپاکەی لە سەر سنوورەکان دوور دەخاتەوە. ئەوەی ئاشکرایە ئەو لێدانەی بەغدا تەنها فڕۆکەکانی ئەمریکا بووە، بەڵام سەرۆک بۆش پێشتر ئاگاداری هاوپەیمانەکانی فەرەنسا و تورکیا و بریتانیا و کەندا و کلینتۆنیشی کردۆتەوە.

**ڕۆژی ١٩ ی ینایری ساڵی ١٩٩٣**

* ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ) ی ژمارە ٢٩٤ دەرچوو.
* ژمارەیەکی تری ڕۆژنامەی (ڕێگای کوردستان) دەرچوو.
* ئیمڕۆش فڕۆکەکانی هاوپەیمانان لە پێگە سەربازییەکانی عێراقیان لە شارەکانی موسڵ و سەماوە داوە، عێراقییەکان دەڵێن ٢١ قوربانیمان هەیە.
* دەڵێن فڕۆکەیەکی عێراقی لە ناوچەی کەرکووک کەوتووتە خوارەوە، سەرەتا خەڵکەکە وایانزانیوە فڕۆکەکە ئەمریکییە، بۆیە تەقەی خۆشییان کردووە و بە ڕاکردن خەریکی دۆزینەوەی پیلۆتەکە بوون، بەڵام دەرکەوت فڕۆکەوانە بریندارەکە عێراقییە، بۆیەش پەرۆشی زانینی ڕاستییەکان بوون، چونکە سەدام بڕیاری داوە ئەوەی فڕۆکەیەکی ئەمریکی بخاتە خوارەوە، بە یەک ملیۆن دینار خەڵات دەکرێت.
* کاک مەسعوود بە بی بی سی ڕاگەیاندبوو ئەگەر بەغدا هێرشمان بکاتە سەر ئێمە ئامادەین بەرگری بکەین، ئەگەر بگاتە شەڕی پارتیزانیش، ئێمە ئەمجارە بەغدا دەهەژێنین. لیوا کەمال موفتیش وەک وەزیری کاروباری پێشمەرگە وتبووی: پێشمەرگە ئامادەیە و دەتوانێت بەرگری بکات.
* حکومەتی عێراقی ڕایگەیاند تا بوار ساز بکەین کلینتۆن بێتە سەرۆکایەتی ئەمریکا، شەڕەکەمان ڕادەگرین، ئامادەین بوار بدەین فڕۆکەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ گەیاندنی تیمەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان لە بەغدا بنیشنەوە.

**ڕۆژی ٢٠ ی ینایری ساڵی ١٩٩٣**

* ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ) ی ژمارە ٢٩٥ دەرچوو.
* ڕۆژنامەی (خەبات) ی ژمارە ٦٥٦ دەرچوو.
* تەلەڤزیۆنی پارتی ڕێورەسمی هاتنە سەر کاری کلینتۆنی ڕاستەوخۆ نیشاندا.
* یەک بەرمیل گاز هەرزان بووە و نرخەکەی لە نێوان ٥٠٠ تا ٦٠٠ دینارە.

**ڕۆژی ٢١ ی ینایری ساڵی ١٩٩٣**

* ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ) ی ژمارە ٢٩٦ دەرچوو.
* ڕۆژنامەی (هەرێم) ی ژمارە ٨ دەرچوو.
* ئیمڕۆ چەند بارهەڵگری ئازووخە لەژێر چاودێری کارمەندان و پۆلیسی نێودەوڵەتی گەیشتنە هەولێر.
* دەستکرا بە دابەشکردنی بەشە نەوتی هاووڵاتیان.
* ڕێکخراوی (هێلپ) ی ئەڵمانی بەردەوام بۆ فەرمانبەران ئازووخە دابەش دەکات، بەشی هەر مووچەخۆرێک ٢٥ کیلۆ ئاردو ١٠ کیلۆ برنج و ٥ کیلۆ شەکرو ٣ کیلۆ ڕوونە، دیارە ئەوەش یارمەتییەکی باشە بۆ فەرمانبەران، زۆریش دڵیان بەوە خۆشەو بەپەرۆشەوە چاوەڕوان دەبن.

**ڕۆژی ٢٢ ی ینایری ساڵی ١٩٩٣**

* ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ) ی ژمارە ٢٩٧ دەرچوو. لە لاپەڕەی ٨ بابەتێکم بڵاوکرایەوە.
* ئیمشەو تەلەڤزیۆنەکان بەرنامە ئاساییەکانیان بڕی و هەواڵی لێدانی بنکە مووشەکەکانی حکومەتیان لە موسڵ لەلایەن ئەمریکاوە بڵاوکردەوە. ئەو زەبرە سەربازییەش یەکەم ئەزموون و دەستوەشاندنی سەرۆکی نوێی ئەمریکی بوو، زۆر جار حکومەت موزایەدەی لەسەر کلینتۆن دەکرد، کەوا وەک سەرۆک بۆش نییە، لێدانی بنکەکە لەلایەن پەیڤداری کۆشکی سپییەوە سەلمێندرا. حکومەتی عێراقیش لەلایەن خۆیەوە ئەو لێدانەی بە دەستدرێژی و دوژمنداری ناوبرد و ڕایگەیاند، کەوا فڕۆکەکانی نەیارەکان ئیمشەو لە ناوچەیەکی بازرگانیان داوە و کارگەیەکی پەینی کیمیاوی کشتوکاڵیان بۆردومان کردووە.
* پەرلەمانی ئەورووپی لە بەیانێکدا، لێدانەکەی ئەوجارەی عێراقیان بە ڕەوا ناو نەبرد.
* سەعات یەکی نیوەڕۆ ئۆتومبێلێکی مینرێژکراو لە جەرگەی شاری هەولێر و بەرامبەر قەڵاتدا لە پێش چێشتخانەی ئەلمشوار دەتەقێتەوە. تەقینەوەکە گەورەبوو، کارەساتەکە شاری هەولێری هەژاند، لەو تەقینەوەیەدا ٨ کەس شەهیدبوون، نزیکەی سەد کەسیش بریندار بوون، دوکانەکانی ئەو شەقامە هەموو زیانی مادی زۆریان بەرکەوت، ئەگەر ئەو تەقینەوەیە دوو سەعات زووتر بووایە قوربانییەکان دەگەیشتە سەدان کەس. خەڵکێکی زۆر بە هانای بانگەوازی خوێن بەخشین گەیشتنە نەخۆشخانەی فریاکەوتن، زۆرتر لە ٥٠٠ کەس بە ژن و بە پیاوەوە خوێنیان بە بریندارەکانی کارەساتەکە بەخشی. هەموو ئاژانسە جیهانییەکان باسی گەورەیی ئەو تەقینەوەیان دەکرد، لەوانە زۆر بە وردی ڕادیۆی مۆنتی کارلۆ بەرنامەی چڕی هەبوو، قسەکەری یەکێتی نیشتیمانی کوردستان لە ئەنقەرە هەواڵەکەی پشتڕاست کردەوە.

**ڕۆژانەکە بەردەوامە**

## پرسە

بەناوی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی بەدرخان، پرسەو سەرەخۆشی خۆمان ئاراستەی نووسەرو ڕۆژنامەنووس (سمکۆ محەمەد)ی هاوکارمان، بەبۆنەی کۆچی دوایی دایکیانەوە (فاتیمە فەرەج عەسکەری)، ئەو خاتوونەی کە ژیانی خۆی تەرخان کرد بۆ منداڵەکانی و زۆریشی خەم و خەفەت چەشت بەدەست کەسوکارە ونبووەکەی لە ئەنفال.
لە خوای گەورە داواکارین خوالێخۆشبوو بە بەهەشتی بەرین شاد بکات و تەمەن درێژیش بۆ بنەماڵەکەیان.

**دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی بەدرخان**

# تەتەڵە



**شاسوار هەرشەمی - سوید**

کاتێک کە سەلاحەددین بووە فەرمانڕەوا "ساڵی ١١٨٦ز". سەرەڕایی ئەو نەهامەتییە گەورانەی کە تورکان بەسەر کوردستانیاندا هێنابوو، سەلاحەددین بووە میراتگری شەڕو پەلامارێک، کە نەوەد ساڵ پێش دەستەڵات گرتنە دەستی وی هەڵگیرسابوو. مەبەستمان لە شەڕو هەڵمەتەکانی ناسراو بە خاچپەرستانە. ئەو هەڵمەتەی کە بۆ یەکەمین جار لە ساڵی ١٠٩٧ز، بە نیازی رزگارکردنی شوێنە پیرۆزەکانی مەسیحیی، لە دەست تورکانی سەلجوقی "موسڵمانان" دەستی پێکرد.

تا سەردەمی سەلاحەددین، دوو هەڵمەتی گەورەی خاچپەرستانی ئەوروپی کۆتاییان هاتبوو "دیارە بەمانەوەو نیشتەجێ بوونی ژمارەیەک لە خاچپەرستان و دروستکردنی فەرمانڕەوایی لە چەندان شوێندا". سەلاحەددین لەساڵی ١١٨٧ زاینیدا، هەڵمەتی سێیەمی خاچپەرستان، کە گەورەترین و کاریگەرترین شاڵاو بوو، تێکشکاندو کۆتایی بەو شەڕانە هێنا.

لەیەکەم هەڵمەتەوە تا دەرکردنی خاچپەرستان لەسەر هەموو کەنارەکانی دەریای ناوەڕاستدا، نزیکەی دوو سەدەی خایاند. کوردستان بە درێژایی ئەو دوو سەدەیە، بەرەی پشتەوەی شەڕ بوو. لەوماوە درێژەدا لە کوردستاندا نەک هەر بواری کەڵەکەکردنی سەرمایە نەبوو، بەڵکو قوت و بژێوی خەڵکەکەش بۆ پشتیوانی شەڕکەران دەچوو. بەهەزاران هەزار گەنجی کوردستانیش لەو شەڕانەدا بوونە قۆچی قوربانی و لە غەریبیدا نێژران و هەرگیز جارێکی تر بۆ وڵاتەکەیان نەگەڕانەوە.

ئەگەر پێناسەیەکی کورتی کوردستان بکەین لەو سەردەمەدا کە ئەستێرەی بەختی سەلاحەددین لە میسر و دواتر شام درەوشایەوە، دەکرێت بڵێین کوردستان لە ژێر باری ئابووری سەختدا دەیناڵاند و غەزای خاچپەرستان هیچی لە ماڵ و بژێوی خەڵک نەهێشتبووەوە. هاتنی پەیتا پەیتای تورکانی غەز و سەلجوقیش، باکووری رۆژهەڵاتی کوردستانیان بەتەواوی تەنیبووەوەو بۆ هەمیشە مۆرکی کوردیان بەو خاکانەوە نەهێشت. لە قوڵایی کوردستانیشدا، خەڵک

هەمیشە لە هەڵاتن و گەڕان دابوون بەدوای لەوەڕگا و پاوان بۆ ئاژەڵەکانییان و جێهەوارێکی گونجاو بۆ گیرسانەوە، بێ ئەوەی چرکەیەکیش تارمایی تورکیان لێ دوورکەوتبێتەوە. وڵاتێکی پەرێشان و برسی و گەلێکی ئاوارەو هەڵکەندراو لەناو خاکی خۆیدا، باشترین پێناسەیە بۆ ئەو کوردستانەی کە سنوورەکانی لە ئاڵوگۆڕیی و جێگۆڕکێیەکی زۆر خێرا و نا ئاسایی دابوو.

***

ئێستا کە کەمێک لە بارودۆخی ئەوکاتی کوردستان شارەزابووین و زانیمان نەخشەی کوردستانی ئەوکات لەگەڵ نەخشەی ئێستای چ جیاوازییەکی زۆری هەبوو لە هەردوو بەری رۆژهەڵات و رۆژئاوای، دەمانەوێ بزانین، کە بارودۆخی سەلاحەددینی ئەیوبی چۆن بووەو ئەو لە چ بارێکدا




بووە؟

سەلاحەددینی کورد، لەدووری کوردستانەوە، فەرماندەی لەشکرێکی موسڵمانی تێکەڵ و پێکەڵی دەکرد لە عەرەب و تورک و کورد و هەموو رەگەزێکی تری موسڵمان، سەرچاوە ئەوروپییەکان بەو لەشکرەی سەلاحەددینیان دەگوت: "سەراسینەکان" کە لە "سەحرانشینەکان"ەوە گۆڕاوە، بارودۆخی سەلاحەددین لە سەروبەندی دەسەڵات گرتنە دەستی دا، لە بارودۆخی گەلەکەی لە کوردستان باشتر نەبوو.

ئەو هێشتا خۆی و پێگەی دەستەڵاتی خۆی بەباشی جێگیر نەکردبوو، کە تووشی هەڵمەتێکی گورزم ئاسای هاوبەشی هەموو ئەوروپا بووەوە. بێگومان لە بارێکی وادا، ئەوەی بۆ سەلاحەددین گرنگ و زۆر پێویست بووە، پاراستنی دەستەڵات و لاوانی هەڕەشەی راستەوخۆ بووە بۆ سەر ئەو دەسەڵاتە. ئەمەش هەڵمەتی خاچپەرستانی ئەوروپی بوو. بێگومان هۆکاری ئاینیش رۆڵی گرنگی لەمەدا بینیوە. رەنگە هەر ئەو هۆکارەش بێت، کە بۆتە هۆی بەیەکەوە هەڵکردنی رەگەزە جۆراو جۆرەکانی ناو لەشکر. ئەم کارە سەختە، هەموو توانای سەلاحەددینی بەخۆیەوە خەریک کردبوو.

***

**کوردستان چی لە سەلاحەددین دەویست و ئەویش چی پێدەکرا؟**

وەک دەزانین و لێرەشدا بەدرێژی روونمان کردەوە، سەلاحەددین دەستەڵاتدار، یان میرێکی دەستڕۆیشتووی کوردستان نەبوو، کە پشتی لە گەلەکەی کردبێت و بە لەشکرەکەیەوە پەلاماری بردبێتە سەر شام و میسر و شەڕی بەخاچپەرستان فرۆشتبێت.

بە پێچەوانەی ئەمە، ئەوە ئەو رووداوانە بوون، کە سەلاحەددینیان دروست کرد. ئەو فەرماندەیەکی لەشکری تورکانی ئەتابەگی بوو بە فەرمانداری نورەددین مەحموود "١١٤٦- ١١٧٤ز". سەلاحەددین ساڵانێکی زۆر لە ژێر سێبەری شێرکۆی مامی دەمێنێتەوە. رووداوێکی چاوەڕوان نەکراو دەرگای بە فراوانی بۆ سەلاحەددین کردەوە. لەشکرێکی خاچپەرستان، بە یارمەتی هەندێ لە وەزیرە شیعەکانی فاتمی دەستەڵاتدار لە قاهیرە، دێنە ناو میسر. نورەددین هەستی بە مەترسی هاوکاری کرد لە نێوان شیعەو خاچپەرستان، بۆیە داوای لە شێرکۆ کرد تا پەلاماری میسر بدات. شێرکۆ بۆ ئەو ئەرکە سەربازییە سەلاحەددینیشی لەگەڵ خۆی برد. ئەو لە کارەکانی سەرکەوتوو بوو. ساڵی ١١٦٩ز شێرکۆ لە میسر کۆچی دوایی کردو جڵەوی لەشکرەکەی کەوتە دەست سەلاحەددین. سەلاحەددین لە شێرکۆی مامی رادیکاڵتر بوو. ئەو ساڵی ١١٧١ دەستەڵاتی شیعەی فاتمی لە میسر هەڵوەشاندەوە، مەزهەبی خۆی "شافیعی" بەسەر میسریاندا سەپاند و بووبە فەرمانڕەوای میسر.

دوای ئەوەی کە نورەددین مەحموود لە ساڵی ١١٧٤ز مرد، سەلاحەددین هەڵی قۆستەوەو دەوڵەتی ئەیوبی کوردی لە میسر بە رێبەرایەتی خۆی راگەیاند. هەر هەمان ساڵ "١١٧٤" بە لەشکرێکەوە بەرەو شام هەڵکشا و شاری دیمەشقی گرت. ساڵی ١١٨٣ توانی "حەلەب"یش بخاتە ژێر دەستەڵاتی خۆی. سەلاحەددین بۆ یەکەمین جار لە ساڵی ١١٨٦ز توانی ناوچەی جزیرە و دواتر هەموو رۆژئاوای کوردستان بخاتە ژێر رکێفی خۆیەوە. ئەمەش بە راماڵینی دەستەڵاتی هۆزو میرە تورکەکان جێبەجێ کرا. دوای ئەو سەرکەوتنانە ئیدی هەموو میرە کوردەکانی تر پێشوازیان لە دەستەڵاتی سەلاحەددین کرد. بەهەمان شێوەش میرە تورکەکان دەستەڵاتی ویان پەژیراند.

سەلاحەددین هەر کە دەستی بە کوردستان راگەیی، ئیدی دەست بەکار بوو، ئەوەی لەو کوردستانە پاشاگەردانەی ئەو سەردەم دەبا کرابایە، ئەو پتریشی کرد. وەک پێشتر روونمان کردەوە، کە کوردان ئەو سەردەم لە پەرێشانییەکی ئەوتۆ دابوون، کە باس لە دەوڵەت دروستکردن پتر لە خەیاڵی خۆش دەچوو. ئەوەی گرنگ و ئەرکی بە پەلە بوو، جێگیرکردن و گیرسانەوەی خەڵکی و پارێزگاری لێکردنییان تا دووبارە نان و بژێوییێک بۆ خۆیان پەیدا بکەن و لە نەمان و لەناوچوون و ئاوارەبوونی پتر بپارێزرێن. سەڵاحەددین بۆ ئەو مەبەستە دوو رێگای لەپێش بوو. یان ئەوەتا لەشکر پێکەوەبنێ و بەسەر ئازەربایجاندا بدات و تورکان لەوێ بەدەربنێت تا دانیشتوانەکەی دووبارە بتوانن بگەڕێنەوە سەر زێدی باوک و باپیرانییان. یاخود خەمێ لەو خەڵکە بخواو جێگاو رێگایان بۆ بدۆزێتەوە و بیانپارێزێت. ئەنجامدانی کاری یەکەم بەهەموو پێوەرێک ستەم و نەگونجاو بوو. پتر لە سەدساڵ بوو تورکان لە ئازەربایجان جێگیر ببوون.

زۆر لەو هۆزو خێڵانەی لە بنەڕەتدا لەوێ هەڵاتبوون، لە شوێنی خێڵ و هۆزی تری ناو کوردستان نیشتەجێ ببوون و جێگایان بەوان لەق کردبوو. بەکورتی جێگۆڕکێیەکی ئاڵوگۆڕ هاتبووە کایەوە، کە بەکەس وەکو خۆی لێنەدەهاتەوە. هاوکات زستانی ئازەربایجان هەوەنتە نەبوو، کە لەشکرێک بە ئاسانی خۆی لێبدات. دیسان شەڕ لەگەڵ تورکان، لە سەردەمێکدا کە هەمووان لەژێر چەتری "ئیسلام"دا رووبەڕووی شەڕی مەسیحیانی ئەوروپی ببوونەوە، کارێکی نادروست و ناژیرانە و دوور لە لۆژیک بوو. خۆ بەشێکی گەورەی لەشکرەکەی سەلاحەددین خۆی تورک بوون. لەبەر ئەو هۆیانە رێگای یەکەم لەسەر نەخشەی بیرکردنەوەی سیاسی بوونی نەبووە. هۆشی نەتەوایەتیشی چەکەرەی نەکردبوو تا ختۆکەی کەسانێک بدات بیر لەو رێگا ئاڵۆزە بکەنەوە.

رێگای دووەم کە بریتی بوو بە دەم خەڵکەوە هاتن و نیشتەجێ کردن و پاراستنییان، سەلاحەددین مەردانە شانی دا بەر ئەم ئەرکە. کە وردبینانە سەیری کارەکانی سەلاحەددین دەکەین، زوو بۆمان دەردەکەوێت، کە ئەویش چاوی دەبڕێتە سەر ئەو ناوچانەی رۆژئاوای کوردستان، کە هێشتا ململانێکان لەسەری یەکلایی نەببوونەوە. وەک زووتر باسمان کرد ئەو ناوچانەی کوردستان هەمووی لەژێر دەستەڵاتی تیرەو هۆزو بنەماڵەی تورکی غەزو سەلجوقی دابوون، بەڵام دانیشتوانەکەیان تێکەڵێک بوون لە کورد و سریانی و تورکمان و کەمایەتی تری ئایینی و نەتەوەیی.

جارجارەش هەندێک لەو ناوچانە لە ژێر دەستی خاچپەرستانی ئەوروپی دابوون، وەک ناوچەی "عەنتاب"، کە شێرکۆی مامی سەلاحەددین لە ساڵی ١١٤٩ز لە دەست خاچپەرستانی دەرهێنا هەروەها ناوچەی روها "ئۆرفە" کە سەلاحەددین ساڵی ١١٨٠ز لە دەست خاچپەرستانی دەرهێنا.

کارێکی هەرە گرنگ کە سەلاحەددین کردی و بۆ خەڵکی ئەوکاتی کوردستان بایەخی مان و نەمانی هەبوو، ئەوەبوو کە ئەو کوڕەکەی خۆی "غەیاسەددین غازی ئەیوبی "١١٨٦- ١٢١٦ز" کردە فەرمانداری ناوچەی حەلەب.

غەیاسەددین دوای مەرگی سەلاحەددینی باوکی، بووە پاشای دەوڵەتی ئەیوبی، کە تا ساڵی ١٢٦٠ز توانی بەسەر پێوە بمێنێ و لەو ساڵەدا بەهۆی پەلاماری مەغۆلان و هاتنی سوپای "مەمالیکانی" میسر، دەوڵەتەکە لەناوچوو. مەلیک ئەشرەف موسای ئەیوبیش "١٢١٠- ١٢٣٧ز" بووە خاوەنی ناوچەکانی باکوورو رۆژهەڵاتی حەلەب، واتا حەران و روهاو ئەخلات. کە تا پەلاماری مەغۆلان لە ساڵی ١٢٥٧ز لە دەست بنەماڵەکەی مانەوە.

مەلیک ناسر سەلاحەددین یوسف کوری محەمەدی ئەیوبی. سوڵتانی حەلەب و دیمەشق دوا دەستەڵاتداری ئەیوبی بوو، کە لە پەلاماری ساڵی ١٢٦٠ز مەغۆلان شکا و بەدیل گیرا. دواتریش بەدیلی کوژرا.

ئەم چەند دێرەی سەرەوە دەریدەخەن، کە لەو ساڵانەی سەلاحەددین تاکە فەرمانڕەوای شام بوو، کوڕەکانی خۆی ناردنەوە کوردستان و لەوێ دەستەڵاتی پێدان.

هاوکات پەیوەندییەکی قوڵ و بەرفراوانی لەگەڵ میرە کوردەکان دامەزراند. هەروەها پەیوەندی لەگەڵ میرە تورکەکانی کوردستانیش زۆرباش بوو، سەلاحەددین بە بایەخدانی زۆری بەو ناوچانەی رۆژئاوای کوردستان، توانی چارەنووسی ئەو دەڤەرە بەرفراوانە بە قازانجی نیشتەجێ بوونی کوردان یەکلایی بکاتەوە. بەم کارەش دەتوانین بەو بەرەنجامە بگەین، کە لەو سەردەمە کورتەی دەستەڵاتی ئەیوبییاندا کورد لە بەرامبەر ئەو خاکەی، کە لە رۆژهەڵات لەدەستی چووبوو، لە رۆژئاوا پتریشی وەرگرتەوە.

**بەشی نۆیەم**



**باسی (٤٢)**

**سەنگەر زراری**

## سیناریۆ و گلەیی و گازاندە

هەندێ برادەر پێیان وایە رەخنە بۆیە رەخنەیە تا رووخێنەر بێت و ئەو شتەی رەخنەی لێ دەگیرێ تێکبشکێ، بە بۆچوونی ئەوان چەمکی "رەخنەی بونیادنەر" چەمکێکی بێمانایە، بەقسەی ئەوان بێت ئەو دروشمەی سایتی "سبەی" هیچ مانایەکی نییە کە نووسراوە "رەخنە بە زمانی گوڵ"، چونکە ئەوان وای دەبینن دەبێ رەخنە بە زمانێکی تیژ بێت و ئەو شتەی رەخنەی لێ دەگیرێ لەناو بچێ و تێکبشکێ، نەک شتێکی نەرمونیانی وەکو گوڵ بێت و هیچ ئازارێک نەگەیەنێ.

جارێکیان کاتێ لە بەشی راگەیاندنی پەیمانگای تەکنیکی بووم، مامۆستایەک کە لە بواری راگەیاندنیش ئیشی دەکرد، باسی خراپی راگەیاندنی کوردی کرد و رەخنەی زۆری لێ گرت بەوەی کە پێش ناکەوێ و ئەو کەسانەی تیایدا کار دەکەن کەسانی نەزانن، منیش گوتم: باشە مامۆستا تۆ خۆشت لە راگەیاندن کار دەکەیت و ئەو دەزگایەی کاریشی لێ دەکەیت لە هەموو شوێنەکانی دی خراپترە؟! بۆچی ئەوەندە "گلەیی و گازاندە" دەکەی؟ بۆچی هەوڵ نادەی ئەگەر هەر هیچ نەبێ دەزگاکەی خۆت چاک بکەی و لەوێوە دەست پێ بکەی؟! مامۆستاکە چونکە نەیدەتوانی وەڵامی پرسیارەکەم بداتەوە و قسەکەم راستبوو بەوەی گوتم دەزگاکەی ئێوە یەکێکە لە دەزگا خراپەکانی راگەیاندن!! ئەو هەڵەی قۆستەوە کە گوتم "گلەیی و گازاندە". پێی گوتم: بۆ ئێمە چین گلەیی و گازاندە بکەین؟ خۆ ئێمە پیرێژن نین؟ ئێمە رۆشنبیرین، رەخنە دەگرین. رەخنە، نەک گلەیی و گازاندە، گلەیی و گازاندە ئیشی پیرێژنانە!!

ئەوەبوو مامۆستا نەسیحەتی کردم کە نەڵێم "گلەیی و گازاندە" و بڵێم "رەخنە"، بەمەش خۆی لە وەڵامی پرسیارەکەی من نەبان کرد، منیش بە داخەوە تا ئێستا نەمتوانیوە نەسیحەتەکەی ئەو بەتەواوی لە گوێ بگرم و زۆرجار وشەی "گلەیی و گازاندە" هەر بەکار دەهێنم، ئەمەش لەبەر مامۆستا نا کە نەسیحەتەکەی لە گوێ نەگرم، بەڵکو هەر خۆم نەمتوانیوە وازی لێبێنم، بەزۆریش لەبەرئەوەم بووە نەوەکو وەکو ئەو برادەرەم لێبێت کە تازە فێری وشەی "سیناریۆ" ببوو، رۆژێکیان لەگەڵ دایکە بە تەمەنەکەی ببووە دەمە قاڵەیان، بەسەر دایکەکەی هاواری دەکرد "کو ئەوەی قبور دەکەم، ئەوە هەمووی سیناریۆیە ئەنگۆ لەگەرە منی بەکار دەینن"، دایکەی داماو سەری سوڕمابوو، نەیدەزانی کوڕەکەی باسی چی دەکات و سیناریۆ مانای چییە؟! منیش لەوە ترسام ئاخیرەکەی وام لێبێت بە پیرەمێرد یان پیرێژنێکی داماو بڵێم "پلە حاجی رەخنەی زۆرم لێت هەیە، چونکە لەمێژە نەهاتییە ماڵمان"، ئەویش یان گاڵتەم پێ بکات یانیش سەرێکم بۆ بابدات و هیچم لێ تێنەگات. بەهەرحاڵ. بە باوەڕی من ئامانجی رەخنە گۆڕینە بەرەو باشتر، ئەمەش بە زمانێکی توندوتیژ نایەتە دی، چونکە توندوتیژی کاردانەوەیەکی توندوتیژیشی دەبێت، بۆیە پێویستە رەخنە بە زمانی گوڵ بێت، بەڵام رەخنە لەکەسانێک، کە گوێت بۆ دەگرن و وەکو زۆربەی بەرپرسانی ئەو وڵاتە فەرامۆشت ناکەن.

# ئەو چرایانەی بەگەمارۆی رەشە "با" ناکوژێتەوە

**پوشۆ خدر قەساب**

ئەمڕۆ لە کوردستان لە دوو بواری جیا کارمەندان و فەرمانبەران و کادیرانی ئەم دوو بوارە پاش خزمەت و لە خۆبووردەیی و هەستی ماندوو بوون، لەهەمانکاتدا فشاری دەروونی و جەستەییان پێوە دیارە، هەموو فەرمانگەکانی دەوڵەت کادرو فەرمانبەرەکانیان رێک دانیشتوون لەسەر کورسی و قەنەفە، بە هێمنی و لەسەرخۆ لە پێشوازی خەڵک و کارو پێداویستی هاووڵاتی رادەپەڕێنن، بەڵام بوارەکانی پەروەردەو تەندروستی دوو بواری جیا لەیەک تێکەڵاوی، ویژدان و هەستی لێپرسینەوە لە بەرامبەر بەکارو پیشەکانییان، پیرۆزی و شاهیدی ماندووبوونیان سەنگی مەحەکە، کارمەندانی تەندروستی دەستیان لە برین و لەفاف و مەقەس و خوێنە، بەڵام مامۆستایان و کارمەندانی پەروەردە پەنجەیان لە تۆزی تەباشیر و راوەستان بەرامبەر بە کۆمەڵێ قوتابی، ئامۆژگاری و پڕکردنەوەی هزی قوتابی بە زانست و زانیاری سەردەمی نوێ.

کاتێ نەخۆش لەبنکەتەندروستییەکان و نەخۆشخانەکان بۆ چارەسەری سڕەیان گرتووە قاوشەکان پڕن لە نەخۆش، کەچی دەرمانی پێویست نییە، بۆ نەشتەرگەرییەکی سووک، دەبێ بەسێ مانگ و چوار مانگ بگرە بۆ ساڵێک ناو تۆمار بکەی، کەچی لە نەخۆشخانە ئەهلییەکان هەر هەمان دکتۆر بە پارەیێکی خەیاڵی نەشتەرگەریت بۆ دەکات، نرخی مرۆڤ و جیاوازی مرۆڤەکان. تەنها دەوڵەمەندی و هەژارییە، کەچی دەڵێن حکومەت باوکی هەژارانە لە بواری پەروەردەو فێرکردن و قوتابخانەکان وەک قاوشەکانیان لێهاتووە، ژوورەکان زیاتر لە ٤٠ قوتابی لەخۆ دەگرێت، کەچی دروست نییە بۆ خوێندن جام شکاو تەڵبەندو تاریک، تێکەڵاوی هەناسەو مەترسی نەخۆشی و پەتا، بەڵام مامۆستا ئامادەیە ئەو زانست و زانیارییە ببەخشێ بە قوتابییان، لە زۆربەی قوتابخانە بنەڕەتییەکان پەرتووکی هەندێ بابەتییان وەرنەگرتووە، کەچی ساڵ بەرەو تەواوبوون دەڕوا مامۆستایان هەست بە خۆشی پارک و سەیران و حەسانەوە ناکەن، هات و هاوارو هاژە هاژی قوتابی لە گوێچکەیان دەزرینگێتەوە، چونکە قوتابخانەکان سێ دەوام لەخۆ دەگرێت، هەردەوامی زیاتر لە ٥٠٠ قوتابی تیا دەخوێنێت.

لە زۆربەی قوتابخانەکان بەتایبەتی ئامادەییەکان مامۆستا زۆر بەخێرایی مەنهەج و پەرتووکی خوێندن تەواو دەکات، بۆیان دەکاتە چەند خاڵێک لە مەلزەمەیێکی سەقەت کۆی دەکاتەوە، قوتابی بەستەزمانیش لەسەر تەختەیەکی رەق، هۆیەکی فێربوون نییە، تەنها مامۆستاکەی شک دەبات گەر قوتابی لە بنەماڵەیەکی زەنگین بێت، ئەوا مامۆستای تایبەتی و دەرسی خسوسی بەباڵای دەبڕێت و قوتابی هەژارو نەدار دەبێ مەلزەمەو پەرتووک بخوێنێ، بێ تێگەیشتن و ڕوونکردنەوە.

زۆرجار هەر ئەو مامۆستا بەڕێزە. لە وانەی تایبەتی و قوتابخانە ئەهلییەکان دەبێتە فەیلەسووف، بگرە شۆڕشگێڕی قوتابخانە نموونەییەکان.

قوتابخانەو بواری پەروەردەو فێرکردن وەک سەربازگەیەکی فراوان بەسەر چەند فەوج و یەکەیەک دابەشکران، قوتابخانەکان لە بەندبخانەی ناو ئەو سەربازگەیە دەچن، وەزارەتی پەروەردە ناتوانێ گەشتێکی مەیدانی و پەروەردەیی بۆ مامۆستایان ئەنجام بدات تا شارەزابن لە ئەزموون و بواری خوێندن و پەروەردەی گەلان یان بژێوی ژیان و باری خزمەتگوزاری، کە لەگەڵ رۆژگار و بازاڕی ئەمڕۆ موچەکەی بگونجێ، مامۆستا وەک سەرباز لە نێو چوار دیواری قوتابخانە وا هەست دەکات لە بەرەکانی شەڕە هەر بەلێشاو سەرپەرشتیارو کادیرانی حزبی و حکومەتی ڕوویان تێدەکەن، هەر یەکێک لە سەر ئاوازێک بۆ مامۆستایان دەخوێنن، هەریەکێک بەسەر شان و باڵی یارەکەی خۆی هەڵدەدا، مامۆستایانیش وەڵامە راستییەکان لە نێو دڵ و دەروونییان پەنگ دەخواتەوە، بەرێزەوە بەرێیان دەکەن، گلەیی و رەخنەگرتن و گازاندە لە بواری پەروەردەو فێرکردن و تەندروستی زۆرە، چەند رەخنەی دروست و بەجێ دەربڕین هەر رەخنە لە خۆمانە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کادیرانی هەر دوو بوار بێ وچان لە خزمەت کارو پیشەکەی خۆیان دان، ئەو وەزیرو لێپرسراوانەی ئەمڕۆ بڕیار دەرن ئەو ئەندام پەرلەمانەی لە هۆڵی پەرلەمان پێشنیاز دەخاتە ڕوو، منداڵی ئەم خاکە و لەسەر تەختە ڕەقی قوتابخانەکان مامۆستا دەستی گرتووە، فێری پیت و نووسینی کردووە، بۆ چارەسەرو نەشتەرگەری هەر لە ژێر دەستی پیرۆزی پزیشک و پەرستیارەکان چارەکراوە.

لەهەمان کاتدا ئەگەر قوتابخانەو بنکە تەندروستییەکان و نەخۆشخانەکان کەرتی تایبەت بوایە، دەمێک بوو نارێکی و نەخۆشی و نەخوێندەواری باڵی بەسەر هەرێمەکەمان داگرتبوو، چونکە هەموو خوێندنگاو نەخۆشخانە حوکمییەکانی هەرێم، مەرجی پێویستیان نییە بۆ خوێندن و فێربوون و چارەسەرکردن، دە کەواتە:.

**ئەی دڵسۆزانی گەل و خاک**
**ناوی باش و کردەوەی چاک**
**کۆشک و تەلار پارەو دۆلار**
**نامێنێ تا سەر**
**کێ دڵسۆزە بۆ گەل**
**لە دەست خۆ نادا هەل**
**بۆ مێژوو تۆمار کەین**
**رێگای راست چرا هەڵکەین**

# کوردە : پێویستە مۆسیقاژەنانی کورد لەو قالبەی خۆیان بێنە دەرەوە


کوردە

**کوردەی گۆرانیبێژ لەدایکبووی شاری چەمچەماڵەو لە ساڵی ١٩٩٤ هاتوونەتە شاری هەولێر، دوای ٣ ساڵ نیشتەجێبوون لە هەولێر ڕێگای ئەوروپای گرتۆتە بەرو کوردستانی جێهێشتووە، سەرەتای کاری هونەری کوردە بە چەند گۆرانیەکی سینگڵ بوو، بە شێوەیەک توانی خۆی بخزێنێتە ناو دڵی جەماوەرەکەی، لە دیدارێکی بەدرخانـدا، کوردە کۆمەڵێک پرسی گرنگ و رای لەبارەی ئێستای کوردستانی وروژاند...**

## ئا: هونەری بەدرخان

*** دوای دوو گۆرانی چۆن بوو بڕیاری بەرهەمهێنانی ئەلبوومت دا، ئەو ئەلبوومە لە چەند تراک پێکهاتووە؟**

- دوای ئەو دوو گۆرانییە زیاتر هاندرام کە گۆرانی سێیەمیشم هەر بە تراک بڵاوکردەوە، حەزمکرد بەر لە هەموو شتێک بزانم جەماوەر قبوڵم دەکا یان نا، ئیتر کە زانیم بە شێوەیەکی جوان کارەکانم بڵاوبۆوە، هەر بەو بۆنەیەشی لە کاک زیاد ئەسعەد و رۆژ کەریم نزیک بووم هەوڵمدا ئەلبووم بەرهەم بێنم، ئەوەبوو بڕیارمدا ئەلبوومێک بەرهەم بێنم، ئەلبوومەکەشم زۆر لەمێژبوو تەواو ببوو، لەبەر بێ بەڵێنی سەنتەرێک کارەکان دواکەوت، داوای لێبووردن لە جەماوەر دەکەم، کە ئەلبوومەکەم تۆزێک دواکەوت،شتەکە لەدەست من نەبووە، ئەلبوومەکە ٧ تراکە، ٣ تێکست و ئاوازی زیاد ئەسعەدە، ٢ تێکستی مامۆستا جەبار حەبیب و ٣ ئاوازی رۆژ کەریمە، مۆسیقاژەنەکانیش کاک دیدەن و بژار دیلان و سەید ئەحمەد رواندزی هاوکاریان کردووم، شاعیرەکانیش جەبار حەبیب و هێمنی شێخ عومەر و شالاو بە شیعر هاوکاریان کردم.

*** بۆچی ستایلی رۆژئاوایی؟**

- لەبەرئەوەی بەرهەمەکان ئاوازی کاک زیاد ئەسعەدە، کاک دیدەنیش بەشێوەیەی رۆژئاوایی کاردەکا، بۆیە وا کارم کرد، خۆشم حەز لێبوو بەو ستایلە کار بکەم.

*** لەو ئەلبوومەت هیچ گۆرانییەکی فۆلکلۆریت نوێ نەکردۆتەوە، بۆ، قسەشت چییە لەسەر ئەو بەرهەمە فۆلکلۆرییانەی نوێ دەکرێنەوە؟**

- پێم باشە ئەگەر تێکی نەدەن، چونکە هەندێک گۆرانیبێژ هەیە گۆرانی فۆلکلۆری دەڵێتەوە بەراستی تێکی داوە، لەبەرئەوەی لەوانەیە ئەو گۆرانیبێژە تازەیە توانای ئەو دەنگەیان نەبێ وەکو مامۆستا عەلی مەردان و حەسەن زیرەک و هەموو مامۆستاکانی دیکە، بەڵام ئەگەر بشکرێ بە شێوەی باش بیڵێنەوە و تێکی نەدەن پێم باشە بۆ نا، زۆر ئاساییە.

*** کەوایا هەر لەبەر ئەو هۆیە گۆرانی فۆلکلۆریت نوێ نەکردەوە؟**

- نەخێر، بەو پێیەی من تازە هاتوومەتە ناو بواری هونەر، حەزناکەم جارێک دەستکاری گۆرانی کەسی دیکە بکەم.

*** لەمڕۆی گۆڕەپانی گۆرانی و میوزیکی کوردی پەرش و بڵاویەکی زۆر هەیە، بە بڕوای تۆ چی بکرێ بۆ پێشخستنی هونەری کوردی باشە؟**

- پێم باشە گۆرانی رەسەنی کوردی تێکنەدرێ، بەڵام بە شێوازێکی مۆدێرنیش کاربکەین زۆر بە لامەوە ئاساییەو پێم باشە، بەڵام نەک کۆپی میلۆدییەکیاخودمۆسیقای‌گۆرانیەکی "یۆنانی، تورکی، عەرەبی، فارسی" بێنن و تەنها تێکستەکەی بگۆڕن، دەتوانم دەیان بەڵگە بێنمەوە کە کاری ئاوا کراوە زۆر خەڵکیش هەیە بەو گۆرانیانە خۆیان بەرەو پێش دەبەن، هیوادارم ئەو کەسانە چاو بەخۆیان بخشێننەوە، بەشێوەیەک بتوانن بە توانای خۆیان بێنە ناو دنیای هونەر، جگە لەوەش ناتوانین بڵێین دەبێ هەر لەناو ئەو بازنە کۆنە بمێنینەوە، دنیای هونەر گەورەیە، دەتوانین بازبدەین و بڕۆینە ناو دنیایەکی دیکەوە، لەرووی مۆسیقاو ئەداکردن و تێکستەوە با جیاوازبێ، لەو سەردەمەدا لە ئەوروپا وایلێهاتووە گۆرانی گوتن تەنها بۆتە وێنە، کە باشترین گۆرانیبێژەکانی دنیا تەنها بە وێنە کاردەکەن و دەنگ ئەو بایەخەی نەماوە، دەنگ بڵێین دەبێ بچین لە تورکیا ٢٠-٣٠ ژەنیار بێنین گۆرانییەکەمان بەرەو باشی دەچێ و دەنگەکەی خۆت دەشارێتەوە، زۆر گۆرانیبێژمان هەبووە بە کیبۆردێک مۆسیقای کردووە، زۆ زۆر خۆشترە لەو گۆرانیانەی لە تورکیا دەکرێ، کارێکی باشیشە هونەرمەندانێک هەن دەیانەوێ بچنە ناو دنیای هونەر و بەشێوەی پرۆفیشناڵ و جوان لەهەموو رووەکانەوە کاری جوان دەکەن، بەڵام گۆرانیەکی دیکە نەهێنی و کۆپی بکەی، بەڵام دەتوانی سوودی لێ وەرگری، بۆ نموونە گوێ لە گۆرانیەک بگرە و فکرەی لێ وەربگرە کێشە نییە، بەڵام نەک کۆپی بکەی و بڵێی ئەمە ئاوازی منەو ناوی خۆشتی لەسەر بنووسی، بەوە هونەری کوردی بەرەو پێش ناڕوا، لەوانەیە بەرەو رووخان بڕواو کە میلۆدی ئەوان دێنین ئەوە میلۆدی ئەوان بەسەر خۆمان فەرز دەکەین.

*** قسەت چییە لەسەر نەبوونی یاسای پاراستنی مافی هونەری هونەرمەندان؟**

- وەکو هەموو هونەرمەندانی دیکە حەزدەکەم ئەو یاسایە هەبێ و زۆر پێویستە مافی کۆپی نەکردنی سیدی بپارێزن، بەڵام هەر چیەک بێت ئێمە هەر داوا لە حکومەتی هەرێم دەکەین، ئێمە دەتوانین بۆ ئەو دیاردەیە لە خۆمانەوە دەست پێ بکەین، لە ویژدانی خۆمانەوە، دەبێ لە سەرەتاوە خۆمان دەست پێبکەین و ویژدانمان هەبێ، بۆ نموونە لەوانەیە تۆ عاشقی دەنگی دوو گۆرانیبێژ بی، ناتوانی عاشقی دەنگی هەموو گۆرانیبێژەکان بی، لەو دوو گۆرانیبێژە ئەگەر لە دووساڵ یان ساڵێک سیدیەک دەربکات، تۆ ئەگەر سیدیەکی لێ بکرێ ئەوە هاوکارییەکی زۆر زۆر گەورەیە بۆ ئەو، دەتوانێ کاری دیکەی پێ ئەنجام بدا، بەڵام لێرە وایلێهاتووە دەچین دەڵێین کۆپیەکەیت هەیە، یاخود ئەگەر کۆپیەکەشی نەبێ دەچین لەرێگای ئەنتەرنێتەوە بە شێوازێک دایدەبەزێنین، یاخود هەندێک ماڵپەڕ هەیە هەر سیدیەک بڵاوبێتەوە یەکسەر لە ماڵپەڕەکەیان دایدەنێن بێ هیچ مافێک، جگە لەوە من ناڵێم تەنها خەڵکەکە، وەزارەتی رۆشنبیری و لاوانیش کەموکورتی زۆر زۆرە، ئەویش ئەوەیە دەبێ یاسایەک دابنێن، هەر چەندە ئەو یاسایە سەرەتایە بۆ ئێستا، بەڵام دەبێ بە توندی ئەو کارانە بە ئەنجام بگەیەنرێن، چونکە ئەگەر وا بڕوات ناتوانین کار بکەین، یانی من سیدیەک بکەم هیچم بۆ نەگەڕێتەوە، ناتوانم کاری دیکە بکەم.

*** لە کاتێکدا لە کوردستان میوزیکژەنی زۆر باشمان هەیە، کەچی هونەرمەندانێک هەن دەچن لە دەرەوە کار دەکەن، قسەت لەسەر ئەو دیاردەیە چییە؟**

- بەر لەهەموو شتێک دەبێ ئەو مۆسیقاژەنانە ستایلی خۆیان بگۆڕن، تۆ سەیردەکەی دنیای هونەر گەورەیە، ناڵێم خۆیان هەڵدەن و بچن تەقلیدی مۆسیقا تورکیەکان بکەنەوە یاخود هەر شوێنێکی دیکە، بەڵام پێویستە چالاک بن و لەناو بازنە داخراوەکە بمێننەوە، ئێستا دنیا گۆڕاوە ئەگەر گۆرانیەک بە ئیحساسەوە بڵێی دەتوانی بە کیبۆردێک زۆر شت پێشکەش بکەی، سەربارى ئەوەش تێکەڵاو بی لەگەڵ وڵاتانی دیکە کێشە نییە بە شێوازێک کە خەڵک لەم رۆژەدا چی دەوێ، نەک تۆ بێزاری بکەی بە سێت کەمان و عودو ئەو جۆرە ئامێرانە، هەرچەندە لێرە خەڵکانێک دەبینم پێشکەوتووشن، بەڵام لەوانەیە لەرووی ئیمکانیەت و ستۆدیۆ کوردستان داخراوە، پێویستە ئەوانیش ئازادبن و بچنە وڵاتانی دەرەوەو زیاتر تەرکیز بکەنە سەر کارەکانیان.

*** لەڕووی ماددی و مەعنەویەوە کێ بوون ئەوانەی لە ئەلبوومە نوێکەت هاوکاریان کردی؟**

- لەڕووی ماددیەوە هیچ کەسێک هاوکاری نەکردووم، لایەنی مەعنەویش ئەو برادەرانەی باسم کردن ئەوان بوون بەڵام ئەوانیش چەند هاوکاریان کردووم هەق و مافی خۆیانم بە زیادەوە پێداون، بەڵام هەر سوپاسیان دەکەم.

*** چیتر بە جەماوەرەکەت دەڵێی لەوەی کاری باشتر دەکەی لەوانەی پێشووتر کردووتە؟**

- ئەوەی منی خۆش بوێ و حەزی لە دەنگی من بێ، دە ئەوەندەی ئەوان خۆشمدەوێن و سوپاسیان دەکەم، لێرەشەوە دەڵێم ئەلبوومێکم کردووە کە خەڵکانێکی زۆر بە توانا هاوکاریان کردووم، من وەکو بێژەرێک کارەکەم کردووە، ئەگەرنا میوزیک و تێکست و ئاواز لەلایەن ئەوانەوە بۆم دابین کراوە، ئەو خەڵکانەش خەڵکی ناسراون، هیوادارم ئەگەر هەر کەموکورتییەک هەبێ لە ئەلبوومەکەمدا هەوڵدەم لە داهاتوودا باشتری بکەم و قبوڵ بکرێم، ئەو ئەلبوومە سەرەتایەکە بۆ من، دەتوانم بڵێم پەنا بەخوا لەمەودوا کاری باشتر و جوانتر دەکەم.

*** کە یەکەم جار گەڕایتەوە کوردستان هەستت بەچی کرد؟**

- تا ئێستا چوار جار گەڕاومەتەوە، بەڵام ئەوجارەیان زۆر زۆر دڵخۆشم، کوردستان زۆر بەجوانی دەبینم، بەرادەیەک خەڵکەکەشی ئەوەندە هانیان دام و باوەشیان بۆ کردمەوە هانیان دام زیاتر کار بکەم، هەرچەندە لەزۆر فەرمانگە و شوێن کەموکوڕی هەیە، ئەویش چارەسەر دەبێ.

# چیرۆکی سینەماکانی شاری هەولێر

## فردریکۆ فلینی: چۆن پیاوەتیت بدەمەوە

## ڕۆبەرتۆ ڕۆسلینی: بەوەی گەنجێک بکەیە هونەرمەند ، یانیش سنەما بۆ منداڵان دروست بکەی

**ڕێڤین عەساف***

**چیرۆکی سینەما سەلاحەدین**

لەو رۆژانە تەماشایەکی کتێبی سینەمای ساڵانی حەفتاکانم کرد، ئەو ساڵانەی نیوەی پارەی رۆژانەم بۆ کتێب کڕین بوو، بە تایبەتی کتێبی سینەمایی، هەروەها چاوم بە کتێبێک کەوت لەسەر سینەمای ئێستا، لەناو ئەو کتێبەدا کاپچەرەک لەسەر فلینی و ژیانی منداڵی لە سینەماکانی شاری "ریمنی" بوو، هەروەها باسی سینەمای شارەکە بەناوی سینەمای "fulgor" دەکات.

لەنێو کتێبەکەدا فلینی باسی خۆدزینەوە لە قوتابخانە دەکات بۆ ئەوەی بەرەو قوتابخانەیەکی نهێنی بڕوا، ئەویش قوتابخانەی سینەمایە. چیرۆکەکان و ئەکتەرەکانی سینەمای ئەمریکی وایان لە فریدریکۆ فیلینی کرد لەگەڵ مامۆستای قوتابخانەکەی لەسەر سینەمای شارەکەی گفتوگۆ بکا.

**فیلمی "ام الهند" یەک ساڵ لە هەولێر ئیشی کرد**

لە ساڵانی حەفتا من یەکێک بووم لە منداڵانی هەولێر، زۆرجاریش وەکو فلینی و هەڤاڵەکانی خۆمان لە مەکتەب دەشاردەوەو بەرەو سینەمای سیروان و حەمراو سەلاحەدین دەچووین، بۆ ئەوەی فیلمی کاوبۆی ئیتاڵی یان فیلمی پۆلیسی ئیتاڵی یان فیلمی هیندی کە هۆیەکی مەزن بوو بۆ ئەوەی لە سینەما بخوێنم، لەگەڵ چەند فیلمی دیکەی وڵاتان ببینین، زۆرجاریش مامۆستا یان باوکمان لەناو هۆڵی تاریکی سینەما لەدوامان دەگەڕان تا بماندۆزنەوە، بەڵام ئێمە زیرەکتر بووین و نەدەکەوتینە دەستیان.

ئەوکات لە شاری هەولێر سینەما شتێکی تەرفیهی بوو، چەندین جار لەگەڵ ماڵەوە دەچووین بۆ سەیرکردنی فیلم، بە تایبەتی داپیرم زۆری لێ دەکردین بۆ ئەوەی بە شەو بۆ سینەمای هاوینی بڕۆینە سینەما سەلاحەدین تا فیلمی ئوم کەلسوم یان زەکی موران یا فیلمی دیکە ببینین.

بەڵام بۆ ئێمەی گەنج فیلمی سینەمایی سیاسی ئیتاڵی بەتایبەتی دەرهێنەرەکانی "جیلی دووەم"ی سینەمای ئیتاڵیا، کە ساڵانی ٦٠ یان ٧٠ بەرهەم دەهاتن، دەرهێنەرەکانی فیلمی پۆلیسی بریتی بوون لە:" جولیۆ زەڤەرتینی، ئەنتۆنیۆ ئەنتونی، مارتن سورکیسا، یانیش برایانی دوو بەناوی بیودەر ترڤیانی.

ئەو چیرۆکانە بە زمانێکی سینەمایی ئەکشن دارێژرابوو، گەنجی وەک ئێمە گومانمان هەبوو، لەوەی: ئایا دەبێ ژیان لە ئیتاڵیا وابێ؟ ئایا بۆچی لە ئەوروپا مافییا هەیەو لە کوردستان نییە؟ ئایا دەبێ ئەکتەری ئەو کات "فرانکۆ نیرۆ" خۆی پۆلیس بێت؟ هەروەها چەندین پرسیاری دیکەمان دەکرد و بەدوای وەڵامیان دەگەڕاین.


ڕێڤین عەساف

**لە سینەما بەرەو قوتابخانە**

وێنەی close up لەسەر دەموچاوی ئەکتەرەکان وای لە ئێمە دەکرد زۆربەمان لاسایی خۆشی و ناخۆشی ئەو ئەکتەرانەمان دەکردەوە، چونکە لەگەڵ هێزی مۆسیقا خەیاڵمان دەڕۆیشت و بیرکردنەوەو تەسەورمان لە ژیانی رۆژانە جۆرێکی تایبەتمەندی خۆی دروست کرد، بەڵکو فێربووین چۆن بە ئینگلیزی بدوێین، چیرۆکەکان فاکتەری تەرکیزی لامان دروست کرد، جگە لەفێربوونی زمانی ئینگلیزی لە ڕێگای سینەما، زۆرجار لە قوتابخانەو ماڵەوە گفتوگۆمان لەسەر فیلم و چیرۆکەکانی دەکرد، بە شێوەیەک فاکتەری تەرکیز وایلێکردین لە وانەکانی قوتابخانە زۆر باشتر بین.

سینەما سەلاحەدینی ئەوکات هێزی بۆ روونکردنەوە زۆر بوو، ئەو سینەما ئینگلیزییەی لە ساڵی ١٩٤٦ دروست بوو لەو سینەمایە نمایشکردنی تا ساڵانی ٩٠ بەردەوام بوو.

پڕوپاگەندەی فیلمەکان لەهەر سێ سینەما لە بازاڕ دەسووڕا، پیاوێکی هەژار عارەقەی لە دەموچاو دەهاتەخوار پلاکی سینەمای لەسەر هەردوو شانی هەڵدەگرت و لە تەنیشتیشی پیاوێکی تر کە بەهێز و دەنگی بەرز باسی بەهێزی ئەو فیلمانەی دەکرد، هەموو ئاواتم ئەوەبوو رۆژێک لە رۆژان وەک ئەکتەر لە فیلمێک بەشدار بم و لە سینەما سەلاحەدین نمایش بکرێ.

ساڵانی دواتر دەستم بەخوێندن کرد لە بواری سینەما، لە ئەکادیمیای هونەرەجوانەکان لە بەغدا و پاشان بەرەو هەندەران رۆیشتم و لە ئەڵمانیا دەستم بەخوێندنی سینەماو کاری سینەمایی کرد.

دوای چوونم بۆ ئەوروپا بە بەردەوامی لەگەڵ برادەرانم لە هەولێر لەرێگای نامە پەیوەندیمان هەبوو، باسی ئەوەم دەکرد کە زۆری نەماوە فیلمی من لە سینەما سەلاحەدینی هەولێر نمایش بکرێ.

**روخانی سینەمای سەلاحەدین، روخانی منداڵاتی لە هەولێر**

لەگەڵ هاتنی ساڵانی نەوەد، کە "ناوچەی ئارام" لە کوردستان لەدژی سەدام حوسێن دروست بوو، سینەما بە گشتی لە کوردستان وەکو زۆربەی لایەنەکانی دیکەی ژیانی شارەکەمان کەوتە کێشەو کاری زەحمەت، ئینجا وەک بیرو کلتوور و خۆشی لە گشت کوردستان بەرەو نەمان رۆیشت.

لە ساڵی ٢٠٠٥ سینەما سەلاحەدین روخاو بووە گەراجی ئۆتۆمبێل، سینەما حەمراو سیروانیش دەرگایان گیراو هەروەک دەرگاکانی زیندان بە ئاسانی نابێتەوە، دەتوانم بڵێم لەگەڵ مردنی سینەمای سەلاحەدین، سینەما حەمراو سیروانمان شاردەوە".

بوومە دەرهێنەر و فیلمی من وەکو زۆربەی دەرهێنەرانی سینەمای کوردی لە فێستیڤاڵە جیهانییەکان نمایش کراو خەلاتیش وەردەگرێ.

**برادەرانی ساڵانی حەفتاکان باسی سینەما لەگەڵ من دەکەن، بەڵام باسی سینەما سەلاحەدین ناکەن.**

منیش کە لە دەرەوەی وڵاتم لێم دەپرسن: ئایا لای ئێوە سینەما هەیە، لە وەڵامدا دەڵێم: بەڵێ سینەمای منداڵاتی هەیەو ناویان سینەما سەلاحەدین و حەمراو سیروانە، بەڵام سینەمای ئێستامان جارێ لە سکی دایکی دروست نەبووە.

هەموو ئەو قسانەی کردم و ئەو یادگارییانەی باسم کرد، ڕێگایەک بوون بۆ ئەوەی من حەز لە سینەما بکەم و بگەمە ئەو رۆژە، وەلێ زۆر بەداخەوە لەم رۆژانە ئاگادار کرامەوە خەریکە سینەما سیروانیش دەڕوخێ و نامێنێ.

* دەرهێنەری سینەمایی

# دلڤین موحسین : ئەیام ئەکرەم باشترین هۆکارە بۆ ئاشتکردنەوەی شانۆ بە بینەر

**دلڤین موحسین وەک کچە شانۆکارێکی چالاکی شاری هەولێر، لە دیدارێکی کورتی هونەری بەدرخان، باس لەچەند پرسێکی گرنگی شانۆی کوردی دەکا، هەروەک مەرجی بەشداریکردنی لەکاری هونەری و هۆکارەکانی ئاشتکردنەوەی بینەر بە شانۆ دەکا...**


دلڤین موحسین

## ئا: هونەری بەدرخان

*** مەرجی بەشداریکردنت چییە لە هەر کارێکی هونەری؟**

- لەگەڵ ڕێزم بۆ هەموو دەرهێنەرەکان، بەڵام ناتوانم لەگەڵ هەندێکیان کار بکەم، چونکە خۆم دەرهێنەرم و بەشی دەرهێنانم تەواو کردووە، نواندن بەشێکە لە ژیانم، بەڵام حەزناکەم دەرهێنەر وەکو بووکۆڵەیەک لەسەر شانۆ رەفتارم لەگەڵ بکا، دەمەوێ کە تێبینیم دا بەهەند وەربگیرێ، ئەگەر جێبەجێشی نەکرد، مەرجی سەرەکی من ئەوەیە دەقەکە لە خزمەت کەسایەتی من بێ، لە دوای پەیمانگا هیچ ئیشێکم نەکردووە لێی پەشیمان بم، هەوڵیش نادەم کارێک بکەم لێی پەشیمان بم.

*** لە ئێستادا ئافرەتان پەنایان بردووە بۆ مۆنۆدراماو خۆیان هەموو کارەکان دەکەن، تۆ قسەت لەسەر ئەو بابەتە چییە؟**

- ئێستا حەزدەکەم لە ئیشەکانی خۆم نواندن بکەم، لەو ئیشەشی دامناوە خۆم نواندنی تیا دەکەم، بەڕای من ئەگەر دەرهێنەر جووڵەکان نەبینێ ناتوانێ و فکرەی دیکەی بۆ نایێ، مۆنۆدرامان بینیوە کە دەرهێنەر خۆی هەموو شتەکانی دەکرد، بەڵام هەموومان گلەییمان لەوەیە جووڵەکان سنووردارە، لەبەرئەوەی خۆت جووڵەی خۆت نابینی، من لە تێزی خۆم تەمسیلم کرد، بەڵام ئەکتەری یەدەگم دانابوو، تا گەیشتمە جەنەڕاڵ و قەناعەتم بەهەموو جووڵەکان هات ئەوجا چوومە سەر شانۆ، لەبەرئەوەی ئەگەر خۆم نواندن بکەم خۆم نابینم کە ئایا پاساوم هەیە بۆ جووڵەکەم یان نا.

*** چەند لە زمانی کۆمەڵگا دەترسی و دوای کارەکان قسەو قسەڵۆک کاریان تێکردووی؟**

- تا ئێستا توانجێکم گوێ لێ نەبووە لەسەر ئیشەکانم، گوێشم لێ بێ خەڵک ئازادە چۆن قسە دەکا، گرنگ ئەوەیە من بۆ خۆم ئیش دەکەم و تاکو باوکم و هاوسەرەکەم لەپشتم بن لە زمانی کەس ناترسم.

*** پێتوایە لە هەولێر قەیرانی شانۆ هەبێ؟**

- بەداخەوە هونەرمەندان بە شێوەیەکی داخراو کاردەکەن، بە بڕوای من تا پارەی زۆر بۆ شانۆکاران سەرف بکرێ شانۆ کز دەبێ، چونکە ئەو دەڵێ فلان ئەوەندەی بۆ سەرف کراوەو منیش ئەوەندەم دەوێ، مامۆستا هیوا سوعاد زۆر زیرەکانە دەزانێ چ کارێک دەکا بۆ خەڵکی هەولێر، ئیتر خەڵک پێویستی بە شانۆگەرییەکی کۆمیدی خەندەئامێز هەیە، ئەیام ئەکرەم باشترین هۆکارە بۆ پێکەنین و هێنانەوەی ناو هۆڵی جەماوەر، بە بڕوای من ئێستا ئەیام ئەکرەم باشترین پردە لەنێوان شانۆ و بینەر، بیهێنە ئیشی پێ بکەو جەماوەری پێ کۆبکەوە، قەیران لەچی پەیدا بووە، یەک بینەر نییە، دووەم دەقی خۆماڵیمان نییە، دەقە جیهانی و کلاسیکییەکان بۆ پەیمانگاو کۆلیژەکان کارێکی زۆر باشە هەموو ساڵێک کاری لەسەر بکرێ، بە پێچەوانەوە پەیمانگای هونەرەجوانەکان لەدەقی خۆماڵی ئیش دەکەن، وەزارەتی رۆشنبیریش لەسەر دەقی جیهانی کار دەکەن، بەڵام با دەقی خۆماڵی بنووسرێ و باس لە ئێستای خەڵک و ئێش و ئازارەکانیان بکرێ، با ئێمەی ئەکتەر هەموو بەیەکەوە کاربکەین و ئەو کوتلەو کوتلەکارییە نەمێنێ، بۆچی گروپەکان هاوکاری یەکتر ناکەن و لەگەڵ یەک دژ بن.

# گۆران ساڵح: زبڵدانی وڵاتی خۆم ناگۆڕمەوە بە هەموو باخچەکانی دنیا

**هونەرمەندی گۆرانیبێژ گۆران ساڵح لەمیانی دیدارێکی زۆر تایبەتی هەفتەنامەی بەدرخاندا، باس لە ئەزموونی کاری هونەری خۆی دەکا، هەروەک وەڵامی زۆرێک لەو قسەو قسەڵۆکانە دەداتەوە کە ڕووبەڕووی بوونەتەوە...**

**ئا: هونەری بەدرخان**

*** جیا لە زۆربەی هونەرمەندانی دیکە لە گۆرانیەکی سینگڵ دەستت بەکاری هونەری کردو بەرهەمەکەت دەنگێکی باشی دایەوە، دوای دبلۆم لەشانۆ چۆن بوو بڕیاری ئەو کارەت دا؟**

- مەسەلەی سینگڵ ناتوانم حوکمی ئەوە بدەم کێ بەرلەمن کردوویەتی یان نا، بەڵام کە من کردم پاش دیراسەیەکی زۆر زۆر بوو، پاش ٥ ساڵ خوێندنم بوو لە پەیمانگا، دوای ئەوەی کە لە پەیمانگا تەواو بووم بیرم لەوە کردەوە بەرهەمێک تۆمار بکەم، دوای ئەوەی کە بەرهەمەکەم تۆمارکرد سوپاس بۆ خوا سەرکەوتنی بەدەست هێنا، ئیتر پەلەم نەکرد، ڕەنگە ڕۆژێک لەڕۆژان پەشیمان نەبم لەوەی کردوومە، چونکە پەشیمانی لای من شتێک نییە.

*** حوسێن میسری کۆچکردوو دەڵێ لەهەموو کارێکم پەشیمانم بۆ ئەوەی لەداهاتوو کاری باشتر بکەم؟**

- لەگەڵ ڕێزم بۆ گۆرەکەی و هەموو بەرهەمە جوانەکانی، نەخێر من دەڵێم پەشیمان نیم لەهەر ئیشێک کە کردوومە، وەکو گۆرانیش پەشیمان نیم لەهیچ لە گۆرانیەکانم، بەڵام هەر بەرهەمێک کە دەیکەم وادەزانم یەکەمین بەرهەممە، بەهەمان هێزو روحی بەرهەمی یەکەم ئیشی بۆ دەکەم، هەر بەرهەمێکیش کە دەیکەم لای من یەکەمین بەرهەمە، هەر بەرهەمێکیش کە دەیکەم حیسابی ئەوەی بۆ دەکەم کەمن تەنها ئەو بەرهەمەم هەیەو تەواو، پێویستە هەموو هێزێکمی تیا سەرف بکەم، هەر بەرهەمێک کە پێشکەشی دەکەم لای من تازەیەو یەکەم بەرهەمە.

*** بەڵام ئەگەر بەرهەمی ئێستاش لەوەی پێشتر باشتر نەبێ، پێتوانیە ئەوە خۆدووبارە کردنەوەیەو کارێکی زیادە؟**

- وەکو باشتر نەبوون، شاهێدی ئەوە دەدەم وەکو سینگڵ دوایین تراک بوو کردم، وەکو لایەنی هونەری بەتایبەتی دەنگ و شێوازی گوتن پێم باش بوو، بەڵام وەکو هێز بێهێزتر بوو لە بەرهەمەکانی دیکەم، ئەوەش مانای وانییە من نرخێک دابنێم و بڵێم ئەو ئیشە خراپ بوو رادێم لەسەر ئەو ئیشە خراپە، بەپێچەوانەوە باش وەرنەگرتنی ئەو تراکە لای خەڵکی و خۆشنەویستی ئەو تراکە لای خەڵک بەشێوەیەکی گشتی وای لەمن کرد بۆ بەرهەمەکەم کە یەکەمین ئەلبوومە هێزێکی زۆرتر و وەڵامێکی باشتر بۆ هەموو ئەو خۆشەویستانەی کە چاویان لەئیشی باشە، یانی کە کەسێک بەمن دەڵێ ئەو بەرهەمەت باش نەبوو، مانای وانییە ئەو کەسە رقی لەمنەو ڕەفزی ئیشەکە دەکا، مانای وایە ئەو چاوەڕێی شتی باشتر دەکا لەمن، کەواتا بەپێی ئیمکانیەت کە هەمە دەتوانم ئیشی باشتر بکەم، ئەگەرنا هەوڵدەدەم، مەسەلەی موستەحیل لەلای من نییە، دەتوانم بڵێم لە ئەلبوومەکەم هێزێکی زۆرم سەرف کردووە، چونکە یەکەمین ئەلبوومە، هەم لەلایەنی تەکنیکی و هونەری و مادی، هەموو شتێکم داناوە لەپێناوی ئەو ئەلبوومە، نەک بە تەنها من هەموو ئەو کەسانەی لەگەڵ من لەو ئەلبوومە ئیشیان کرد، هەموو ئەو خۆشەویستانەی ئاگایان لە دەستپێکردنی لێدانی یەکەم تۆن بوو لە ستۆدیۆ کە دەستمان پێکرد، باوەڕبکەن کەسانێک هەن بەو ئەلبوومە ماندوو بوونە کە هیچ کاری هونەرییان نەکردووە.

*** لە بەئەنجام گەیاندنی کلیپ جیاواز لە هونەرمەندانی دیکە کاردەکەی، بە تایبەتی لەڕووی هەڵبژاردنی لۆکەیشنەوە، ئامانجت لەوە چییە؟**

- بەر لەهەموو شتێک سامان عەدنان وەکو دەرهێنەرو کامێرامانێک ماوەی چەند ساڵێکە بەیەکەوە کاردەکەین، تا ئێستا نزیکەی ٧٠ کاری کلیپمان زیاتر بە ئەنجام گەیاندووە بۆ هونەرمەندان، بەهاوکاری کۆمەڵێک برادەری بەتوانای وەکو "کاروان زامدار، سامی کاکە، بۆتان عەبدوڵڵا، کارزان فەیسەڵ" کە ئێمە وەکو گروپێک کارمان دەکرد، بۆ مەسەلەی دۆزینەوەی شوێنیش بۆ کلیپ ئەوەیان دەگەڕێتەوە بۆ ئەو هەموو گەڕۆکیەی من هەمە، دەچمە زۆر شوێن، دەمەوێ بگەمە دوورترین خاڵی ئەو وڵاتە، تا ئەو شوێنانەی نەمدیوە بیانبینم، لەوانەیە زۆرجار بە پیاسە چووبینە شوێنێک، لە ڕێگای خۆمان دیمەنێکی جوانمان بینیوە، دابەزیوین، وەکو عادەتیش کە کامێرامان پێبووە سەیرمان کردووە کە ئەوە سوودی هەیە بۆ کلیپ، ئیتر کە گەڕاوینەتەوە چەندی پێ چووە ئیشمان تێدا کردووە.

*** بۆچی کلیپ یەکێک لە گۆرانیەکانت لە لوبنان بە ئەنجام گەیاند، لەکاتێکدا خۆت دەڵێی کارکردن لە کوردستان زۆر ئاسانتر و باشترە لە دەرەوە؟**

- بەو پێیەی باشترین گۆرانیبێژی گەنجی ساڵ دەرچووم برادەرانی وەزارەتی وەرزش و لاوان پێیان باش بوو بتوانین لەوێ کاربکەین، وەکو کلیپیش پێموایە کارێکی باش بوو، بەڵام وەکو شێوازی ئیش کردن گەیشتمە قەناعەتێک کە ماندوبوونی زۆرە تۆ لە وڵاتێک ئیش بکەی تێیدا بێگانەی، یان ئەوەتا دەبێ پارەیەکی زۆریان بدەیێ، یانیش زۆر پێیوە هیلاک دەبی.

*** بەرهەمەکانی خۆت هەمووی لە ستۆدیۆکانی کوردستان تۆمار کردووەو بایەخێکی زۆریشت بە مۆسیقا داوە، تۆ چ بەراوردێک لەنێوان کاری میوزیک لەناو کوردستان و دەرەوە دەکەی؟**

- من دەڵێم زبڵدانی وڵاتی خۆم ناگۆڕمەوە بە هەموو باخچەکانی دنیا، لەبەرئەوەی منیش تاکێکم لەو کۆمەڵگایە، ئەگەر من دان بە ژەنیارێک نەکەم کە لە کوردستانە، ئەی کێ دان بەمن بنێ کە من ۆگرانیبێژێکی کوردم، ئەو بەرهەمانەی لە ئەلبوومەکەم کاری میوزیکی بۆ کراوە، کە دابەشکردنی زۆرترین تراک لە بەرهەمەکان محەمەد یاسین کردوویەتی، باوەڕ بکەن بە شێوەیەکی زۆر ئەکادیمی ئیشی کردووەو بۆ هەموو گۆرانیەکان نۆتەی نووسیوەتەوەو زۆرترین ژەنیار بەشداری تیا کردووە، یەکێ لە ژەنیارە هەرە دیارەکان عەبدولقادر بوو، بەرهەمەکەی من لە لایەن خەڵکانێک بیستراوەو خۆیان ژەنیاری تورکن، باوەڕ بکەن ئەوان گوتوویانە ئەو لەکامە ستۆدیۆی ئەستەنبوڵ کراوە، کەچی من لە کوردستان کارم کردووە، یەکێک لەو برادەرانەی لەگەڵ ئەو ستافە تورکەیەو ئێستا لە هەولێرن داوای لە محەمەد کردووە یەکێک لە بەرهەمەکانی ئەو لە کوردستان تۆمار بکا، هەتا ئەو زۆر ڕاشکاوانە گوتی ئەو ئیشە باشانە لە کوردستان دەکرێ بۆ هونەرمەندەکانتان دێنە تورکیا.

*** پێت وانییە چوونی هونەرمەندانی کورد بۆ تورکیا شتێکی تەقلیدیەو وا تێدەگەن ئەوەی لە تورکیا کار بکا شوهرەت دێنێ؟**

- ئەگەر چوونت بۆ تورکیا لەسەر بنەمای ئەوەبێ تۆ هونەرێکی باش پێشکەش بکەی ئاساییە، لەبەرئەوەی "عمرودیاب" کە گۆرانیبێژێکی عەرەبی بەناوبانگە بۆ یەکێک لە تراکەکانی کە پێویست دەکا لەوانە سۆلیستێک لە ئوستralیا دێنێ، بەڵام ئەگەر لەسەر بنەمای ئەوەبێ کە کوردستان ژەنیار و هونەرمەندی تیانییە، زۆر هەڵەن، لەبەرئەوەی کوردستان ژەنیاری زۆر بەتوانای تێدایە، نموونەش بۆ قسەکانم گەورە هونەرمەندی فارس "موعین" لە کوردستان لەگەڵ ژەنیارانی کورد کۆنسێرتی کردو دانیشی پیانا، بەڵام بەداخەوە بەردەوام کورد رقی لە ماڵ و بەهرەو توانای خۆیەتی، یانی ئەوەندەی بیر لەوە دەکەنەوە یەکتر بشکێنن ئەوەندە بیر ناکەنەوە پێناسەی هونەرمەندانی خۆیان بە باشی بکەن و هونەرمەندانی خۆیان خۆش بوێ و ڕێزی توانای یەکتر بگرن. تا بمێنم و بتوانم لە کوردستان ئیش دەکەم و هونەرمەندی وامان هەیە زۆر لەو ئاستە گەورەترە لەگەڵ من و هونەرمەندانی دیکە کاردەکەن.

*** لێشاوێکی زۆری هونەرمەندانی گەنج بۆ ناو هونەری کوردی بەڕێوەیە، تۆ ئەو لێشاوە چۆن دەبینی و چەندە خۆت پاراستووە لە کۆپیکردنی ئاوازی ڕاستەوخۆی غەیرە کوردی؟**

- وەکو سیفەتی هەمیشەیی خۆم قسە لەسەر ئیشی هیچ کەسێک ناکەم، بەڵام چاو و گوێم هەیە، وەکو هاوڵاتیەک دەڵێم زۆر گۆرانیم گوێ لێبووە تا گۆرانیبێژ دەستی پێنەکردووە نەمزانیوە گۆرانی کوردییە، ئەوە ڕۆژگارێک دادێت کە هەموومان چەند لەو شتە پەشیمان دەبینەوەو لەگەڵ ئەوەش نیم هونەرمەند نە بە تورکی، نە بە فارسی و نە بە عەرەبی گۆرانی بڵێت، مەبەستم لە دابەشکردنی میوزیکە، زۆر ڕاشکاوانە دەیڵێم یەکێک لە تراکەکانی ناو ئەلبوومەکەم یادی تۆ، کە گۆرانیەکە ئاوازی ڕێبین جەماڵەو هۆنراوەی ڕێدار سابیرەوە، لەلایەن محەمەد یاسینەوە کاری دابەشکردنی میوزیکی بۆ کراوە، ستایلی گۆرانیەکە سەنات میوزیکە، کە ستایلێکی تورکیە، بەڵام ئێستا لە تورکیا باوەو ئەسڵی ئەو ستایلە زۆر دوور و درێژە، یانی بە تەنها تایبەت نییە بە تورک، بەڵام ئەوان ناویان ناوە "سەنات" کە ئەو ستایلەمان واکرد نەدەکرا بە ستایلێکی دیکە بکرێن من دانی پیادنێم ئەوە ستایلێکی کوردی نییە، بەڵام بەرهەمەکانی دیکەم با گوێگر گەواهیدەر بێ.

*** ئەی ئەگەر بگوترێ بەشی زۆری بەرهەمەکانی گۆران بۆنی تورکی لێدێ، دەڵێی چی؟**

- لەوانەیە ئەو قسەیە بکرێ و بێ ویژدانی نییە، چونکە هونەرەکەمان کەوتۆتە ژێر کاریگەری زۆر لەو هونەرانەی چواردەورمان، پێشم شتێکی هەڵە نییە، چونکە هونەر بەربڵاوەو دەڕوا بەدەست من و تۆ نییە، کە گوێت لە شتێکی خۆش دەبێ ناتوانی بڵێی خۆش نییە، یەکەم شت لای من لە هونەرەکەم شتێکی پوخت و باش و خۆشە، چونکە گوێی ئەو خەڵکەی ئێستا لە وڵاتی منە، هەموویان گوێی کەسانێکی ماندوون و پێویستیان بە حەسانەوەیە، ئەگەر بۆنی بەرهەمێکی تورکی لە گۆرانیەکانی من بێ پێی شەرمەزار نابم، چونکە هونەرمەندمان هەیە بۆنی هەورامان و شاخەکانی کوردستانی لێدێ، بەڵام من بەپێی توانا هەوڵدەدەم بەرهەمەکانی من بەهیچ ستایلێکی تورکی و عەرەبی و فارسی بچێ، دەمەوێ کوردی بێ.

*** لەو ئەلبوومەتدا گۆرانیەکی فۆلکۆریت گوتۆتەوە، هۆکاری چی بوو؟**

- لەهەموو بەرهەمێکدا هێڵێکی گشتی هەیە ناتوانی لێی دەربچی، بەڵام دەتوانی جوانکاری تێدا بکەی، ئەگەرچی ئەو گۆرانییە لەلایەن زۆرێک لە هونەرمەندان گوتراوەتەوە، بەڵام من لەبەر ٣ بنەما ئەو گۆرانیەم گوتەوە، یەکەمیان وەکو تۆن دەمتوانی بیڵێم، وەکو ڕیتم خۆم حەزم لەو ڕیتمەیە، سێیەم داواکاری دایکم بوو، کە هەزارەها دایک هەیە حەزی لەو گۆرانییەیە، کردم و لێی پەشیمان نیم، دەتوانم بڵێ خزمەتێکی باشی گۆرانیەکەم کردووە، هەر هیچ نەبێ بە تەکنیکێکی باش گۆرانیەکە تۆمار کراوە، ئەگەر کەموکوڕیشی هەیە هەردوو دەستم بڵند دەکەم و بەداوای لێبووردنەوە دەڵێم بمبوورن تەنها دەمەوێ خزمەتی گۆرانیەکە بکەم.

*** لەڕووی داراییەوە یەکەم ئەلبوومت چۆن بەرهەم هێنا، تۆ بە کەسێکی نزیک لە دەسەڵاتی بەرز ناسراوی، کەوایا کێ بوون هاوکارانت لەو ئەلبوومە؟**

- ڕاستە لە دەسەڵات زۆر نزیکم و زۆریش ڕێزم لێ دەگیرێت هەم لە لایەن حکومەت و هەم لەلایەن حزب بە زۆربەی حزبەکانەوە، تەنها ئەو ڕێزەم لێیان دەوێت، پارەم لە هیچ کەس ناوێ، زۆرجار هاوکاری مەعنەوی زۆر باشترە لە هاوکاری مادی، ئەوەش دەڵێم ئەگەر ڕێز و خۆشەویستی خەڵکیش نەبووایە بۆ من لە کەسێکی ئاسایی زیاتر هیچ نەدەبووم، ئەو خۆشەویستیەی خەڵکیشە کۆڵەگەیەکی سەرەکیە لەپشتم، بەردەوام و بەردەوام هانم دەدا، هەرچەندە نە لەلایەن حکومەت و نە لایەن حزب و هیچ بەرپرسێک و نە لەلایەن ڕاوێژکاری هونەری سەرۆکی حکومەت هاوکاری نەکراوم، ڕەنگە داواشم نەکردبێ.

*** بۆ داوات نەکردووە؟**

- پێویست ناکا داوای بکەی، ئەوان چاویان هەیە، ئیشی حکومەت خزمەتکردنی حکومەتە، وەکو هونەرمەند پێموایە ئەرکەکانی خۆم ڕادەپەڕێنم و بەردەوامیش دەبم ئەگەر ئەوان هاوکاریم بکەن یان نەکەن، ڕۆژێک لە ڕۆژانیش باوەڕ ناکەم گلەیی لە حکومەت بکەم، چونکە دەبێ ئەوان شعوری ئەوەیان هەبێ خەڵکانێک کە ئیش دەکەن، چۆن ئیش دەکەن؟ داهاتیان لەکوێ دێ؟ تا ئێستا من بە تەنها بۆ کلیپەکانی خۆم کە زۆربەی لەسەر ئەرکی خۆم بووە، نزیکەی ٤٠ تا ٥٠ هەزار دۆلارم سەرف کردووە، بەدەر لەو پارەیەی لە ئەلبوومەکە سەرف کراوە، سیدیەکەش لەسەر ئەرکی خۆم و کۆمپانیای ڤین پرۆدەکشن بەرهەم هاتووە، هیچ پارەیەکم لە حکومەت وەرنەگرتووە.

*** بەڵام هەواڵێک بڵاوبۆوە کە تۆ پارەی ٦ گۆرانیت لە وەزارەتی ڕۆشنبیری وەرگرتووە و تا ئێستا بەرهەمت نەهێناوە، چەند ڕاستە؟**

- حەزدەکەم بەو برا ڕۆژنامەنووسە بڵێم کە تۆزێک ورد بێ لەبەرئەوەی ئەو نووسراوەی بەدەستی گەیشت بوو لە وەزارەت، نووسراوەکە کۆن بوو، دووەم ناوەڕۆکی نووسراوەکەی نەخوێندبۆوە، چونکە ئەوە نووسراوە وەکو هاوکاری، ئەوە دیارییەک لەلایەن فەلەکەدین کاکەیی بۆ من وەکو گەنجێک کە دوای ئەو هەموو کارە هاوکاری نەکراوم، بەڵام کە برادەرانی بەڕێوەبەرایەتی هونەری میوزیک کە نووسیویانە ٦ گۆرانی وەکو سیستەمی ئیش نووسیویانە، دیارە ئەوانیش دەترسان لە زمانی ڕۆژنامەنووسێک کە بڵێن هاوکاری کراوە، یانی گوناه نییە ئەگەر هاوکاری بکرێم، لەگەڵ ئەوەی هونەرمەندانی بێگانە دێن بە دەیان دەفتەر دۆلار لە وڵاتی من دەبەن، کە هەقی من و دەیان هونەرمەندی دیکەیە، بەڵام ڕۆژێک لە ڕۆژان کەس قسەی نەکرد، من داوای هەقی خۆم ناکەم، بەڵکو دەبێ هەقم بدرێ، چونکە ئەو پارەیەی لەو وڵاتە سەرف دەکرێ، هەقی من و هەزارانی وەکو من و ئەو شەهیدانەیە کە خوێنیان ڕشتووە.

*** تەحەدا دەکەی کە پارەت لە هیچ بەرپرسێک وەرنەگرتووە، کەچی بڵاوکرایەوە و تۆ یەک ملیۆن دینارت لە بەرپرسێک وەرگرتووە، ئەی ئەوە چییە؟**

- ئەو ملیۆن دینارە تەنها دیارییەک بوو کە وەکو خوێندکارێک وەرمگرت، نەک وەکو هونەرمەندێک، من نرخم دانەناوە لەسەر هونەری خۆم، ئەگەر کەسێک ملیۆن دۆلار بداتە من، بەڵام بزانم بەقەد سەری دەرزیەک هونەرەکەم دەوروشێنێ قەبوڵی ناکەم، ئەگەر بشزانم خزمەتی هونەرەکەم دەکا سوپاسی دەکەم، بۆ ئاگاداریتان زۆر شتم بۆ هاتووە قبوڵم نەکردووە، کە دڵنیام ئەگەر بۆ زۆر لە هونەرمەندان بچێ قبوڵی دەکەن، بەڵام من لەسەر حیسابی هونەرەکەو کەسایەتی خۆم هیچ شتێک قەبوڵ ناکەم.


گۆران ساڵح

**ڕاستە لە دەسەڵات زۆر نزیکم و زۆریش ڕێزم لێ دەگیرێت، هەم لە لایەن حکومەت و هەم لەلایەن حزب بە زۆربەی حزبەکانەوە، تەنها ئەو ڕێزەم لێیان دەوێت، پارەم لە هیچ کەس ناوێت**

---

# ئەزموونگەریەت لە شانۆ (١١)



**هیوا سوعاد یونس**

هەرچەندە لەدواتر زیاتر باسی ستانسلافسکی دەکەم، چونکە بەڕاستی ڕۆڵێکی کاریگەری هەبووە لە پێشخستنی شانۆ و دانانی میکانیزمێکی زانستی بۆ ئەکتەر و نمایشی شانۆیی.

دەبێ ئەوە بزانین ستانسلافسکی شانۆی لە هونەرەوە کورد بە زانست، لە بەهرەوە بۆ پیشە، چونکە هەر لە سەرەتادا شانۆ پشتی بەو بەهرانە بەستبوو، کە ڕێگەی ڕاهێنان و کارکردنی بە بەردەوامی گەشەیان دەکرد، ئەو شانۆیەی ئەکتەری تازە پێگەیشتوو لە ئەکتەری خاوەن ئەزموون شت فێردەبوو، بەڵام لە سەردەمی ستانسلافسکییەوە واتە سەرهەڵدانی ڕێبورتواری شانۆیی فێربوونی هونەری شانۆیی گواسترایەوە بۆ پەیمانگاو گروپەکان. وایلێهات قوتابی شانۆ لە دەرەوەی تەختەشدا فێری هونەری نواندن دەبێت و لەسەر تەختەشدا لایەنە تیۆریەکە بە شێوەیەکی پراکتیکی ئەنجام دەدات و سوودی لێ وەردەگرێت و شارەزایی کون و کەلەبەرەکانی ئەم هونەرە دەبێت.

هەر ئەم دابەشکردنە زانستیانەی ستانسلافسکی توخمەکانی نمایشی شانۆیی بووە مایەی دروست بوون و سەرهەڵدانی بیروڕای جیاواز و دیاردەی تر، چونکە هەر ئەزموونێک یان هەر دیاردەیەک کاری لەسەر لایەنێکی ئەو توخمانە کردوو هەوڵی هەڵگەڕانەوەی دا، دەرهێنەر هەوڵیدا دەست بەسەر هەموو لایەنەکانی نمایشی شانۆیی بگرێت و لە ئەزموونە شانۆییەکان یان بە واتایەکی تر لە شانۆی ئەزموونگەری زیاتر دیکتاتۆرانە کاری کردوو هەوڵی تێکشاندنی سێ توخمە سەرەکییەکەی شانۆی "ئەکتەر، دەق، بینەر"داو دووبارە هەوڵی ڕێکخستنەوەی داو کردی بە توخمی ناوەندی، زیاتر بایەخی بە سینۆگرافیاو تەکنیکەکانی تر داو ویستی ئەو پێشکەوتنەی لە بواری تەکنیکی هەیە لە بواری شانۆداو دەستەبەری بکات، هەر ئەمەش بووە مایەی سەرکەوتن و ڕێگەخۆشکردن بۆ ئەوەی لە هەوڵەکانی سەرکەوت، ئەو هەوڵانەی کە دەیدا بۆ زاڵبوون و تێکشاندنی سێ توخمە سەرەکییەکەی شانۆ، هەر لەم بارەیەوە نووسەری سووری "فەرحان بلبل" دەڵێ: ئەم سەرکەوتنانەی دەرهێنەر کە لە سەدەی بیستەم بە تایبەتی کۆتایی سەدەکە بەدەستی هێناو سەرکەوتنەکەی گەیشتە لووتکەی سەرکەوتن و بووە هۆی سەرهەڵدانی سەرەتای تێکدان و تێکشکان، بەمەش شانۆی ئەزموونگەری بووە وارسی ڕاستەقینەی نەک هەموو هەوڵەکانی نوێکاری لە سەدەی بیستەم، بەڵکو هەموو زانستەکان مرۆڤایەتی لە شانۆدا و هەوڵدانێک بوو بۆ سەرلەنوێ دروستکردنەوەیان، هەروەها خانمە ڕەخنەگری فەرەنسی "پاتریس پانس" بەم شێوەیە باسی ئەم پێشکەوتنە دەکات و دەڵێ: "لە شانۆدا زیاتر بایەخ درا بە لایەنی ستاتیکی بەو پێگەیەی کە بەرهەمی هەوڵ و کۆششی پێشووترەو گەڵاڵە بووەو برەوەی پێدراوەو دەدرێ بە بینەر یاخود بینەر وەریدەگرێ. ئەمەش بەرهەم و کۆششی ئەندازەو دانەرانی هونەرەکانی ترە هەریەکە بەکاری خۆی هەڵدەستێ و لە ئەنجامی تێکەڵاو بوون و ڕێکخستنی کارەکان، کارێکی یەکگرتوو دێتە بەرهەم.

شانۆی ئەزموونگەری بە شێوەیەکی ئەوتۆ مامەڵەی لەگەڵ ئەکتەر کردووە، کە زۆر ڕۆڵی پێداوە واتە بایەخێکی زۆری بە ئەکتەر داوە، ئەم بایەخەش لە جەستەی ئەکتەرەوە دەست پێدەکات بایەخی بەهەموو بەشەکانی جەستەی ئەکتەر داوەو هەمیشە لە هەوڵی ئەوەدا بوو ئەکتەر ببێتە خاوەن جەستەیەکی ئەوتۆ کە بۆ هەموو جووڵەیەک بشێ و بتوانێ بە جوانترین شێوە گوزارشت لە حاڵەتەکان بکات، بەمەش ئەکتەر ناتوانێ لە شانۆی ئەزموونگەری بەشدارییەکی کاریگەری هەبێت ئەگەر ڕاهێنانێکی زۆری نەکردبێت ولەشی خۆی بە شێوەیەکی زانستی ڕانەهێنابێ. ئەوەتا هەریەک لەو دیاردانە بە شێوەیەک لە شێوەکان بایەخیان بە ئەکتەر داوەو هەریەکەیان بەپێی تێڕوانینی خۆی و بۆ خزمەتی بیرۆکەکەی بایەخی بە ئەکتەر داوەو هەوڵی داوە لە ڕێگەی ڕاهێنانەوە بیکاتە توخمێکی سەرەکی و کاریگەری بۆچوون و ڕەوتەکەی. هەوڵ دەدەین لە بۆتەی باسکردنی دیاردەکان دیاردەکان باسی گرنگی ئەکتەر و چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵیدا بکەین، چونکە ڕەنگە لە دیاردەیەک بۆ دیاردەیەکی تر بایەخەکان جیاوازییان هەبێت و گرنگییەکانیان جیابێت. بۆ نموونە لە شانۆی هەژاری کرۆتۆفسکی مامەڵەکردن جیاوازی هەیە لەگەڵ شانۆی مایرهۆڵد یان شانۆی پێشڕەو یان ئەوانی تر، ڕاستە لەم دیاردە نوێیانە بایەخێکی زۆر هەبووە بە ئکتەر، بەڵام لە دیاردەیەک بۆ دیاردەیەکی تر هەروەک وتمان جیاوازی هەیە. دیاردەیەک یان شێوازێک بە تەنها پشت بە ئەکتەر دەبەستێ و گوزارشتەکان هەمووی بە جەستەی ئەکتەر دەکات، کەچی دیاردەی تر هەیە لە پاڵ ئەکتەر بایەخێکی زۆر بە سینۆگرافیا دەدات یان مۆسیقا یان ڕووناکی، ڕاستە باسکردن لەم دیاردانە پێویستی بە لێکۆڵینەوەو وتاری زۆر هەیە، بەڵام هەوڵ دەدەین بۆ ئاشنابوون و ناسینی ئەم دیاردانە یەکە یەکە باسیان بکەین گەر بە کورتیش بێت بە تایبەتی ئەو دیاردانەی گرنگیەکی زۆریان هەیە لە گەشەسەندنی شانۆ و بەردەوامی ئەزموونگەریەت و بەرپاکردنی شۆڕشی نوێکاری لە شانۆدا.

کەلچەری بەدرخان Bedirxan

بڵاوکراوەیەکی رووناکبیریی گشتییە لەگەڵ بەدرخان دەردەچێ

سەرپەرشتیاری کەلچەری بەدرخان:
عەبدولرەحمان مەعروف: awrahman2002@yahoo.com
بە هاوکاری راوێژکاری رووناکبیریی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی بەدرخان:
د.ئازاد حەمە شەریف
ژمارە ٧٠ - ١٤١ - ٢٠١٠/٥/٢٢ی زایینی




## بەئەسپایی



ئاورەحمان مەعروف

### ئەمن دوعایەکی دەکەم ئەنگۆ برێن ئامین

دنیایەک برین و کۆمەڵێک جەخارو پارچەبوون و چەند لەتبوون بە جەستەی ئەم میللەتەوەیە و لێکدابڕان و پشت لێک کردن سیمایەکی دیاری ئەم کۆمەڵگاو نەتەوەیە بووە، لە مێژ ساڵە شاعیرانی کورد و شاعیری هەرە گەورەو سیمبولی نەتەوایەتی کورد ئەحمەدی خانی باسی لەم دەرد و ئازار و پەتا کوشندە و شێرپەنجەیە کردووە و دواتریش حاجی قادری کۆیی، کە قۆناغێکی نزیکترو ئەم دواییەیە زۆر بەروونی دەنگی لێ هەڵبڕیووەو فەرموویەتی:

**تارێک نەکەون قەبیلی ئەکراد**
**هەمیشە دەبنە خەرابە ئاباد**

ئەم گوتەگۆتەم بۆ دوولەتبوون و ئەو جەندین ساڵەی لێک دووری یەکێتی نووسەرانە، کە بریارە لەم زوانە کۆنفرانس و دواتریش کۆنگرە ببەستێ، کە "١٨"ساڵە کۆنگرەی گرێ نەداوە . ئەویش ئاگری شەڕی خۆکوژی و کوردکوژی لێکی دابڕی بوون، ئەگەرچی بەناو یەکێتی نووسەران نەبووبووە سەوز و زەرد، وەلێ وەک جەستەیەکی بێ رۆح و ناچالاک و ناکاریگەر کارەکانی خۆی و تەمەنی سەر کاغەزی درێژە پێدەدا، لەراستیدا یەکێتی نووسەرانی کورد، وەک زۆربەی رێکخراو و سەندیکاکانی دیکە لێک هەڵنەوەشابۆوە، بەڵام نائامادە و لە گۆرەپان ون بوو، دابەشبوونی تەواوی نووسەرانیش بەسەر رۆژنامەو دەزگاو ئۆرگانە حزبییەکان وەک رۆژی رووناک و بەئاشکرا دیار بوو، لەوەش قورسترو تاقەت پڕوکێنتر ئەوە بوو دوا رێکخراو و سەندیکا و یەکێتی بوو بریارە بە "چەسپی دووقلوو" لە دەستپێکی مانگی گەلاوێژ هەڵبێت و یەک بخرێتەوە، ئومێد دەکەم یەکگرتنەوەکە راستەقینە و پێکەوە لکانی بە زۆری نەبێت.

دەکرێ لێرەدا خاڵێکی دیکەش بورووژێنین ئەویش: دابەشکردنی پۆستەکانەو رەچاوکردنی کۆمەڵێک بەرژەوەندییە، وەک ئەوەی ١٨ ساڵ درێژەی بەم رەوشە نالەبارو نا تەندروستە دا...

گەشاوەو رۆشن بێت داهاتووی یەکێتی نووسەران و ستاف و دەستەی تازەش هەر چالاک و ژیانییان تژی خەون و. لەبەرهەم و کارەکانیشیان بەهەرمێن بن.

دوعایەکیش دەکەم ئەنگۆ برێن: ئامین. خوایە تا کۆنگرەیەکی دیکە ئەگەر درێژیش بێتەوە هەر نیوەی تەمەنی ئەمەی پێشووتربێت!!

## چیرۆکی سینەما کەوتە کتێبخانەی کوردییەوە

تایبەت بە بەدرخان




بە قەبارەی ١١٨ لاپەڕەو لە چاپێکی جواندا، عەدنان عوسمانی سینەماکار و نووسەر نوێترین کتێبی خۆی بەناوی "چیرۆکی سینەما"بەچاپ گەیاند و لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری رۆشنبیری و هونەری قەرەچووغە.

ئەم کتێبەی عەدنان عوسمان "چیرۆکی سینەما" کە باس لە مێژووی چیرۆکی سەرهەڵدانی سینەما دەکا، تێیدا نووسەر زۆر لێزانانە توانیویەتی قۆناغەکانی گەشەسەندنی سینەما لە رۆژگارەکانی سەرەتاوە بە خوێنەر بگەیەنێ، بە شێوەیەک خوێنەر وا هەست دەکا، ئەوە خۆیەتی لە کردارەکان بەشدارن، هەروەها لە لاپەڕەکانی دیکەی کتێبەکەدا باشترین و کاریگەرترینەکانی ناو سینەمای خستۆتەڕوو.

وێڕای دەستخۆشی لە نووسەر هیوای بەردەوامی بۆ نووسەر دەخوازین، چونکە بوونی کتێب و سەرچاوە دەربارەی سینەما بۆ نێو کتێبخانەی کوردی یەکجار گرنگە.

# غازی حەسەن: رۆژنامەکان خوێنەریان دووچاری ئیستهلاکی خوێندەوە کردووە




**غازی حەسەن نووسەر و رۆژنامەنووسێکی خاوەن ئەزموونەو لەناوەڕاستی هەشتاکانەوە دەستی قەڵەمی گرتووەو لە خۆشەویستی و گەورەیی رۆژنامەو نووسینەوە، درێژەی بەکارەکەی داوەو ئێستاش سەرنووسەری رۆژنامەی "بارزان"ە.**

**لەسەر چەند پرسێکی رۆژنامەوانی گەرم و نەمانی خوێنەری جددی و قۆناغەکانی خوێندنەوە دواندمان.**

**ئا: عەبدولرەحمان مەعروف**

*** بەر لەهەموو شتێک بۆ رووت لە رۆژنامەگەری کرد؟**

- رەنگە بەرێککەوت بێت رووم لەم پیشە جەنجاڵ و قورسە کردبێت، ئەوە لە زانکۆی بەغدا دەمخوێندو لەوێش دەستم بە بڵاوکردنەوەی یەکەم نووسین کرد، لەگەڵ هەندێک برادەری هاو پۆل هەمیشە باسی خوێندنەوەو نووسین و رۆژنامەمان دەکرد، ئەوکاتیش ئەز لەرێکخستنی نهێنی شۆڕشی کورد کارم دەکردو بڵاوکراوەکانی شۆڕشم بەدەست دەگەیشت. هەتا لەبەغداش ئەو دەست و ئەو دەستم بە بڵاوکراوەکان دەکرد. گرینگ لەدەرنجامی بەشداری لەشۆڕش و هەستی گەنجانەی پێشکەتنخوازی، بیرم لە چۆنیەتی نووسین و دەرکردنی رۆژنامە یاخود گۆڤارێک دەکردەوە. یەکەمین جار هەر تەنیا رۆژنامەم بۆن دەکرد، لەکۆڵانان، پەڕو لاپەرەکانی رۆژنامەو گۆڤارە فڕێدراوەکانی گەرەکی رووناکی و هەندێک گەرەکی دیم لەهەولێر کۆدەکردەوە. لەهەموو شتێک پتر ئەو شتانەم دەخوێندەوە، کە لەرێگە بەدەم رۆیشتنەوە دەمدۆزینەوە. لێت ناشارمەوە، لەبەر کەمدەرامەتی و نەبوونی خوێندەواری لەماڵەکەمان دوای شەهیدبوونی ئیسماعیلی جوانەمەرگی برام، کە ئەو خوێندەواری هەبوو، دەیخوێندەوەو لەگەڵ شۆڕش پەیوەندی هەبوو، هیچ دەرفەت و شوێنێک و کەسێک نەبوو، رۆژنامەو کتێب و گۆڤاری لێوەرگرم. تاگەیشتمە ئامادەیی، ئیتر دەرفەتی پێشت بەخۆبەستن و ناسینی کتێب و رۆژنامەم چاکتر لەبەردەم والابوو.

پەیوەندیم بە شۆڕش و کارکردن لەگەڵ حزبی سۆسیالیست و دواتریش بەرپرسێتی لە زەحمەتکێشان هاندەری سەرەکی بوون، بۆ ئەوەی لە ئەرک و پەیامی رۆژنامە بگەم، خۆشم بوێت و لێشی نزیک بکەومەوە. ئەمە نەک هەر تەنیا رۆژنامەگەریان لا گەورە کردم، بەڵکە وایان لێکردم کە ساڵی ١٩٨٩ لەناو شاری هەولێر گۆڤارێک بەناوی ژیلەمۆ بە نهێنی بەهاوکاری لەگەڵ چەند کەسێکی هاورێم لە رێکخستنەکانی حزبی دەربکەم.ئەمە چەند مانگێک بەردەوام بوو. هەستی کوردایەتی و کاری سیاسی هانیان دام بیر لەرۆژنامەگەری بکەمەوەو لە راپەرینیش کە لەزیندانی بەعس دەربازم بوو، دەرفەتێکی زێرینم بۆ هەڵکەوت کە راستەوخۆو ئازاد بکەومە نێو کاری رۆژنامەگەرییەوە. من پێم وایە رۆژنامەگەری راستەقینە باشترین هۆکارو رێبازە بۆ بەرەو پێشخستنی کۆمەڵگەو گۆڕانکاری لە ژیانی رۆشنبیری و سیاسی. لەبەر ئەوە بەرەو ئەو دنیایە هەنگاوم نا..

*** بەڵام ئێستا بارەکە تەواو گۆڕاوە هەست ناکەیت ئێستا کەس کەس ناخوێنێتەوە؟**

- لەقۆناغی ئێستادا لەتەک هەموو ئەو پێشکەوتن و گەشەکردنەی لەرووی تەکنیکی و دەرهێنان و بڵاوکردنەوەو زۆربوونی رۆژنامەنووس و بڵاوکراوەکان لەکوردستان بەرچاو دەکەوێت، تەنگەژەیەکی راستەقینەش لەرووی شەرەف و پابەندبوون بەکاری رۆژنامەگەری راستەقینە هەست پێدەکرێت. هەر بەتەنیا ئەوە نییە، کە کەس کەس ناخوێنێتەوە، بەڵکە هیچ کەس دان بەکەسیش نانێت، رکابەرییەکی بەرەو ژێر هەیە، ئەگەر سەرنووسەر، هی واش هەیە هێشتا لە پرۆسەی نووسین دەربازی نەبووەو بەکوردییەکی ناتەواو دەنووسێت لەسەرجەم بوارە جیاکان دەنووسێت. هی وا هەی لەسیاسەت و کێشەی نێودەوڵەتی و مەسەلەی ئابوری و کۆمەڵایەتی و هونەری و ئەدەبی وەکو پسپۆرو شارەزا قسە دەکات. رۆژنامەنووسی واهەیە، ئاساییە رۆژانە چەندین بابەت وەرگرێت و ناوی گەورەی خۆی بەسەرەوە دابنێت.

ئا لەم حاڵەتەدا کێ دەتوانێت ئاگای لەخۆی بێت هەتا خەڵکی دیکە بخوێنێتەوە. بروا دەکەی هەیانە کە تازە پێکورە لەنیو رۆژنامەنووسی دەکات، دەرفەتی نییە لەبەر سەرقاڵی و زۆر بابەتی بابەتەکانی خۆی بخوێنێتەوە، چۆن ئاگای لە خەڵکی دیکە دەبێت.

من پێم وایە رۆژنامەنووس سەر بەهەر چین و پێکهاتەیەکی سیاسی بێت، دەبێت وەکو کەسایەتییەکی هاوکارەکانیان، دووچاری لێکچوون و خراپ بەکارهێنانی زانیارییەکان و لێکدووری بابەتە لێکچووەکان دەبن. بۆیە کاتێک رۆژنامەنووس یەکتر نەخوێننەوە، ئاقاری شرۆڤەکان بەرتەسک دەبنەوە. وەکو گوتم ئەگەر خوێنەر ئامادە بێت بێ بیرکردنەوە چەواشەکاری و راستبێژی وەکو یەک وەرگرێت، رۆژنامەنووسیش بێ وەستان و بیرکردنەوە راست و چەپ بەئارەزووی تاکەکەسی خۆی بریار دەدات و کێشەکان دەخاتەڕوو. وشیاری خوێنەر زۆر گرینگە، کە نابێت لەبیری بکەین، خودی رۆژنامە هاوکاری پێکهێانی ئەم جۆرە خوێنەرە وریاو ژیرە دەکات. بەڵام کەی و چۆن. گاڤێک رەوشە گشتییەکان ئاسایی دەبنەوەو خوێنەر بەئاسایی دەخوێنێتەوەو رۆژنامەنووسیش لە ناتوانێت شەرەفی پیشەکەی ببەزێنێت.

ئێمە دەزانین بەهۆی پرۆفیشنال نەبوونەوە، رۆژنامەنووسی و رەتکردنەوەی خەڵکی دیکە دەرباز بکات. تەنیا هەندێک جاران رۆژنامە ناوچەگەری دەکات و رۆژنامەنووس بانگەشەی بازنەیەکی بەرتەسک دەکات.

*** بەڵام حاڵەتێکی دیکە هەیە لەناو ناوەندی رۆشنبیری کوردی هەندێک لەو گۆڤارو رۆژنامانەی، کە بەدوای ک وموکوڕیدا دەگەڕێن و هەندێک جاریش سنوور بەزاندنیش، بە قوڵبوونەوەو شۆڕبوونەوە بۆ کارەکانی ئەو دیوی پەردەو نێو خێزان و حزب، لەم سەریشەوە دوژمنانی کورد زیاتر لەو خوێنەری کورد سوود لەم زانیاری و ئاشکراکردنەی نهێنییەکان وەردەگرن، رەنگە دەستی ئەم بڵاوکراوەو نووسراوانەش بدەن بۆ بەردەوام بوون و چوونە پێشەوەی زیاتر، جا تیراژی ئەمانە بە گوێرەی بڵاوکراوە کوردییەکان، هەندێک جار خەیاڵی و زیادەڕۆییە، یان لەبابەتێکی گەرم و وروژێنەرە رۆژنامە یان گۆڤارەکە لەبازاڕدا نامێنێتەوە؟**

- رۆژنامەگەری کوردی تاکو ئێستا نەیتوانیوە بەشێوەیەکی زانستی رەخنە لەکەسێک نەگریت، رەنگە هەست بەبوونیشت نەکات. لەبەر ئەوە رۆژنامەنووسیش بۆ راکێشانی سەرنجی لایەن و گروپەکان هەتا خودی رۆژنامەنووسە هاوپیشەکەشی، پەنا وەبەر شێوازی ناوزڕاندن و تێپەڕاندنی سنووری ئاسایی دەبات. دەنا کەسانێک هەن رۆژنامە دەردەکەن و ئامادە نین، تەنیا دوو رۆژنامەی جوداش بخوێننەوە. هەشیانە هاوارەکانیان رۆژنامەیان بۆ دەخوێنێتەوە، لەبەر ئەوە ئاساییە لەم کەتوارە سەختە، کەس کەس نەخوێنێتەوەو تەنیا خۆی پێ باشترین رۆژنامەنووس و هەواڵدەرو پەیامنێریش بێت. من تێ ناگەم ئەگەر کەسێک لەیەک رۆژدا لەچەند دەزگایەک و رۆژنامەیەک و بوارێکدا کار بکات، کەی دەرفەتی خوێندنەوەی تۆی دەبێت.

بەداخەوە دەکرێت بڵێم رۆژنامەنووسانیش وەکو تەواوی پێکهاتەکانی دیکەی کۆمەڵگە دابەشی سەر ئایدیۆلۆژیاو گروپ و دەستە جیاکان بوون، تەنیا هی وا هەیە وەکو مەسەلەیەکی بازرگانی رووت مامەڵە لەگەڵ پیشەی رۆژنامەوانی دەکات، هی واهەیە لەپڕێک بێ تێپەڕین بە پرۆسە گشتییەکەی رۆژنامەنووسی دەبێتە بەرپرس و نمونەیی و رۆشنبیرێکی قوڵ و دووربین مامەڵە لەگەڵ رووداوەکان و هاوپیشەکانی بکات. کاڤێک دەکەوینە دەرەوەی بازنە گشتییەکەو ئەو پرسەنسیپە بنەڕەتیانەی رۆژنامەنووس لە دنیا هەیانە، رووبەڕووی ئەو کێشانە دەبینەوە، کە وەکو مۆتەکە بەدیار دەکەون.

*** لەم پرسیارەی سەرەوەدا، تۆ خەتاکە دەخەیتە ئەستۆی نووسەر بە پلەی یەکەم یان نەبوونی خوێنەر؟**

- رەنگە خەتاکە کەم تا زۆر بۆ هەردوو لایان بگەڕێتەوە، خوێنەری وشیارو چالاک دەتوانێت کاریگەریی لەسەر رەوشی رۆژنامەو گۆڤارەکان دروست بکات، راستە خوێنەر دەسەلاتی بەسەر چۆنیەتی هەڵبژاردنی بابەتەکاندا نییە، بەڵام دەتوانێت لەرێگەی کڕینی بڵاوکراوەکە کاریگەریی دروست بکات. بەڵام من واهەست دەکەم خەتای سەرەکی دەکەوێتە ئەستۆی رۆژنامەنووسەکان، چونکە بەهۆی نەخوێندنەوەی یەکتر، ئاگاداری پانتایی و چۆنیەتی هەڵبژاردنی بابەتەکان و لێکدانەوەی تایبەتی بۆ رووداوەکان نابن، جاری وا هەیە لەبەر بێ ئاگایی لە یەکتر و بایەخنەدان بە بۆچوون و شرۆڤەکانی کورد لەهەموو شتێک دەدوێت، لەکاتێکدا نووسەرو شاعیرە، سیاسییە، ئابووریناسە، لەبواری پەروەردە کار دەکات، هەر کە تەنیا یەک بابەتی نووسی دەبێت بەرۆژنامەنووس مامەڵەی لەگەڵ بکرێت. هەروەها لەهیچ بوارێکی راگەیاندنی کوردی بایەخ بە خوێنەرو گوێگرو بینەر نادرێت، ئێمە گوتارمان زۆر بەدەگمەن ئاراستەی تەمەن و خوێنەرێکی دیاریکراوە، بایەخ بە کات و شوێن و نەژادو کەسایەتییە جوداکان نادەین. بۆیە هەرچەندە خوێنەر کێشەی هەبێت، رۆژنامەنووس دەکەوێتە بەردەم پرسیاری گەورەترەوە.

نامەوێت لێتان بشارمەوە، لەگەڵ پێشکەوتن لە چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ رووداوەکان و دەستخستنی زانیاری، رۆژنامەگەری کوردی خۆی خستۆتە بەردەم پرسێکی گرینگترەوە، ئەویش راستگۆیی لە بڵاوکردنەوەو پیشەیی بوونە لەچارەسەرکردنی کێشەکان. بەداخەوە رۆژنامەنووس خۆی بەبەشێک لەرووداوەکان دەزانێت، وەکو کەسێکی ئایدۆلۆژی مامەڵە دەگەڵ رووداوەکان دەکات، نەیتوانیوە خۆی لە کەلتووری درێژخایەنی تاکرەویی و خۆویستی و بابەتیانە بەدواداچوون لەمەڕ کەموکوڕی و کۆمەڵگەو خێزان و حزب بکات. یا رەخنەیەکی توندو تێکشکێنەری متمانە ئامێزە، یاخود داکۆکییەکی توندو هەندێک جاریش بێ بنەما. لەم حاڵەتەدا رۆژنامەگەری وەکو پیشە نامێنێت دەبێتە ئۆرگان و زمانحاڵی گروپ و لایەنەکان بۆ شێواندنی راستی. شێواندن لە داکۆکی لەراستییەکان، شێواندن لەدەرخستنی راستییەکان. تەنیا گەلێک جاران رۆژنامە دەبینیت وەکو بەشێک لەبڕیاردەرو خودانی کێشەکان خۆی نیشان دەدات، ئەمەش وادەکات بێلایەنی لەدەست بدەن. راستە لەژێر ناونیشانی جودا کاردەکەن، بەڵام لەبەر تەنگە نەفەسی زوو خۆیان ئاشکرا دەکەن..

من با نموونەیەکت بۆ باس بکەم لە چەند هەفتەی رابردوو گۆڤارێکم دەخوێندەوە خۆیان نووسیویانە هەندێک لایەن کە (دژی کوردن) سوودی تەواو لە بابەت و هەواڵ و ریپۆرتاژەکانی ئەوان دەکەن و هەر هەمووی وەردەگێڕنە سەر زمانی عەرەبی. من نازانم چ رۆژنامەنووسێک هەیە بەم راشکاوییە شانازی بەوە بکات دوژمنەکانی میللەتەکەی زانیارییەکانی ئەویان کردۆتە سەرچاوەی خۆیان.

لەهەمان گاڤیشدا هەندێک رۆژنامەنووس دەبێژن ئێمە دەبێت شتێکی وا دروست بکەین، خەڵک بمانکرێت، دەبێت مانشێتی ئاگراوی و هێرشبەرو ریسواکەرمان هەبێت، رۆژنامە ئەگەر وانەبێت هیچ سوودی نییە، واتە لێرەدا هەندێک لە رۆژنامەنووسەکان شەرعیەت بە پەلاماری خەڵکی و ناوزڕاندن و هەتا شێواندنی راستییەکان دەدەن، لەئالەکی شتێک لەمانشێت دەبێژن و شتێکی دیکە لەنێوەرۆکدا نیشان دەدەن. بۆیە ئەو رۆژنامەنووسانە وروژاندن و شێواندن تێکەڵی یەکدی دەکەن. بۆ دەبێت لەپێناو فریودانی خوێنەرێکی دیاریکراو، کە لەچەند سەد کەسێک تێناپەڕن، مێژوو و ویژدانی رۆژنامەگەری بشێوێندرێت. کاتێک رۆژنامەنووس دەبێتە بەشێکی جێبەجێکەر لە خواستە کاتییەکان، یانژی خۆی دەداتە دەست گێژاوی ناوبانگ دروستکردن لەم پێناوەشدا پەنا وەبەر (مانشێتی زەق و فریودەرە) دەبات، پێویستە رەچاوی کۆتاییەکی کورت و تەژی لە تەنگەژەو رووبەڕووبوونەوەش بێت، چونکە ئەمجۆرە رۆژنامەنووسە سەنگەری رووبەڕووبوونەوە لەگەڵ بەرژەوەندییەکان، نەک کێشەو راستییەکان هەڵدەبژێرێت.

باسی تیراژ دەکرێت، گرینگ چەند کەس بە چاوێکی رەخنەگرانە رۆژنامەو بابەتەکان دەخوێننەوە، یاخود ناونیشانەکان چەندە دەرفەت بە خوێنەر دەدەن، بابەتەکانیش بەوردی و سەرنجەوە بخوێننەوە. من وای دەبینم رۆژنامەکان خوێنەریان دووچاری ئیستهلاکی لە خوێندەوە کردووە. چونکە خوێنەری جدیان تیرۆرکردووە. ئەم زۆرییەی بڵاوکراوەکان ئەنجامێکی وەها دروست دەکات، کە تەژییە لە کێشەو گرفت.

من گەلێ جار هەست بەوە دەکەم رۆژنامەنووس هیچ ئامانجێکی دیاریکراوی رۆشنبیری و سیاسی لە نووسینەکەی نییە، هەشیانە پێچەوانە هێندە توندڕۆیی لە ئامانج و مەبەستەکانی دەکات، یەکسەر لایەنگیری و وروژان و هەتا گێرەشێوێنی و چەواشەکاریش هەست پێدەکەیت. گرینگ لەهەردوو حاڵەتدا عەقلانیەت بوونی نابێت و پیشەگەری لاوازە.

هەندێک رۆژنامە لەژێر نێوی نوێگەری بەئاسایی دەزانن پێشێلی مافی بەرامبەرەکەیان بکەن، تادەگاتە ئەوەی خەڵک نەتوانێت لەدەست (دەستکاری و گۆڕینی رەوتی ئاخاوتنەکان) بێدەنگ بێت، لەهەمان گاڤیشدا کلاسییەکان هێندە بەمردوویی مامەڵە دەگەڵ رەوشەکە دەکەن، وەکو ئەوەی بوونیان زیاد بێت. زۆر گرینگە لەپێناو گێڕانەوەی متمانەو پتەوکردنی پێگەی راگەیاندن پەنا وەبەر رێزگرتن و شەرەفی رۆژنامەوانی ببرێت.

# د. شێرکۆ بابان : خۆزگە ئەم خەونە دەهاتەدی و بە دڵی خۆمان ئەو زێڕەمان دەگەیاند بە میللەت و تۆڵەی ئەنفال و کیمیابارانمان دەکردەوە

کتێبێکی (د. شێرکۆ بابان) لە سەر زمانی کوردی پەیامی خۆی دەگەیەنێت بە جیهانی پێشکەوتوو و بە زمانی گشت میللەتان

**ئا: بەدرخان**

*** لەم دواییەدا کتێبێکتان بڵاو کردەوە و ئەو کتێبە لە ئاستی زانستی و جیهانیدا پێشوازییەکی گەرمی لێکرا ڕێزەوە پێشوازی لێکرا، ئایا ئەمە چۆن بوو؟**

- لە پاش بڵاوکردنەوەی ١٥ کتێب و ١٥٨ نووسین، لە کۆتایی ساڵی ٢٠٠٩دا، کتێبێکمان بڵاو کردەوە، بە زمانی ئنگلیزی، لە سەر چەند تیۆرییەکی بنەڕەتی، کە لە زانستی دەنگسازی زماندا پێی نە زانراوە، یان بازیان بە سەردا دراوە. ئەم راستییەیش بووە بە هۆی کێشە و کلۆرییەکی کاریگەر لە چینە بنەڕەتییەکانی ئەو زانستە سەرتاسەرییەدا. ناونیشانی کتێبەکە بریتییە لە ( بەهرەی جووتەکی دەنگسازییانە لە تیۆری زانستی دەنگسازی سەرتاسەریدا)، یان بە ئنگلیزی:

The phonemic junction faculty in a universal phonological theory
a provisory research book deduced from Kurdish، and applied to English and French

*** ئایا دەتوانن بە کورتی باسی ناوەڕۆکی ئەو کتێبە بکەن؟**

- ناوەڕۆکە ئەکادیمییەکەی نێو ئەم کتێبە بریتییە لە کرۆکی تیۆرییەکی ئەندازیارییانەی بنەڕەتی و سەرتاسەری بۆ گشت زمانەکان، کە لە سیستەمی زمانی کوردییەوە وەرگیراوە و گەڵاڵە کراوە، هەروەها بە سەر هەردوو زمانی زەبەلاحی ئنگلیزی و فەرەنسیدا چەسپێراوە. لە پێناوی ئەو مەبەستەدا کە ئەم کتێبە بە هوردی و بە سفتی بخوێنرێتەوە، ئەو راستییە لە ژێر ناونیشانی کتێبەکە نووسراوە و چەند نەخشە و نیگارێکی تیۆرییە، کە لە سەر بەرگەکەی پیشان دراوە.

*** ئەی چۆن لە ئاستی زانستی و جیهانیدا بە پێشوازی لە ئەو کتێبە کرا؟**

- لە پاش بڵاوکردنەوەی ئەم کتێبە، چەند دانەیەکمان بۆ چەند کەڵە زانایەکی جیهانی لە بواری تیۆری دەنگسازیدا نارد، کە ناویان دیارە و ناوبانگی زانستیان سەرمەشقە و بە کتێبەکانیان بەرنامەی خوێندن و توێژینەوەیان لە هەموو دنیادا داپۆشیوە. ئەو زانا گەورانە، هەرچەندرەخنەی زانستییان ئاراستە کراوە، کتێبەکەیان هەڵسەنگاندووە و بە شێوازێکی مەرد و ڕەند رەخنەکانیان هەرس کردووە و بە ئەم چەشنەی خوارەوە، بە ئەرێنی، وەڵامی ئێمەیان داوەتەوە:

*** دەکرێ بزانین ئەوانە کێن؟**

- پرۆفیسۆر پیتەر رۆچ (Peter Roach) لە زانکۆی ڕێدینگ لە بەریتانیا، دانەری چەندین کتێب، بە تایبەتی کتێبە بەناوبانگەکەی لەبەرنامەی خوێندنی جیهانیدا، وەک: English phonetics and phonology

ئەم زانایە بەئەم جۆرە کتێبەکەی هەڵسەنگاندووە:

It is an impressive achievemet]
Peter Roach Jan. ٤/ ٢٠١٠

واتە:

(ئەم کتێبە شاکارێکی سەرسووڕهێنەرە)

● پرۆفیسۆر جۆن گۆڵدسمیس (John Goldsmith) لە زانکۆی شیکاگۆ لە ئەمەریکا، دانەری چەندین کتێب، بە تایبەتی هاندبووکە بەردەستییە بەناوبانگەکەی:



The handbook of phonological theory

ئەم زانایە بەئەم جۆرە کتێبەکەی هەڵسەنگاندووە:

I see that you do indeed] have new ways of looking at a range of traditional and classical problems of phonology].
John Goldsmith Feb. ٢٠/ ٢٠١٠



د. شێرکۆ بابان

واتە:

(من وا دەبینم کە بەڕاستی تۆ چەند ڕێگایەکی نوێت هەیە لەبۆ تێنواڕینی کۆمەڵە کێشەیەکی ترادیشناڵی و کلاسیکی لە زانستی دەنگسازیدا).

*** هۆی چی بوو کە ئەو کتێبەتان خستە بەردەم زانا گەورەکانی زمان؟**

- بۆیە ئەم کتێبەمان بۆیە بە ئنگلیزی نووسیوەو خستوومانەتە بەر دەستی زانا بلیمەتەکانی زمان و دەنگسازی، کە باری زانستی و رەسەنایەتی پرۆژەکەی ئێمە و باری پتەوێتی زمانی کوردی یەکلایی ببنەوە و کەڵکەکانی پرۆژەکە روون ببنەوە بۆ ئەو کەسانەی کە خۆیان بە خاوەنی ئەم میللەتە دەزانن و لە ئەو راستییە تێ دەگەن، کە زمانەکەمان بریتییە لە یەکەم کۆڵەکەی هەبوونی نەتەوەی کورد. بە داخەوە، تا ئەمڕۆ (١٦-٥-٢٠١٠)، کەسێک نەبووە کە بڵێت: (ئەی رۆڵەی ئەم نەتەوە هەژارە، چیت پێ هەیە بۆ ئەم نەتەوە هەژارە؟، با پێکەوە بە جوانی بیگەیێنین بە ئەم نەتەوە هەژارە).

کەواتە، ئێمە گەردنی خۆمان ئازاد دەکەین لە تەوقی مێژوو، چونکە ئیشمان کردووە و بڵاومان کردووەتەوە و بە تەرازووی جیهانی هەڵمان سەنگاندووە و ئەنجامی ئەو هەڵسەنگاندنەمان چەندین جار بڵاوکردوەتەوە. ئەمەو ئەمجا روو دەکەینە ئەو بابە (نالی)یەی کە بە میزانی ئەدەب (توحفەفرۆش) ە، بۆ ئەوەی پێی بڵێین، ئەی بابە (نالی) وا ئێمەیش بە میزانی زمان بووین بە (توحفەفرۆش). بەڵام جارێکی تر ڕوو دەکەینە بابە (خانی) و دەڵێین چی بکەین، هێشتا هەر (بازاڕەکە کەسادە) و توحفەی زمانە بەستەزمانەکەمان پەیامی زانستی خۆی هەیە بۆ زمانە خزمەتکراوە زەبەلاحەکان، بەڵام بۆ خۆی نا.

*** ئەی هەست بە چی دەکەن کە بەرهەمە زانستییەکەتان لە جیهاندا وا بە جوانی پێشوازی لێکراوە، کەچی لە لای خۆمان کەس هەستی بە نرخی ئەو زێڕە کوردییە نەکردووە؟**

- بە دڵێکی سست و ساردەوە، وەک نالی و خانی و بەدرخان و حاجی و کەسانی تر، هەر خەبات دەکەین لە پرۆژەکەدا و کۆڵ نادەین و ئەم رستانە لە سەر تەوێڵی دیواری مێژوو دەنووسین و بە جێی دەهێڵین بۆ منداڵە چاوگەشەکان. لە گەڵ ئەوەشدا، بە ورەیەکی چوست و گەرمەوە، تا دەستمان پێنووس بگرێت، هەر دەنووسین و هەر دەنووسین و هەر دەنووسین، لەبۆ ئەوەی، تا دەتوانرێت، گازندەی منداڵە زرنگ و زیتەڵەکانی دوارۆژ کەم بکەینەوە. بەداخێکی زۆر ساردەوە، وا جیهان تێگەیشت کە هەنگاوی د. شێرکۆ بابان گەیشتووە بە کوێ، بەڵام لەلای خۆمان کەس تێنەگەیشت.

*** ئەگەر دەرفەت بۆ پرۆژەکەتان برەخسێت، ئایا حەز دەکەن چی بکەن؟**

- لەسەر ئاستی کوردی، دەیان کتێب بڵاودەکەینەوە و ئامادەین دەیان قوتابی دکتۆرا پێبگەیەنین و وا بکەین کە پرۆژەکە بە جوانی بگات بە میللەتە هەژارەکەمان. لەسەر ئاستی جیهانیش چەندین کتێب بڵاودەکەینەوە بە زمانی ئنگلیزی و ئامادین سیمینار بکەین بۆ زانکۆکانی ئەورووپاو ئەمەریکا و تێیان بگەیەنین، کە زمانی کوردی چەند پتەوە و چەند زانستییە و چ پەیامێکی زانستی بنەڕەتی هەیە لەبۆ زمانی هەموو میللەتانی سەر ئەم زەمینە. لە ئەنجامدا، ئەگەر تەمەن و تەندروستی ڕێ بدەن، رەنگە بتوانین خەڵاتی زانستی گەورە وەربگرین. خۆزگە ئەم خەونە دەهاتەدی و بەرپرسە گەورەکان دەهاتنە پێشەوە و ئێمەیش بە دڵی خۆمان ئەو زێڕەمان دەگەیاند بە میللەت و تۆڵەی ئەنفال و کیمیابارانمان دەکردەوە.

**به دڵێکی سست و ساردەوە، وەک نالی و خانی و بەدرخان و حاجی و کەسانی تر، هەر خەبات دەکەین لە پرۆژەکەدا و کۆڵ نادەین و ئەم رستانە لەسەر تەوێڵی دیواری مێژوو دەنووسین**





---



## نۆڤلێت (٢٩)

## خەرەندەکانی سنوور

**کاروان عەبدوڵڵا**

ئیدی رۆژەکانی زیندان لە دوای ونبوونی عەلیڕەزا زۆر بە سەختی تێدەپەڕین، زۆربەی بەیانیان هەر کە لە خەو بێداریان دەکردینەوە، دەبوایە ئاورێک لە شوێنی ئەو کوڕە بدەمەوە، وەک ئەوەی چاوەڕێی گەڕانەوەیەکی لەناکاوی ئەو بم . گرفتی ئێمە لەو زیندانە ئەوە بوو نەماندەوێرا لەو کەسە بپرسین، کە لە پڕ پەلکێشی دەرەوە دەکرا، رۆژانە خەڵکی نوێیان دەهێنایە هۆڵەکەو کەسانێکی دیکەیان بۆ شوێنێکی دیکە دەبرد، زیندانییەکان بە ئیشارەت لە یەکتریان دەگەیاند، کە ئەوەی لەلای ئێمە دەبردرا، مەحاڵ بوو بگەڕێندرێتەوە، لە زۆربەی حاڵەتەکانیشدا بە مەرگ ئاشنا دەکران . ئەوانەی لەو ماوەیەدا لە تەک من دادەنیشتن، ناوە ناوە یەکێکیان بانگ دەکردە دەرەوە، کەمیان دەگەڕانەوە، لە دە کەس تەنیا چوار مابووینەوە، هەموومان لە چاوەڕوانییەکی ترسناکدا رۆژو شەومان بەسەر دەبرد، مەرگ بە روخساری هەر چوارمانەوە دیاربوو، من هەستم دەکرد ئەتوار و هەڵسوکەوتم بە بەراورد لەگەڵ ئەوانی دیکە زۆر باشتر بوو، بەوە دڵی خۆم دەدایەوە کە لە دەرەوەی زیندان هەوڵێکی زۆرم بۆ دەدرێ بۆ ئەوەی ئازاد بکرێم، بەڵام کەی و چەندی دیکە دەمێنمەوە، ئەوە نەمدەزانی . لەو ماوەیەدا چەند جارێکی دیکە راپێچی ژووری لێکۆڵینەوەیان کردم، ئەوان تەنیا یەک داوایان لێدەکردم و دەیانوت :

-- ئێمە دەمانەوێ ئازادت کەین !

منیش بە سەرسوڕمانەوە دەموت :

-- سوپاستان دەکەم .

کەچی هەمدیسان قەوانەکەیان بۆ لێدەدامەوە و دەیانوت :

-- بەو مەرجەی بڵێی کۆمۆنستم !

من ئەگەرچی باوەڕی تەواوم هەبوو کە ئەوان لە کۆمەنستبوونی من دڵنیا بوون، بەڵام سەریان لەوە سوڕمابوو کە چۆن لە کاتی لێکۆڵینەوەکان بێئەوەی تۆزقاڵێک تووشی شڵەژان بم، بە کەللەیەکی سارد پێمدەوتن " ئاخر من راستیم پێگوتون، چ بکەم کە ئێوە باوەڕ بە قسەکانم ناکەن !"عەلیڕەزا زۆر جار پێیدەوتم " ئەگەر ساڵێکی دیکەش لێرە بمێنیتەوە، نەکەی قسەکانی خۆت بگۆڕی !"بەڵام لە دوای ونبوونی عەلیڕەزا هەموو شتێک لە بەر چاوم دەگۆڕا، هەستم دەکرد ژیان بە خەستی تفتوتاڵ دەبێ، رۆژ بە رۆژ خواردنیشم لەبەر چاو دەکەوت و ئیشتیهام بۆ هیچ خواردنێک نەدەما، توانای قسەکردنم لەگەڵ کەسانی دەوروبەر ئێجگار کەمببۆوە، دیقەتم لە روخساری هەرکێ بگرتبا، دیمەنێکی سەیر خۆی نیشان دەدام، هیچیەک لەو دیمەنانە لە مرۆڤیان نەدەکرد، سیمای هیچ کەسێکم وەکو جاران نەدەهاتە بەر چاو، ئەو چا خواردنەوەیەی کە لە عەلیڕەزا فێربووم بە یەکجاری تەرکم کرد، خولقوخویەکی زۆرم دایە جگەرە کێشان، زۆرم بیر لەوە دەکردەوە بە خۆم داوایەک پێشکەشی بەڕێوەبەری زیندان بکەم راست و رەوان پێی بڵێم " بەڵێ من کۆمۆنستم " قابیلە چیم لێدەکەن، زۆر زۆر ساڵێکی دیکەم لە زیندان دەهێڵنەوە، خۆ من خەڵکی ئێرە نیم، چییان داوە لەمن، من کە ساڵێکم زیاتر لە زیندان بەبێ دادگاییکردن تێپەڕاندبێ، با ساڵێکی دیکەش لەو ئازارو چاوەڕوانییەدا بمهێڵنەوە، ئەوانە سەبری ئەیوبیان هەیە، چ پەلەیانە، سەدان بگرە هەزارانی وەک منیان بە هەمان شێوەی من هێشتۆتەوە، ئەوان ئەزموونێکی زۆریان لەسەر گرتن و گۆشەگیر کردن و ئەشکەنجەی رۆحی هەیە . داخوا پەروەندەکەی من کەوتۆتە دەست کێ و ئەویش کەی و بە چ جۆرێک دوا پێشنیازو بڕیارم بۆ دەردەکا . ئەگەر کەسێکی بە ویژدان و ئیماندار بێ رەنگبێ لەوە تێبگا کە من هیچ مەترسییەکم بۆ سەر ئەوان نییە، بەڵام کێ دەڵێ بەهێزکردنی ئیمان و ویژدان لەوەدا نابینێتەوە کە کەسێکی وەک منی بکەوێتە دەست و کۆتایی بەو بینەو بەردەیە بێنێ ؟ سەیرە هیچ کەسێک لەوانە تێناگا، جاری وا هەبووە هێندە نەرم بوون لەگەڵمدا، هێندە نەدەما باوەڕیان پێبکەم و راستییەکەیان پێبڵێم، گەلێ جاریش بێئەوەی پەنجەیان بە پەنجەم بکەوێ و یەک قسەشم لەگەڵ بکەن، لە ژووری لێکۆڵینەوە بە جێم دەهێڵن و لە کوێ بمبەن دەمگەڕێننەوە ئەوێ . ئەو بێبایەخی و ئیهمالکردنەیان زۆر لە جوێن و ئەشکەنجەدان بە ئازارتربوو . من دوای بردنی عەلیڕەزاو لەبەرچاونەمانی کۆمەڵێک زیندانی دیکە، لەحزە بە لەحزە هەستم دەکرد پایەکانی گەشبینیم دادەڕمێن، تروسکاییەکانی هیوا دەکوژێنەوە، ئاخر هەر کەس لە جێگەی من بوایە زۆر زەحمەت بوو تۆزقاڵێک ئومێدی بە ژیان بمێنێ، بە تایبەتیش ئەو شەوە شوومانەی کە زیندانەکەیان لێدەکردین بە گۆڕستان، ئێمە کە کۆمەڵێکی کەم مابووینەوە هەر لەو مەڕە گێژانە دەچووین کە هاوینان بە دوای سێبەری یەکدی رادەکەن، ئەو شەوانە بۆ هەمووومان شەوانی تۆقێنەرو پەیامهێنەری مەرگ بوون، هەر کە دەرگای هۆڵەکە دەکرایەوە مێشوولە لە فڕین دەوەستاو دیوارەکان لە بێدەنگیدا نقوم دەبوون، ئەو پیاوە ریشدارەی کە دەهاتە ژوورو لیستێکی ناوەکانی بە دەستەوە بوو، لە چاویدا کۆمەڵە گورگێک و دەستەیەک لە چەکدارانی حازربەدەست بۆ گرتن و کوشتن دەبینران، ئەو کابرایە وەک لە بڵندگۆیەک دەنگەکان بێنە دەر ناوی ئەو کەسانەی دەخوێندەوە و یەکجاریش دەیوت :

-- بێ دواکەوتن، خێراکەن لە دەرەوە چاوەڕێتانین !

بێ ئەوەی هیچیەک لە داواکراوەکان نقەیان لێوەبێ تەنیا بە دەست و چاو خواحافیزیان لە ئێمە دەکردو دەڕۆیشتن، لەبەر دەرگاش بۆ هەتا هەتا ئاخرین ئاوڕدانەوەیان لە پاش خۆیانەوە جێدەهێشت، من ئەوەی لە هەموویانەوە بۆم بەجێدەما نیگا تێکشکاوەکان و جەستە تەسلیمبووەکان بوون بە مەرگ، هەر کاتێکیش دیقەتم لە شوێنی هەر یەکێکیان بگرتایە، دروست گۆڕێکم دەبینی، ئەو هۆڵەی کە منی تیا بووم وەک گۆڕستانێک دەهاتە بەرچاوم، مردووەکان لەبەر چاومانەوە ون نەدەبوون، من بۆخۆم شەوانە هاواری ئەوانم گوێ لێدەبوو، دەنگی هەموویانم دەناسیەوە، کە سەیری قەرەوێڵە بەتاڵەکانم دەکرد، هەموویانم دەبینی، بەڵام بە مردوویی، هەموو لەسەر نێوچاوانیان نووسرابوو (ئێمە قوربانییانی شەڕەکانی سنوورین ) پڕوشکەکانی ئەو شەڕە لەعنەتییە چەند بە ئاسانی دەگەیشتنە ژوورەکانی زیندان، تەنیا لە یەک شەودا بەبەر چاوی تۆقێنراو و پڕ حیرەتی منەوە زیاتر لە پەنجاوپێنج رۆحیان بە مەرگ ناساند . من ئەو رۆژانە لە رێگەی تەلەفزیۆنی نێو هۆڵەکەوە هەواڵی شەڕەکانی سەر سنوورمان دەبیست، دەماندیت کە چۆن سەربازەکانی عێراق سنووری ئێرانیان دەبەزاندو دەکەوتنە نێو کەمینی سەربازە ئێرانییەکان، هەر لەهەمان ئەو شەوانەدا دەمانبینی کە چۆن سنووری زیندانەکانیش دەبەزێندراو گیراوەکانیان هەڵدەلوشی، لە سەر سنوورەکان مەرگ بە باڵای سەربازەکان هەڵدەگەڕاو لە زیندانیش بە ئاسانی دەبووە میوانمان، قەدەری من بینینی پاشماوەی جەستە هەلاهەلاکانی سەربازانی بەرەی جەنگ و هەڵوەرینی رۆحەکانی زیندانیی و خەونە پڕ خوێن و هاوارەکانم بوو، ئێمە لەو شەوانەدا مەودای نێوان ژیان و مەرگمان نەدەبینی، هێزی بینینیشمان بۆ یەکتر تا دەهات کەمتر دەبۆوە، ئیدی شەوەکان بۆ ئێمە نەوەکو تەنیا پەیامی رۆحە تاریککراوەکان بوون، بەڵکو درێژترین ساتەکانی ئەشکەنجەو کورتترین رێگاکانی مەرگ بوون!

# با چیتر باجی ڕێککەوتن نەخرێتە ئەستۆی کورد



**پارێزەر: کەمال محێدین**

**لەژمارە ١٤٠ی هەفتەنامەی بەدرخانی تێکۆشەر لە ڕۆژی ٢٠١٠/٥/٨ بەشی یەکەمی ئەم وتارەمان بڵاوکردەوەو ئاماژەمان بە هەندێ باجی قورس و شکستی پڕ لە مەترسیدارمان کردبوو، کە لەژێر فشاری ئەمریکاو نەتەوە یەکگرتووەکان و هەندێ لە لایەنە شیعەو سوننەکانی ناوەوەو دەرەوەی عێراق بەزۆری زۆردارانە تەنها بەسەر گەلی کوردیان دا سەپاند بۆ مەرامی خۆیان بە بیانووی پاراستنی پڕۆسەی ئـازادی عێـراق و داکۆکیردن لە یەکڕیزی و تەوافوق لە بەغدا، لەگەڵ ئەوەشـدا بێدەنگی و پاراستنی پلەوپایەی کەسایەتی خۆمان ڕۆڵی زۆریان هەبوو لەم باجدان و شکستانە، ئەگینا ئەگەر خۆمان هەڵوێستی پێویست و پێداگری ڕەوامان هەبوایە بێگومان نە دنیا وێران دەبوو نە تەوافوق و یەکڕیزیش لە بەغدا تێکدەچوو، ڕوون و ئاشکرایە کە پێگەی کورد و مافە ڕەواکانی شایستەی ئەم باج و شکستە قورسانە نین و لەتواناشمان هەبوو،هەشمانە قبووڵیان نەکەین.**

**لەو ڕۆژەوە کە ئەو لایەنانەی سەرەوە کۆمەڵگای عێراقیان دابەشکرد بەسەر"شیعە، سوننە، کورد"دەبوایە ئێمەی کورد ئەم زوڵم و ئیهانەیە قبووڵ نەکەین، چونکە ئەم دابەشکردنە مانای ئەوەیە کورد نە شیعەو نە سوننەن واتا ئیسلام نییە!!! ئایا کورد شـیعەو سوننەی تێدا نییە، ئایا شیعەو سوننەی عێراق کوردیان لەناو نییە، سەد حەیف و مخابن بۆ ئەم دابەشـکردنە، کە لە بنەڕەتدا بەمەبەستی بچووکردنەوەی گەلی کورد لە ٥٠٪ی گەلی عێراق بۆ ٣٠٪ چەسپێندراوە، هەروەها بۆ قووڵکردنەوەی دووبەرەکی لەنێوان سوننەو شیعە.**

**خۆ سەپاندنی فیدراڵییەتی ئیداری لە عێراق لەجیاتی فیدراڵییەتی نەتەوەیی و سیاسی بۆ کورد و عەرەب، یا کەمکردنەوەی ڕێژەی کورد بەرامبەر تورکمان و عەرەب لە کەرکووک بە بڕیاری قبووڵکردنی ٣٠٪ بۆ هەریەک لە کورد و تورکمان و عەرەب، خـۆ ئاڵۆزکردنـی ماددەی ١٤٠و چارە نەکردنی کێشـەی ناوچە بـەزۆر دابڕاوەکانی کوردستان و کەمکردنەوە ژمارەی کورسییەکانی کوردستان بۆ ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق ئەمانە بەشـێکن لەو باج و شکسـتە گەورانەی بەسـەر کورد سـەپێندراوە بەبیانووی جۆراوجۆر لە پاش ٢٠٠٣ تائێستا بۆیە دەبێ بەزوویی بەخۆماندا بچینەوەو بەبێ پەرلەمانی کوردسـتان هیچ بڕیارێگ قبـووڵ نەکەین، بۆئەوەی چیتر باج و شکسـتی لەم جۆرانە نەخرێتە ئەسـتۆی گەلەکەمان، چونکە لێپرسینەوەی کورد و کوردستان گەلێک قورس و دژوارە.**

خوێنـەری بەڕێز ئـەو بێدەنگی و باج دانەمان لەو نسکۆیانەی، کە تووشمان هاتووە بە بیانووی پاراستنی یەکڕیزی و تەوافوق و پرۆسـەی عێراقی فیدراڵ دەرکـەوت، کە ئێمەی کورد تائێسـتا نەمانتوانیـوە پێداگری بکەین لەسـەر مافەکانمـان نیشـانە بـۆ ئـەوە ئەوە نوێنەرێکمان نەیگوت:نەخێر،ئیتر بەسە کەسـێک دەسـتی لەکار نەکێشایەوە، کەسێک مانی نەگرت، کەسیش ئامادە نییە تەنانەت بۆ یـەک ڕۆژ ڕۆژانەکەی ببڕن، کەسیش ئامادە نییە ڕۆژێک بەند بکرێت لەسەر مافەکانی کورد دەمێکە وتوویانە:

**ماف دەسێندرێ نادرێ**
**سەردەکەویت نانەوی**

واتـا ئەگـەر ئـەوە حـاڵ و وەزعمان بێـت، دەبـێ چاوەڕوانـی نسـکۆی گەورەتریـش بکەین، چونکە تائێسـتا لە هەموو شـەڕەکانی ناو ئەنجومەنی نوێنەرانـی عێراق لەسـەر مافی کورد ئێمـە شکسـتمان هێنـاوەو بەتەنهـا باجی یەکڕیـزی و تەوافوقمـان داوە، تەنها کێشـەی بودجە نەبێت، ئەویش لەسـایەی جەنابـی مـام جـەلال، کە ڕۆژی ٢٠٠٨/٢/١٣ هەمـوو لایەنـە سیاسییەکانی ناو ئەنجومەنی عێراقی بانگهێشت کردە ماڵەکەی خۆیان و بە هەمووانی سـەلماند ئەگـەر لە ١٧٪ی بودجەی عێراق نەدەن بە کوردسـتان ئەوا کورد هەڵوێستێکی دیکەی دەبێت، لەژێر زەبری ئەم فشارەی جەنابی مام جەلال بۆ بەیانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بڕیاریدا لەسەر ١٧٪ی بودجەی عێـراق بـۆ کوردسـتان، پـاش ئـەم ڕووداوە دڵتەزێنانە ناتوانم بڵێم: ئەوەی چوو با بچێت یا بڵێین نان ئەوە نانە، کە مرۆ لەخوانە، خۆم تا ئەمرۆ هیچ گومان و بێ باوەڕییەکم نییە بەرامبەر جەنابی مام جەلال و کاک مەسعود بارزانی لە هەموو هەڵوێستە چارەنووسسازەکان ئەوەنـدەی بۆیـان کرابێـت درێغیـان نەکـردووە، بـەڵام دیار و ئاشـکرایە ئەوانیـش ناتوانـن بچنە نـاو هەموو کێشـەکان بە گـەورەو بچووکیانەوە، بۆیـە دەبـێ جەنابـی وەزیرەکانمـان نوێنەرەکانمـان لەنـاو ئەنجومەنـی عێـراق و کوردسـتان و لەناو هەموو فەرمانگـەکان دەبێ هەمیشـە ئامادەو لەسـەر خـەت بـن بـۆ داواکـردن و پاراستنی مافە ڕەواکانی گەلی کورد.

ڕۆژێـک جەنابـی مالیکـی سـەرۆک وەزیـران پاسـاوی هێنایـەوە بـۆ بڕیارێکـی ئەنجومەنی وەزیران، کە لە بەرژەوەندی کورد نەبوو، چونکە هیچ وەزیرێکـی کـورد لـەم کۆبوونەوەیە ئامادە نەبـوو تـا داکۆکـی بـکات لە بەرژەوەندی کورد، دیسان ئەوڕۆژەی بڕیاردرا لەسـەر دانانی ڕێژەی کورد و عـەرەب و تورکمـان لە ئەنجومەنی نوێنەرانـی بەغـدا ١٣نوێنـەری کورد لەم کۆبوونەوە گرنگە ئامادە نەبوون، کەسیش لێپرسینەوەی لەگەڵ نەکردن.

ئێسـتاش کێشـەیەکی زۆر گرنـگ و چارەنووسـساز و پـڕ لـە مەترسـی لەبەردەم دایە، ئەویش دروسـتکردنی پەرلەمـان و هەڵبژاردنـی سـەرۆک کۆمـار و دروسـتکردنی حکومـەت، چونکە هەموو دەسەڵاتەکان تەمەنیان تەواوبووەو بۆشـاییەکی دەستووری دروستبووە، بۆیە مانەوەی عێراق لەم بۆشـاییەدا دەبێتە هۆی دروستبوونی گێروگرفتی گـەورە لـە بەڕێوەبردنی وڵات لە هەموو ڕوویێکەوە، بەتایبەتی لەدواکەوتنـی خزمەتگوزارییـەکان و پەیوەندییەکانی دەرەوەو سەرفکردنی بودجـەی سـاڵی ٢٠١٠ گەلێک کاری دیکەش بۆیە دەبێ لایەنە کوردییەکان بەیەک لیسـت و یەکڕیز و یەک دەنگ بکەونە جموجوڵ و گفتوگۆکردن لەگەڵ لایەنە سیاسییەکان و لیستە براوەکانی هەڵبژاردنی ڕۆژی ٢٠١٠/٣/٧ بۆئەوەی بە زوویی و بەشـێوەیەکی زانستیانەو دیموکراتیانـە عێـراق ڕزگاربکەن لەم قەیرانـە گەورەیـە، پێویسـتە لایەنی کوردی داوای حکومەتێکی نیشتیمانی فرە لیسـتی بکات، بـێ پەراوێزکردنی هیـچ لایەنێکـی نیشـتیمانپەروەر ئەگـەر سـەرکەوتووش نەبووبێت لە هەڵبژاردنـدا، چونکـە عێراقـی فیدراڵ و دیموکـرات هـی هەمـوو عێراقییـە دڵسۆزەکانی نیشتیمانە.

لەسەرمان پێویستە دۆست و نەیارەکانی کورد بە ووردی دەستنیشـان بکەین، پێش ئەوەی بڕیاری هاوپەیمانی بدەین لەگەڵ هیچ لیستێک، دەبێ بە ڕاشکاوانەو فەرمـی هەڵوێسـت و داخوازییەکانی خۆمـان بـە ڕوون و ئاشـکرا بخەینە بەرچاویـان، نابـێ بە قسـەو بەڵێنی لـووس و خۆش و سـەرزارەکی فریو بخۆین، دەبێ لە حکومەتی داهاتوو ئێمە هاوبەشـی ڕاستەقینەبین نەک بەشدار و بێگانـە، نابێ لەگەڵ ئـەو لایەنانەنە هاوپەیمانی ببەسـتین، کە باوەڕیان بە دیموکراسییەت و فیدراڵییەتی ڕاستەقینە نییـە بۆ عێـراق و کوردسـتان، دەبێ هاوپەیمانەکان هێرشەکانی حکومەتی بەعس بۆ سـەر کورد و کوردسـتان بـە کیمیاباران و ئەنفال و سـووتان و وێرانکردن ڕیسوا بکەن.

پێـم باشـە بۆچوونـی خـۆم بخەمـە بەرچاوی خوێنەرانی بەڕێز دەربارەی ئـەم کێشـە گەورەیـەی ئێسـتای عێـراق، کە پـاش هەڵبژاردنـی ڕۆژی ٢٠١٠/٣/٧دروستبووە:

١-ئەنجامی هەڵبژاردن دەری خسـت، کـە هیـچ لایەنێـک ناتوانێ بـە تەنها حکومەتێکی نیشتیمانی تەمەن درێژ و سەقامگیر دروستبکات لە عێراق.
٢- لەکۆتایی جموجۆڵ و گفتوگۆیەکان هەموو لایەنە شـیعەکان یەکدەگرن و جەنابـی مالیکیش نابێتەوە سـەرۆک وەزیران.
٣- کێشەی ڕاستەقینەی ناو لیستەکان ئەوە نییە کام سـەرۆک لیسـت دەبێتە سـەرۆز وەزیـران، بەڵکـو کێشـەکە کێشـەی سـەپاندنی دەسـەڵات و ئەجێنـدای تایبەتـی هـەر لایەنێکە بە وڵاتانی دەرەوەش.
٤- هیـچ حکومەتێک دروسـت نابێت، دروسـتیش بێ تەمەنی کـورت دەبێ، بەبـێ ڕەزامەندی ئەمریکاو ئێران و سعودیە جگە لە کاردانەوەی سوریا و ئوردن و تورکیـا و ئیماراتی عەرەبی و ئیسرائیل لەسەر وەزعەکە، هەریەکە بەپێی بەرژەوەندی خۆی.
٥- لیسـتی د. ئەیاد عـەلاوی نوێنەری سـوننەو نەتەوەی عەرەب نییە، بەڵکو لیستێکی عەرەبی سوننی توندڕەوی دژ بـە کوردەو لە هەوادارانی سـەدام حوسێنن و هەندێ عەرەبی میانڕەویان تێدایە، ڕەنگە لێیان جیا ببنەوە.
٦- لیسـتی تەوافـق کـورد و عەرەبی سـوننەی تێدایـە، نوێنـەری حزبـی ئیسلامی عێراقییە تا ڕادەیەک دوژمنی کورد نین.
٧- بەمزووانە حکومەتی عێراقی قیدراڵ دروست نابێت.
٨- ڕۆژبەڕۆژ ئاژاوەو کوشتن و دزی و بەرەڵڵایی زیاد دەکات لە سەرانسەری عێراق، ڕەنگە کوردستانیش بگرێتەوە، تـا ئـەو ڕادەیـەی هەمـوو لایـەک بەناچاری بۆچوونەکانی ئەمریکا قبووڵ دەکەن، ئەگەر لەناو خۆیان بەزوویی و سەربەخۆیانە ڕێک نەکەون.
٩- ئەگەری هیچ کودەتایەکی سەربازی نییـە، بەڵام ڕەنگە ئەمریکاو سـعودیە حکومەتێکمان بەسەردا فەرز بکەن.
١٠-هەڵبژاردن دووبارە ناکرێتەوە.
١١- ڕەنگـە ئەو حکومەتـەی ئەمریکا بیـری لێدەکاتـەوە پێکبێت لـە حزبی ئیسلامی عێراقی و لیستەکانی کورد و لیستەکەی د. ئەیاد عەللاوی و هەندێ کەسایەتی شیعی لەناوەوەو دەرەوەی لیستە شـیعییەکان و هەندێ پسپۆڕی زانستی و ئیداری سەربەخۆ، بەڵام لەم حاڵە ئێران لەڕێگای سـوریاو حزبولڵا و سنوورەکانی خۆی کێشەو گرفتێکی زۆر دروسـتدەکات بـۆ ئەمریکاو ئەو حکومەتەی، کە دروستی دەکات.
١٢- بـەلای ئێمـەوە باشـترین چارە ئەوەیـە حکومەتێکـی فـرە لایەنـی نیشتیمانی دروستبکرێت لە لیستەکەی بەڕێزان نوری مالیکی و عەمار حەکیم و حزبـی ئیسـلامی عێراقی و لیسـتە کوردییەکان و هەنـدێ میانڕەوەکانی نـاو لیسـتی عەلـلاوی، هەرچەنـدە ئـەم حکومەتـەش کێشـەو گرفتی بۆ دروستدەکرێت، بەڵام بەهۆی پشتیگری ئێـران و سـوریا و کـورد و ئـوردن ڕەنگە بتوانێ کارەکانـی بەڕێوەببات، بـەڵام بەهەرحـاڵ دەبـێ کـورد زۆر خەریکی ڕێکخستنەوەی ماڵی عەرەب نەبێـت، دەبێ پێداگری بکەین لەسـەر داخوازییەکانمـان، ئەمریکاییەکان لەم قۆناغە ناتوانن دەستبەرداری کورد بن، با کچی خۆمان بەقوربانی کوڕی کەس نەکەین، با چیتر بەتەنها باجی یەکڕیزی و تەوافق و پاراستنی ئەزموونی عێراقی فیدراڵ نەدەین، کە لەناو دەسـتووری ئێسـتای عێراق بە فەریکی چەسپاوەو زۆر شکسـت و نسـکۆو باجدانمـان قبووڵکرد، بەڵام تائێستا هیچ دەرسمان لـێ وەرنەگرتووە، با لـەم قۆناغە زۆر ناسـکەدا یەکڕیزو یـەک دەنگی کورد بخەینە پێش هەموو دروشمێکی حزب و فکـری و لابەلا بـا زۆر توند نەبین لەگەڵ یەک، تا ڕادەی خلیسـکاندن بۆ لای دوژمنـان و پەشـیمانبوونەوەش دادمـان نادات، ئەم هـەل و مەرجەش هەموو ڕۆژ دەستی کورد ناکەوێت.

**بەشی دووەم و کۆتایی**

---

## ئەحمەد مەحمود باس لە خەباتی شاخ و ژیانی ڕۆژانی سەختی خەبات دەکا

# لە ڕێگای کاک ئەحمەدی کوڕی شێخ عەبدولکەریم، پەیوەندیم بە پارتییەوە کرد

**پێشـمەرگەی دێریـن و خەباتگێـڕی ڕۆژانی سـەختی شاخ، ئەحمەد مەحمود لە دیدارێکی چەنـد بەشـەی بەدرخاندا، بـاس لە ژیانی پێشـمەرگایەتی و شەڕە سەختەکان و ڕۆژانی زیندان دەکا...**

**ئەحمەد مەحمـود لەدایکبووی سـاڵی ١٩٤١ی شـاری هەولێرەو لە تەمەنی حەڤدەساڵیەوە چۆتە ڕیزی پارتی.**

**ئا: بەدرخان**



کاک ئەحمەدی کوڕی شێخ عەبدولکەریم



ئەحمەد مەحمود

*** بـۆ یەکەم جـار لەڕێی کێ پەیوەندیت بە پارتی دیموکراتی کوردستانەوە کرد؟**

- بۆ یەکەم جار لەڕێگای کاک ئەحمەدی کوڕی شێخ عەبدولکەریم هاتمە ڕیزی پارتـی، دوای ئـەوە تەسـلیمی تۆفیق ناوێـک کراین بەرپرسـمان بووکە بە ئـازاد ناسـرابوو، دواتر حاجی لەتیف بووە بەرپرسـمان، ئەو ئێمەی تەنزیم کـرد، لە پاشـان کە تەمەنـم بووە ١٨ سـاڵ و تەنەمی خزمەتی سـەربازیم هـات، چوومـە خزمەتی سـەربازی، چونکـە نەببوومـە ئەندامـی حزب کە چوومە خزمەتی سەربازی، هەر لەناو خزمەتی سەربازی تەنزیمی حزبایەتی و ئـەو جۆرە شـتانەمان دەکرد، تاکو دوو ساڵەکەم تەواو کرد، هاتمە دەرێ، لـە دەرەوە گەڕامەوە ناو تەنزیم، ئێمە کە ٣ برابووین حزب بڕیاریدا یەکێکمان بچین و ببینە پێشـمەرگە، ئەوە یەکەم پێشـمەرگە بـوو بـە بڕیـاری حزب دەرچێ بۆ ناو شۆڕش لە ساڵی ١٩٦٢، لە مانگی یەکی ئەو سـاڵە لە خزمەتی سەربازی تەواو بووم.

*** کـێ ئەو بڕیـارەی حزبی گەیاندە دەسـت ئێوە؟**

- گوتیـان لیژنـەی ناوچـەو تەنزیمی لـق، کـە نەماندەزانی کێ بـوو، یەک لەوانە کاکم کادیر بوو، لە تەنزیم لەمن لەپێشـتر بوو، دووەم مەلا حوسـێنی هەڵەمان ئەوانە کادیری ناسراوبوون، بۆ چوونە شاخەکەش، لەبەرئەوەی من ژنم نەهێنابـوو، دوو برایەکەی دیکەم هەردووکیان منداڵیان هەبوو، ئەمنیش زۆر زۆر حەزم لە پێشمەرگایەتی بوو، هـەر سێکیشـمان لە تەنزیمـی پارتی بووین، دواتر یەکەم بەیان کە عەسکەر ئیلتیحاق بکا بە شـۆڕش، لەبەرئەوەی لەپێش ئێمە بڕیـار نەبوو، ئێمە لەگەڵ پۆلێکـی ٣٥ کەسـی چوومـە دەرەوە، پۆلەکە پێکهاتبوو لە "عەسکەر، جوندی، پۆلیـس، مەدەنی" بۆ ئەوەی شـۆڕش بەهێزبێ، یەکەم بەیانیش کە عەسکەر ئیلتیحاق بکا لەهەمان کات لە ماڵی ئێمە کاغەزیـان دامێ بـۆ فەوجەکەی خۆم برد.

*** ئـەو بەیانـە کـێ گەیاندیـە تـۆو چۆن گەیاندت؟**

- لەبەرئەوەی خورشید شێرە بەرپرس بـوو، بوابزانـم ئەو ناردبـووی، بەڵام من پەیوەندیم لەگەڵ ئەو نەبوو، تەتەر هەبوو لەنێوانمان.

*** دواتـر سـاڵی چەند چوویە شـاخ و چیت کرد؟**

- لـە ١٩٦٢/٥/٧ چوومە شـاخ، یەکەم جـار چوومە بێتواتە، لـە بێتواتە مەلا عەبدوڵـڵا ئیسـماعیل "مـەلا ماتـۆڕ" بەرپرسـمان بوو، عومەر دەبابەو ئەو جۆرە بەرپرسـانە بوو، هەتا مەحمود کاوانـی لەوێ بوو، ئیتر لەوێ سـەبر سـەبر دەستم پێکرد، گوتیان سەرۆک بارزانی دێتە ئەوبەرەی لای سـۆران، ئێمە ٧٠ کەس لەگەڵ مامۆستا عومەر دەبابـەو مامۆسـتا مـەلا تەها شـێخ وەتمانی کە عومەر دەبابە بەرپرسـی یەکـەم بوو، مەلا تەها شـێخ وەتمانی بەرپرسی دووەم بوو، ئێمە چووین بۆ پارێزگاری کردن لە سەرۆک بارزانی، لـەوێ لە دەوروپشـتی ئـەو ناوچەیە پـەرت بوویـن کە مەلا مسـتەفای لێ بوو، هێشتا پۆلیسی دەربەندی ڕایەتێ نەگیرابوو، خۆی جەنابی سەرۆک لەوێ بوو، محەمەد سدیق تاکە کەس بوو لە قازیفـەی دەزانی بـەکاری بێنێ، تاکو بـە بنکەی پۆلیسـەکەی وەبنێ، منیش تەمەنم وانەبوو زۆر گەورەبین.

*** کە ئێوە چوونە پێشوازی مەلا مسـتەفا، ساڵی چەند بوو؟**

- لـە مانگی شـەش یا حەوتی سـاڵی ١٩٦٢ بوو.

*** لە کاتی هاتنی مەلا مستەفا بۆ ناوچەکە، مەلا مسـتەفا چی بە ئێوە گوت، کۆبوونەوەی پێکردن یان نا؟**

- کۆبوونـەوەی پـێ نەکردیـن، بـەڵام شەوێک چووین ببینین، ئەویش لەبەر کۆبوونەوەوشت پێی نەکرا، تاکو کاتژمێر ٢.٣٠ دانیشتین نەمانتوانی ببینین، بەڵام عومەر دەبابە لە کۆبوونەوەکە بەشـدار بوو، دواتر لەوێ جاش هەبوو، چووینە سـەر چیـای حەسارۆسـتێ لـەوێ لە بەرامبەریـان بووین، شـێخ حوسـێنی گۆسکینیش هاتەوێ، دوای ئەوە ئێمەیان ڕەوانـەی سـەری بەردی کرد، ماوەیەک لە سـەری بەرد بووین، لە سەری بەرد ماینـەوە، دوای ئـەوە گوتیـان هێزێک هێـرش دەکا، ئێمـە چووینـە گـەردن حوشـتر، لەوێ تووشی شـەڕ هاتین، شەڕەکە زۆر گەورە بوو، لیوایەک بوون، گوتیان مقاوەمە مەکەن، ٣ ڕۆژ پاش ئێمە نەیانتوانی هێرش بێننە ناوچەکە، لەوێ گەڕاینەوە سـەری بەردی، پاشان ئێمە زۆر مانـدوو و هیلاک بووین، هاتینەوە لای بێتواتـەی، لـە مانگـی ١١ی ١٩٦٢ مۆڵەتمان وەرگرت بێینەوە ناو شار، لە پاشان لەناو شار کێشەیەک ڕوویدا من دەستگیرکرام.

**بەشی یەکەم**



ناحییەی بنگرد، ١٩٦٤

# پاكو خاوێنی ئەركێكی ئایینی و مایەی تەندروستییە

ئایینی پاكی ئیسلام هانی موسڵمانی داوە پاك و خاوێن بێت.
لە فەرمایشتی پەیامبەری ئیسلامدا محەمەد "د.خ" هاتووە پاكو خاوێنی لە ئیماندایە. پاكو خاوێنی هۆكاری سەرەكییە بۆ خۆپاراستن لە نەخۆشییان. دەستنوێژ ڕۆڵی گرنگ دەگێڕێ لەم لایەنەوە.
ڕێكخراوی تەندروستی جیهان لە بەنگلادیش ڤەكۆڵینێكی كردووە، كە تیایدا جەخت دەكاتەوە لەسەر ئەوەی، كەوا بە تەنیا ئاوی پاك بەكارهێنانە بۆ دەست شوشتن، بۆ وێنە نێزیكەی ٩٠٪ی ئەو میكرۆبانە لادەبات. هەروەك ئایینی پاكی ئیسلام بەپێویستی دەزانی لەسەر موسڵمان لە زۆر بۆناندا خۆی بشۆرێ وەكو كاتی غوسڵ دەركردن لەخۆو دوای پاكبوونەوەی ژن لە بێ نوێژی و پاش زەیستانی بوون. هەروەك بە باشی دادەنێ هەینییان و جێژنان سەرمان بشۆین.
ئایەت بۆ حەزرەت دابەزیوە "جل و بەرگت پاك رابگرە" هەروەك پەیامبەر سپاردویەتی شوێنكەوتووانی بایەخ بە پاكی پرچ بدەن و دای بهێنن و ڕۆنی لێ دەن، خۆی ئەم كردارەی ئەنجام



دەداو یارانی لاسایيان دەكردەوە.
هەروەها پەیامبەری ئازیزمان "د.خ" رایسپاردووین نینۆكمان بكەین و فەرموویەتی شەیتان خۆی لەژێر نینۆكی درێژو پیس دەشارێتەوە.
لە ڤەكۆلینان دەركەوتووە، كە پیسی بن نینۆكان ژمارەیەكی بێ شومار لە میكرۆبان لەخۆ دەگرێ، كە كاتی نانخواردن یان خۆخوراندن دەچنە ناو لەشەوە. تەنانەت مشەخۆری ئۆگزیووریس "oxyuris" لەو ڕێیەوە لە مرۆڤێكەوە تەشەنە دەكات بۆ یەكێكی دیكە لە ڕێی دەستەكانەوە، تەنانەت ئەو مرۆڤەی دوای چوونە سەر پێشاو دەستی ناشوات لە پیسایی خۆیەوە بۆ زاری خۆی دەیگوازێتەوە.
هەروەها بۆ چاری رشك و ئەسپێ، پەیامبەر فەرمانی بە سەرتاشین "سەرسفركردن" داوە، كە تا ئێستاش پزیشكی نوێ پەیڕەوی ئەم كارە دەكات بەر لە دانانی زەهیر لەسەر سەو بەر.
دیسانەوە پەیامبەری مەزن "د.خ" راسپاردووین لەناو لێوان، كە ئاوی پێ دەخۆینەوە هەناسە نەدەین و فەرمانی داوە شەو سەری جەڕە داپۆشرێ.
بە كورتی دەكارین بێژین: پاكو خاوێنی تاكە كەسی و پاكو خاوێنی ژینگەو یان وەك پزیشكان پێی دەڵێن دروستی ژینگە لەو مەسەلانەیە، كە پەیامبەری ئازیزمان بایەخی زۆری پێداوەو كردوویێتی بە بنچینەیەك بۆ خۆپاراستن لە نەخۆشی و لادان كە نەخۆشییە جوێجوێكان بەرپای دەكەن

# سیرو پیاز و باداری- ڕۆماتیزم





سیرو باداری:. سەلكە سیرێكی ناوەنجی ئامادە دەكرێ و سپی دەكرێ و باش دەئەنجرێ و یەك كەوچك شێلمی باش هاڕاوی دەكرێتە سەر و تێكەڵەكە هەنگوینی سافی دەكرێتە سەر، ئەم تێكەڵەیە باش تێك دەدرێ ئینجا وەكو لەبغ تێی هەڵدەسووین "سواغ دان" لەسەر شوێنی بادارییەكە دادەنرێ لە ئێوارەوە تاكو بەیانی و دوای چەند جارێك بادارییەكە یەكجاری نامێنێ بە ئیزنی خوا.
پیواز و باداری:- شوێنی ژانەكە بە هەڵمی پیواز لەگەڵ "زەیتی زەیتوون" بەر لە نوستن دەشێلرێ، ئەویش بە پارچە پارچەكردنی سەلكە پیوازێكی گەورە لە دەفرێ ئاودا و دەكوڵێنرێ و شوێنە بەژانەكە و نێزیك دەخرێ لە دەفرەكە تاكو بە هەڵمی پیوازەكە بگات و بە ڕۆنی زەیتوونەكەش دەشێلرێ و بۆ بەیانی یەك كەوچكی بچووك جاترەی وشك كە كرابێ بە هەتوان لە فینجانە هەنگوینێك و بۆ ماوەی هەفتەیەك.

# شەش بنەما بنچینەییەكانی شێوازی دروستی ژیان

١- جگەرە نەكێشان و دانەنیشتن لەگەڵ جگەرەكێشەكان و نیشتەجێنەبوون لە خانووییەكدا، كە دووكەڵی جگەرە و پاشماوەی جگەرەی لێبێت. هەروەها دەست هەڵگرتنی دەستبەجێ لەجگەرەكێشان بۆ كەسێك جگەرەكێش بێت.
٢- مەی نەنۆشین، چونكە زۆر زیانی بۆ تەندروستی و عەقڵ و دروستی مرۆڤ هەیە.
٣- خواردن و خواردنەوە بەشێوەیەكی ژیرانە، هەرگیز زۆر خۆر مەبە. گرتنەبەری گشت رێوشوێنەكانی بەرگریكردنی قەڵەوی.
٤- پارێزگاریكردنی لەش سووكی "اللياقە الجسمیە" ئەنجامدانی راهێنانە وەرزشییەكان بەلایەنی كەمەوە دووجار تاكو سێ جار لە هەفتەیەكدا.
٥- پارێزگاریكردنی زەینی روون و گورجوگۆڵ و خۆرزگاركردن لە خەمۆكی و فشارە دەروونییە دژوارەكان.
٦- ژیان و گوزەران كردن لە هەلومەرجی ژینگەیی و پیشەیی باشدا.

# پیاز و باری دەروونی مرۆڤ



پیاز چاری نەخۆشی خەمۆكی دەكات، كە نەخۆشییەكی ترسناكەو دەبێتە هۆی تووشبوون بە چەندین نەخۆشی دیكە، وەكو شەكرە و نەخۆشییەكانی دڵ كە بە نەخۆشییەكانی سەردەم ناسراون. ئەمەش بەهۆی بوونی چەندین توخمی خۆراكی گرنگ، هەروەكو چۆن زۆر بەكەڵكیشە لە حاڵەتە كتوپڕەكانی ئەم نەخۆشییە بە مەرجێك ببرژێندرێ بە پەلكەوە بەبێ هیچ شت و زیادكردنێك لێی بخورێ بۆ ماوەی یەك هەفتە بەلای كەمەوە.
رێگایەكی دیكە:
لە پیازی گوشراو "عصير" دروست دەكرێ، گوشراوێك لە پەلكە كاهوو "خاس" دروست دەكرێ و تێكەڵە بەساردكراوەیی "لە ناو بەفرگرە دادەنرێ" دەخورێتەوە.




وەرزشێكە كە لە دووكەس یان زیاتر یاری دەكەن هەر یاریزانێك هەوڵ دەدات بەرامبەرەكەی ببەزێنێت بەبێ بەكار هێنانی لێدان.
یەكێكە لە كۆنترین وەرزشەكانی مێژوو. سەردەمەكەی دەگەڕێتەوە بۆ دەستپێكی ژیانی مرۆڤایەتی لەسەر زەوی دا. راهێنانییان لەسەر كردووە بۆ پارێزگاری كردن لە خۆیان. هەروەها لە كارە ترسناكەكان كە هەڕەشە دەكاتە سەر مرۆڤ. هەروەها بۆ راوكردنی گیانەوەرانیش بە كارییان هێناوە. یاری زۆرانبازی لەوكاتەدا رێكخراو نەبوو و هیچ یاسایەكی بۆ سەلامەتی مرۆڤ نەبوو تا ساڵی ١٨٩١.

# سركەو شەكرە

تێكردنی دوو كەوچكی چێشت لە سركەی سروشتی لە لێوانێ ئاو و خواردنەوەی راستەوخۆ بەر لە خواردنێكی تێر كاربۆهیدرات "واتە شەكر" لە ئاستی شەكری خوێن دادەبەزێنێت، ئەوەش چونكە سركە ترشی سركیك "حامچ الخلیك= ئەسیتیك ئەسید = Acetic acid"ی تێدا، كە كار دەكات لەسەر كپكردنەوەی ئەنزایمە شیتەڵكارو هەرسكارەكانی نیشاستە"،تەنانەت كپكردنەوەی ئەنزایمە شیتەڵكارەكانی شەكرە دوانییەكانیش" ئەم كارەی ترشەكە دەبێتە هۆی كەمكردنەوەی هەرسكردنی شەكرەكان و دواتریش شەكرە فرەكان "السكريات المتعدده" واتە ئەو شەكرانەی سەدان گەردیان تێدایە لە شەكرە یەكانییەكان "السكريات الاحادیه" بە شێوەیەكی تەواو شیتەڵ نابن، بۆ ئەوەی شەكری گلوكلۆز دەرپەڕێنن، كە بە دەوری خۆی بەئاسانی لە ریخۆڵەوە هەڵدەمژرێت و دەڕواتە ناو دەرگەوانە شینە دەمار "الوريد البابی" ئینجا بەرەو خوێن و پاشانیش ئاستی شەكر لەناو خوێندا بڵند دەبێت.
لێكۆڵ د. كارۆڵ جونستۆن "carol jonston" دەڵێت:.
لە راستیدا سركە كاریگەریی لە دەرمانێك دەچێت كە بۆ نەخۆشەشەكرەدارەكانی جۆری دووەم، كە ناوی ئەكاربۆز "acarbose" = پریكۆز "precose"ە بەكار دەهێنرێت كاردەكات بۆ دابەزاندنی ئاستی شەكری خوێن ئەویش بە كپكردنەوەی ئەنزیمەكانی ئەلفا- گلوكۆسایدەیز "glucosidase" كە شەكرە فرەكان دەگۆڕێت بۆ شەكری گلوكلۆز و بەمەش شەكری گلوكۆز لە خوێنا بەرز نابێتەوە بۆ ئاستی بڵند.
ئایا لە مەزنیی ئەم پێغەمبەرە نییە "د.خ"، كە ناوی خواردنی سركە دێنێ لەو فەرموودەیەدا، كەوا دەفەرموێت: "نعم الأدام الخل"؟
واتە: "باشترین پێخۆر سركەیە"
سەرچاوە: "أغذيه مدهشه" لاپەڕە "٥٤" دانانی: د. دلاوەر محەمەد سابر مامۆستای پسپۆڕی وانەبێژی كیمیایی ژیان "Biochemistry" لە زانكۆكانی هەولێری پزیشكی و سلێمانی و دهۆك.

# قەڵەویی و سێكس



قەڵەویی لە رادەبەدەر كە زۆر ماكی جیاجیای لەسەر لەشی كەسەكە لێ دەكەوێتەوە بە تایبەتی دڵ و رشتەی سوورِی خوێن، كە بەشێوەیەكی راستەوخۆ كاردەكاتە سەر هێزی جەستەیی بەگشتی و هێزی سێكسی بەتایبەتی.
زۆرێك لە دەرمانەكانی چارەسەری قەڵەویی بە نەرێنی كاردەكەنە سەر هێزی سێكسی. چونكە ئەم داوودەرمانانەی بۆ چارەسەری قەڵەویی بەكاردەهێنرێن لەیەكێك لەم گرۆیانەی داوودەرمان دەرناچن:.
١- ئەو هۆرمۆنانەی كاردەكەنە سەر كاری گلاندەكانی لەش
٢- ئەو داوودەرمانانەی مگێز "ئارەزووی خواردن" كەم دەكەنەوە.
٣- ئەو دەرمانانەی دەبنە هۆی میزاندن.
ئەمانەش یان بێ كەڵكن بۆ لەش یانیش بە زۆری كارێكی نەرێنییان هەیە لەسەر لەش و هێزو توانا و تەندروستی گشتی لەش و هێزی سێكسی بەشێوەیەكی تایبەتی.

# شەكرەو سێكس



تووشبوون بە نەخۆشی شەكرە دەبێتە هۆی هەوكردنی كەڤناری دەمارە رشتەی چێوەیی "Chronic peripheral neuropathy" بەتایبەت دەماری ئەندامی نێرینە، كە وای لێ دەكات بە كەمی هەڵبستێت یان هەر هەڵنەستێت، لەكاتی ورووژاندنی سێكسی بۆیەش ناكارێ بە كرداری جووتبوون رابێت.
لەوانەشە تووشبوونی مرۆڤ بە نەخۆشی شەكرە هۆكارێكی كاریگەر بێت بۆ فشاری دەروونی بۆ نەخۆش بەشێوەیەكی تایبەتی، چونكە واباوە دەنێو كۆمەڵانی خەڵك كەوا نەخۆشی شەكرە نەخۆشیی ئەوتۆیە كە لە بنجەوە چارەسەری ناكرێت، ئیتر ئەمە دەبێتە هۆی پەشۆكانی نەخۆش و جۆرێك لە خەمۆكیی تووشدەكات.
كە ئەم پەشۆكانەی دەروون سێكسی كەسەكە لاواز دەكات بە دەوری خۆی.
بەشێوەیەكی دیار دەیشلەژێنێت.
لەلایەكی دیكەوە بەشێوەیەكی گشتی نەخۆشی شەكرە باری تەندروستی گشتی لەشی لەبار نابێت و ئەو بارە نالەبارەی تەندروستی گشتی لەشی و ئەو كەسە لە نەخۆشییەكە خۆی زێدەتر كار بكاتە سەر لایەنی سێكسی كەسەكە.

# جگەرەو سێكس



ژنی جگەرەكێش حەز بە كرداری سێكس لەگەڵ پیاوەكەی ناكا، وێڕای ئەوەی بۆنی زاری كارێكی نەرێنی دەكاتە سەر پیاوەكەی ئەگەر ئەو جگەرەكێش نەبێت.
یانیش پیاو ناچار دەكات ئەویش جگەرە بكێشێت تاكو لە بۆنی جگەرە رابێت، بەم جۆرە ئەویش پیاوەتی لە كورتی دەدات.
تایبەتمەندەكان ئاگایی دەدەن كە لە جگەرەكێشان دوور بكەوینەوە، چونكە هەڕەشە لە ژیانی سێكسی دەكا، چونكە لەوانەیە هۆكاری كەمبوونی ئارەزووی سێكسی جگەرە كێش هۆكەی جگەرەی دەستی بێ.
لێكۆڵەرەوەكان وای دەبینن كە پتر لە ٢٥٪ ی پیاوان و ژنانی جگەرەكێش بە هۆی جگەرەكێشانەوە دووچاری بێ توانایی سێكسی دەبن.
لەو توێژینەوە پزیشكی و زانستییانەدا كە لەسەر "١١٦" پیاوی بێ توانایی سێكسدا ئەنجامدراوە لە زانكۆی بریتۆریا لە باشووری ئەفریقا لە ساڵی "١٩٨٦" دەركەوتبوو كەوا "١٠٨" یان جگەرەكێش بوون.



ژمارە (١٤١) ئاداری ٢٢/٥/٢٠١٠ زایینی
جۆزەردانی ٢٧١٠ی كوردی

# مۆبایلەکەت دابخە یان لەقسەکردن بەردەوام بە؟

**ن: لیندا لیی و ئێریک گوندێرسن**
**و: لە ئینگلیزیەوە: د. ئازاد حەمە شەریف**



ئەمرۆ بە ملیۆنان کەس مۆبایل بەکار دەهێنن. لە زۆر شوێندا ئەمە بەڕاستی بە شتێکی نائاسایی دادەنرێت کە مۆبایل بەکار نەهێنیت. لە زۆر وڵاتاندا، تەلەفۆنی مۆبایل شتێکی زۆر بەربڵاوە لەناو گەنجاندا. ئەوان مۆبایل بە هۆیەکی پتر لە هۆیەکانی پەیوەندی پێکەوەکردن دەزانن – چونکە هەبوونی مۆبایل لەلای ئەوان جۆرێکە لە خۆشی و پەیوەستی. بەکارهێنانی یەگجار بەرفراوانی تەلەفۆنی مۆبایل هەندێک پسپۆڕانی تەندروستی نیگەران کردووە. هەندێک دکتۆر زۆر نیگەرانن لەوەی کە لە داهاتوودا لەوانەیە خەڵکێکی زۆر تووشی کیشەی تەندروستی بێن لە سۆنگەی بەکارهێنانی تەلەفۆنی مۆبایل. لە ئینگلتەرادا، گفتوگۆیەکی جەرگسۆزانە لەبارەی ئەم مەسەلەیەوە لەئارادایە. کۆمپانیاکانی تەلەفۆنی مۆبایل نیگەرانن لە پڕوپاگەندەی نەیارانەی ئەم جۆرە بیروباوەڕانە. ئەوان دەڵێن هیچ بەڵگەیەک نی یە سەبارەت بەوەی کە تەلەفۆنی مۆبایل بۆ تەندروستی خراپە.

لەسەرێکی ترەوە، بۆچی هەندێک لێکۆڵینەوەی پزیشکی هەندێک گۆڕان لە خانەکانی مێشکی ئەو کەسانە هەست پێدەکەن کە تەلەفۆنی مۆبایل بەکاردەهێنن؟ نیشانەی گۆڕان لە شانەکانی مێشک و سەر بەهۆی ئامێری سکانکردنی نوێ دەدۆزرێتەوە. لە یەک حاڵەتدا دێوەرەیەکی گەشتکەر ناچار بوو لە تەمەنێکی گەنجیدا خۆی خانەنشین بکات لەبەر تێکچوونی زۆر مەترسیداری مێشکی. ئەو تەنانەت ئیشە سادەکانیشی بیر نەدەکەوتەوە. ئەو تەنانەت ناوی کوڕی خۆشی بە بیر نەدەهاتەوە. ئەو پیاوە ڕۆژانە بۆ ماوەی شەش کاتژمێر، هەموو ڕۆژانی کارکردنی، بۆ ماوەی دوو ساڵ تەلەفۆنی بەکار دەهێنا. دکتۆری خێزانەکەی بەکارهێنانی تەلەفۆنی مۆبایلی بەهۆکاری ئەو حاڵەتە زانی، بەڵام دکتۆری خاوەنکارەکەی ئەمەی پەسەند نەکرد.

ئەوە چییە وادەکات کە تەلەفۆنی مۆبایل زیانی نادیاری لێ بکەوێتەوە؟ وەڵامەکە تیشکدانەوەیە. ئامێرە تەکنۆلۆژیە پێشکەوتووەکان زۆر کەم تیشکدانەوەی تەلەفۆنی مۆبایل دەدۆزنەوە. کۆمپانیاکانی تەلەفۆنی مۆبایل ئەوە پەسەند دەکەن کە هەندێک تیشکدانەوە هەیە، بەڵام ئەوان دەڵێن بڕی تیشکدانەوەکە یەگجار کەمە تا پێیەوە نیگەران بیت.

جا کە کفتوگۆ لەبارەی سەلامەتی و ناسەلامەتی تەلەفۆنی مۆبایل بەردەوامە، واپێدەچێت زۆر باشترە کە کەمتر مۆبایل بەکار بهێنیت. تەلەفۆنی نۆرماڵ بەکار بهێنە ئەگەر ویستت بۆ ماوەیەکی درێژ قسە بکەیت. تەنها ئەو کاتەی کە بەڕاستی پێویستت پێ ی هەبوو تەلەفۆنی مۆبایلەکەت بەکار بهێنە. تەلەفۆنی مۆبایل زۆر بەکەلک و ئاسانە لەکاتی ڕووداوی کتوپڕدا. لە داهاتوودا، لەوانەیە لەسەر هەموو تەلەفۆنێکی مۆبایل پارچە نووسینێک هەبێت کە هۆشداری ئەوە بدات کە مۆبایل بۆ تەندروستی خراپە. جا لەکاتی ئێستادا، شتێکی عاقڵانەیە کە مۆبایلەکەت بۆ ماوەیەکی زۆر بەکار نەهێنیت.

# مرۆڤ و ئاژەڵ

**د. محەمەد عەبدوڵڵا کاکە سوور**



کۆمەڵێک پەیوەندی لە نێوان مرۆڤ و ئاژەڵدا هەیە، لە هەمان کاتیشدا کۆمەڵێک جیاوازیش لە نێوانیاندا هەیە. هەر داروین ئەم لێکچوونەی نەبینیوە کاتێک بنەچەی مرۆڤی بۆ مەیموون گەڕاندووەتەوە، سەرەڕای ئەوەی کە ئەم بۆچوونە ئێستا لە ڕووی زانستیشەوە زۆر لاوازە و کەموکوڕی یەکجار زۆری تیادا دەرکەوتووە و لە ڕووی ئاینیشەوە بەتەواوی ڕەت دەکرێتەوە.

لە کوردەواری و دوور لە کاریگەربوون بە داروین مرۆڤی ئازا بەشێر چووێندراوە، فێڵباز ڕێوی پێ وتراوە، بە بێمێشکیان وتووە کەر و بە بەهێزیان وتووە ورچ، بەکەسی لەسەرخۆیان وتووە کیسەڵ. هتد، لە ئەفسانەو حەکایەتی فۆلکلۆری میللەتاندا ئاژەڵ وەکو مرۆڤ قسەدەکات لە قورئان باس لەوەکراوە، کە پێغەمبەر سلێمان زمانی ئاژەڵانی زانیوە، بەڵام تاکو ئێستا سەرەڕای پێشکەوتنی زانست لە چەندین بواری جۆربەجۆردا لە تێگەیشتنی دەنگە جۆربەجۆرەکانی ئاژەڵاندا زانست زۆر کلۆڵە و مشتومڕ هەیە لەسەر ئەوەی، کە ئایا ئاژەڵ زمانی تایبەت بە خۆیان هەیە یان نا، بەڵام لە ڕووی ئاینییەوە ئەم بابەتە یەکلایی کراوەتەوەو ئاژەڵ زمانی خۆیان هەیە، ئەگەرچی مرۆڤ تاکو ئێستا بە دەراوتنی پێغەمبەرێک لەم زمانانە نەگەیشتبێت.

نووسەری میسری عەباس مەحموود عەقاد دەڵێت: لەگەڵ کۆمەڵە هاوڕێیەک تێبینی ئەوەمان کرد، کە هەر مرۆڤێک تاڕادەیەک شێوەی لە ئاژەڵێک لە ئاژەڵەکان دەچێت و سیفاتەکانیشی لە سیفاتەکانی ئەو ئاژەڵە دەچێت، بۆیە بەوردبوونەوە لە شێوەی مرۆڤ دەتواندرێ تا ڕادەیەک سیفاتەکانی بزاندرێ، وەکو ئەوەی یەکێک لە شێر یان بەراز یان گۆلک یان کەمتیار بچێ و سیفاتەکانی ئەویشی هەبێت.

ئەو دەرمانانەی بۆ چارەسەرکردنی نەخۆشییەکانی مرۆڤ دروست دەکرێت لەسەرەتا بەسەر ئاژەڵ، بە تایبەتی مشک تاقیدەکرێتەوە، کە سەرکەوتنی بە دەست هێنا ئینجا بۆ مرۆڤ بەکار دەهێندرێت.

هەندێک جار ئاژەڵێک دەبێتە سیمبولی نەتەوەیەک یان پارتێک یان دەوڵەتێک، گورگ لەلای تورک بە سیمبولێکی نەتەوەیی دادەندرێ، شێر سیمبولی ئیمپڕاتۆریەتی بەریتانی بوو، ورچ سیمبولی ڕووسیا بووە، پارتی دیموکراتی لە ئەمریکا سیمبولەکەی کەرو پارتی کۆماری لە هەمان وڵاتدا سیمبولی فیل بووە.

مرۆڤ توانیویەتی هەندێک ئاژەڵ ماڵی بکات و هەندێک ئاژەڵی تر بەکێوی ماونەتەوە، بۆ نموونە سەگ بەنیشانەی وەفاداری ناسراوە، دەوترێت وەفای سەگ بۆ مرۆڤ لەوەفای مرۆڤ بۆ مرۆڤ پترە، لە کاتێکدا کە مرۆڤ باوەڕی بە گورگ نییە ئەوەتا دەوترێت تۆبەی گورگ مەرگە.

ڕوانینە ئاژەڵ لە نێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوادا مەرج نییە سەدا سەد وەکو یەک بێت، لەلای ئێمە کوندەپەپوو نیشانەی شوومی و وێرانییە لە کاتێکدا لەلای ڕۆژئاوا نیشانەی حیکمەتە. گۆشتی بەراز لەلای مەسیحییەکان دەخورێت و لەلای موسڵمانەکان ناخورێت و ئاوەگرە.

مرۆڤی کۆچەرو نیمچە کۆچەر پتر لەگەڵ ئاژەڵ تێکەڵ بوو وپێشکەوتنی تەکنەلۆژی وایکردووە، کە مرۆڤ زیاتر لە شارەکان بژی و پتر لە ئاژەڵەکان دووربێت، ئەگەر لە باخچەی ئاژەڵان، دەنا کەم بیانبینێت.

ئەگەر مرۆڤ گۆشتی هەندێک ئاژەڵ دەخوات ئەوە هەندێک ئاژەڵیش بۆیان ڕێک بکەوێت گۆشتی مرۆڤ دەخۆن، لە کاتێکدا هیندییەکان چێڵ بە پیرۆز دەزانن و گۆشتەکەی ناخۆن ئەوە لە ئیسپانیا زۆر ئازاری گا دەدرێت لە چوارچێوەی زۆرانبازی لەگەڵ گادا، کە لەو وڵاتەدا زۆر باوە.

ڕۆمل یەکێک لەسەرکردە بەناوبانگەکانی شەڕی دووەمی جیهانی بە ڕێوی بیابان ناسرابوو و ئەو نازناوەی پێ ناخۆش نەبوو، یەکێک لەسەرکردە بەناوبانگەکانی شەڕەکانی خاچ دروشم بە ریچارەی شێر دڵ ناسرا بوو بە کەمال ئەتاتورک دەوترا گورگە بۆر.

هەندێک جار ئەگەر مرۆڤێک بەکەم بزاندرێ پێی دەوترێ دەڵێی ئاژەڵە، ئەوەش سووکایەتی کردنە بە ئاژەڵ، لە قورئانیشدا هەندێک جار هەندێک لە بێ باوەڕان بە هەندێک جۆر ئاژەڵ شوبهێندراون،وەکوسووکایەتی پێکردن لە نموونەی کەرو مەیموون، بەڵام لە هەمان کاتیشدا هەندێک ئاژەڵ بەهۆی نزیکیان لە پیاوچاک و پێغەمبەران ناوبانگی باشیان پەیدا کردووە وەکو سەگی هاوەڵانی ئەشکەوت و وشتری ساڵح پێغەمبەر.

هەرچەند باس لە پەیوەندی نێوان مرۆڤ و ئاژەڵ بکەین جیاوازییەکانیش زۆرتر دەمێننەوە.

# ئەم شوێنە گیراوە

**ئیبراهیم محەمەد**

ڕۆژی هەینی کە ڕۆژی پشوودانە، جیا لە ڕۆژانی تری هەفتە چەند تایبەتمەندییەکی هەیە، لەوانە زۆرینەی خەڵک بۆ پشوودان و کات بەسەربردن و گەشتوگوزار ڕوو لە پارک و سەیرانگە و شوێنە گشتییەکان دەکەن، هەمووشمان دەزانین کە لەم ڕۆژەدا چ قەرەباڵغی و جەنجالییەک لەسەر شەقامەکان و شوێنە گشتییەکان پەیدا دەبێت و دەشتودەر و سەیرانگەکان چۆن دەرازێنەوە و گشت ڕەنگێک تێکەڵ یەکتر دەبن، بۆیە زۆرجار لەترسی شوێن بەرنەکەوتن چەند کەسانێک یان چەند خێزانێک، پێشوەختە شوێنێک بۆخۆیان دەگرن و (حجز)ی دەکەن، لای ئێمەی موسڵمانیش ڕۆژی هەینی زۆر گرنگ و تایبەتمەندە، ئەو ڕۆژە مزگەوت پێکەوە گرێدراون، دیارترین تایبەمەندییەکانی ئەم ڕۆژەش بۆ ئێمە، وتارخوێندەوەی هەینی و نوێژی هەینییە، بۆ ئەم مەبەستەش، واتە ئەداکردنی نوێژی هەینی، ڕێژەیەک خەڵک زووتر و بەر لە بانگدان دەچنە مزگەوتەکان و تا بۆیان بکرێت لە ریزەکانی پێشەوە و نزیک مامۆستای وتاربێژ دادەنیشن.

تا ئێرە ئاساییە و هەرکەس مافی خۆیەتی کە زووتر بچێتە مزگەوت و بۆخۆی لەهەر شوێنێک دابنیشێت، بەڵام ئەوەی جێی سەرنج و نیگەرانییە ئەوەیە، کە لە چەند مزگەوتێک دیاردەیەکی ناشیرین بەدی دەکرێت، ئەویش ئەوەیە کە چەند کەسانێک پێشوەختە شوێن بۆ خۆیان دەگرن!! ئەوەش کاتێک کە یەکێکی تر بۆ پڕکردنەوەی بۆشاییەک لە ریزی پێشەوە (چونکە ئەگەر بۆشایی لە ریزێکدا هەبێت ئەوا نوێژەکە تەندروست و قبوڵ نابێت تاکو ئەم بۆشاییە پڕنەکرێتەوە)، ئەوا پێی دەڵێن کاکە برۆ دواوە چونکە ئێرە جێگای حاجی فلانە، یان جێگای فلانە کەسە و گیراوە!!! جا توخوا ئەوە نوێترین سەیروسەمەرە نییە .......؟! ئاخر چۆن لە مزگەوت شوێن دەگیرێت و (حجز) دەکرێت؟!

ئەم جۆرە کەسانەش ڕەنگە لە روانگەی خۆبەگەورەزانین و خۆجیاکردنەوە لە خەڵکانی ترەوە یان وەک هەوڵێک بۆ خۆسەپاندن وخۆدەرخستن ئەم کارە بکەن، خۆ بەزلزانیش جگە لەوەی کە دوژمنی خوایە، لەوانەیە لەهەستکردنی مرۆڤ بە کێماسییێک بێت، جا چ لە کەسایەتی یان لە پێگەی لە ناو کۆمەڵدا،

بەهەرحاڵ لەبەر هەر هۆیەک بێت، ئەم ڕەفتارە نامۆیە و دوورە لە خوڕەوشتی ئایینی و کۆمەڵایەتی.

من ڕێزم هەیە بۆ گشت مزگەوتەکان، چونکە مزگەوت ماڵی خوایە لەسەر زەوی و پیرۆزترین شوێنیشە، بەڵام ئەم جۆرە کەسانە بەم ڕەفتارەیان مزگەوتەکان بە شوێنە گشتییەکان دەچوێنن کە ئەمەش لەگەڵ بەهاکانی ئایینی پیرۆزی ئیسلامدا ناگونجێت، چونکە ئەوەی زانیومانە تەنها لە شوێنە گشتییەکان و لەناو پاسەکاندا شوێن یان جێگا (حجز) بکرێت. ئەی مامە حاجی . کاک فلان. ئێوە هەرگیز گوێبیستی وتاربێژ و مامۆستایانی ئایینی نەبوون، کە دەڵێن ئەگەر هات و ریزەکانی پێشەوە پڕبوون، ئەوا ئەو کەسەی کە هات دەبێ لە نزیکترین شوێن لە خۆی دابنیشێ و ئەوانی تر ئازار نەدات؟! ئێوە ئەگەر دەتانەوێ لە ریزی پێشەوە دابنیشن، دەسا کەمێک زووتر بڕۆن و بۆ ماوەی چەند خولەکێک واز لە سەرقاڵی دنیا و مامەڵەکانتان بێنن!، چونکە ئێوە بەم ڕەفتارەتان دەبنە هۆی تێکدانی ڕەوشی مزگەوتەکان و چەند کەسانێکیش قێزتان لێ دەکەنەوە و لە مزگەوت و نوێژکردنیش دوور دەکەونەوە و دەتۆرێن، بۆیە دەڵێم تکایە ماڵی خواش وەک شوێنێکی گشتی سەیر مەکەن و بەسەرخۆتانیدا تایبەتمەند مەکەن، چونکە مرۆڤەکان ئەگەر هیچ نەبێ تەنها لە مردن و نوێژکردندا یەکسانن و هیچ جیاوازییێک نییە لە نیوان حاجی و مەلا و خەڵکی سادە و هەروەها هەژار و دەوڵەمەنددا، خوای گەورەش لە قورئانی پیرۆزدا دەفەرمووێ (بسم اللە الرحمن الرحيم : ان اكرمكم عند اللە اتقاكم) واتە (ڕێزدارترینتان ئەو کەسانەن کە زیاتر لەخوا دەترسن)، بەرێزی و لەخواترسانیش بەدانیشتن لە ریزی پێشەوەی مزگەوت و شوێنگرتن تێیدا نییە و نابێ!

# فەرهەنگی ناوو نازناوو ناتۆرە



**عەبدولوەهاب شێخانی**

٩- ڕەش بەڵەک
١٠- جەندیل- جەنگوڕ: دونا تۆرەی هەبوو .
١١- فەردە زەهیر.
١٢- بەرخۆکە: شێت بوو ناوی هەموو شێتەکانی هەولێری دەزانی و دەیژمارد لەگەڵدا قلی تەزبیحی ئاوادەکرد و دەیگووت ئەوە یەک.
١٣- کسسۆ:
١٤- چوورچە:
١٥- گاڵە:
١٦- هێسترە کۆرە.
١٧- خاڵە کۆرە.
١٨- قولی.
١٩- کەسک و سوور.
٢٠- پەنجاو پێنج، مێرووله.
٢١- زڕدۆشاو: پیرەی زڕدۆشاو.
٢٢- پروزە: لەرولاوازی بێ نموود.

**نازناو لە گەڵ ناتۆرە**

زۆرکەس نازناوی هەبووە لەگەڵ ناتۆرەش هەردووکیان بەیەکەوە هاتووە.
١- حاجی دەپانزە.
٢- مەلا مل گەز.
٣- مەلا قیق.
- کاروپیشە+ ناتۆرە: حەمە قاوەچی پووخەڵە – خاک-١-ل ٢٠٠.
- **نازناوی چینایەتی+ ناتۆرە:** سلێمان ئاغا "سلێمان قەتێ" یاداشت -١- ل ٦٢. "بامیاغا".
- "**نازناوی ئایینی+ ناوو ناتۆرە**"
حاجی عەبدوڵڵا مەرگە.
"دوو ناتۆرە"

**دوو ناتۆرە بۆیەک کەس بەکار هاتووە.**

١- ئامە هەیتە ٢- ئامە شەوە
نەمدەزانی برای ئامە شەوەیە. غەوارە- ل ١٧٢.
ئامە هەیتە ڕۆژێک. غەوارە- ل ١٦٤.
ناتۆرە بووەتە نازناو بۆ هەموو بنەماڵەکەیان. هەرچی لەو کەسەی خاوەن ناتۆرەکە کەوتبێتەوە بوویتە نازناوی هەموویان.
١- ماڵی خەنجەر بەگوی.
٢- ماڵی مۆرانەی.
٣- ماڵی چەکمەرەقی.
٤- ماڵی گۆدەی.
٥- ماڵی سەرەخۆرەی.
٦- ماڵی قاپ ڕەشی.
٧- ماڵی قوپچە سۆری.

**ناو قرتاندن: ناو دابڕین:**

کورت کردنەوەو دابڕین و سڕینەوەی هەندێ پیت بۆ سووک هاتن لە سەر زاران، شەرەفنامە ئاوا باس دەکات "کورد هەر پیشەیەتی لەناوان دابڕێو بە شەمسەدین دەڵێن شەمۆ، عزەدین بۆتە عەزۆ، جەمشید ناوی جەمۆیە، عەبدال بە عەبدۆ بانگ دەکەن. شەرەف نامە- ل ٤٠١".
١- دوای ناو قرتاندن پیتی "ە،ۆ" دەخرێتە سەر ناوەکان.
٢- لەبەر خۆشەویستی ناوەکە کورت کراوەتەوە.
دایکی لە خۆشەویستیان لە منداڵییەوە پێی دەگوت محە... غەوارە- ل ١٨.
٣- یان لەبەر رقلێبوونەوە کورتی کردۆتەوە.
٤- میللەتی کورد حەز لە ناوی لێکدراو ناکات.
ئەحمەد: دوای قرتاندنی چەند پیتێک لەناوەکە بەم شێوەیەی خوارەوە دەبێت.
ئەحمەد: ئەحە: ئەحۆ: ئەحمێ: حەمەد: حەمکۆ: حەمکی: حەمەدێ: حەمۆ.
ئەکرەم: دوای قرتاندنی چەند پیتێک ئاوای بەسەردێ
ئەکرەم: ئەکۆ: ئیکۆ: ئیکۆکە.
ئیبراهیم: بلە: ئیبۆ: بلۆ: برایم: ئیباو: بەرهۆ.
ئیسماعیل: سمە: عیلە: سمکۆ: سمۆ: سمایل: ئیسمایلۆ.
ئەبوبەکر: عەبابەکر: باوەکر: بەکۆ: بابلۆ: بەکرۆک.
ئەنوەر: ئەنۆ: ئەنوەرۆک.
ئامینە: ئامە: ئامین: ئامەکە: ناوی ژنانە.
ئدریس: ئیدۆ.
ئەمین: مینە.
ئاودەل: ئاڤدەل: عەوال: عەبدوڵڵا.
ئەحمەدە شین: ئەحمە شین: حەمە شین: حەمشین: حەمە شینی گەڕەکی هەواو- مێژوو-٢- ل٣٦٤.
ئەحمەدەڕەش: ئەحمە ڕەش.
ئەباعبیدە:عەبابەیلێ.
ئەستی: ستی.
ئێسلیخان:ئێلۆ.
-ب-
- بەشدار: بەژۆ.
- بەهجەت: باجەت: باجۆ.
- بەلقیس: بەلکیس: بەگیسی.
- بەهلول: باوپل: باول: بالول.
- ئەبوزێد: زێدە.
بەهائەدین: بەهادین: بادین: بادینان: بووەتە ناوی ناوچە.
بەرخێ: بەخۆ: ناوی ژنانە: بەرقێ: بەرقۆ: ناوی ژنانە لە بەفرەوە هاتووە.
بەدرەدین: بەدۆ: بەهیە: بەیە: بەڕیە.
-پ-
پشتیوان: پشتۆ.
پیرۆز: پیزە.
پەژارە: بەژە.
پیر عومەر گدروون: پیرە مەگرون: ناوی چیایەکە لە ناوچەی سلێمانی.
تەلعەت: تەلۆ.
تاهیر: تەهۆ: تایەر: تاهار: تەیرۆ.
تاجەدین: تاژدین.
تۆفیق: تۆفە.
تەحسین: تەحۆ.
تالب: تەلە.
تالب مەجید.

# حاجی مەمۆ: لە ساڵی ١٩٧١ شاڵاوی ڕاوەدونانی کوردە فەیلییەکانی بەغداد و دەوروبەری دەستی پێکرد



حاجی مەمۆ

لەگەڵ دەست پێکردنەوەی ساڵی دووەمی خوێندنم لە بەغداد ، وازم لەئیشکردن و گەڕان بەدوای کار پەیداکردن هێنا و بەو یارمەتییە بچووکەی قوتابیان لە زانکۆ ، قەناعەتم کرد کە سەرەتا شەش دینار بوو ، دوایی بووە حەوت دینار . هەر لەو ساڵە بوو بەیارمەتی هاوڕێی نەمر کاک شاسوار جەلال ( ئارام ) کە ئەو دەمە لەرۆژنامەی هەفتانەی هاوکاری ڕۆژنامەنووسێکی دیاربوو ، ناوناوە نووسینێکم چ وەک پەخشان یاخود وەرگێڕان لەعەرەبییەوە بۆ کوردی بڵاودەکردەوەو موکافەئەیەکی بچووکم بەردەکەوت . هاوڕێی نەمرو سەربڵند عەزیز مەحمود لەوان ڕۆژاندا، کە زۆر ئێواران لەگەڵ برادەرەکانی دیکە ، بەیەکەوەمان بەسەر دەبرد ، هەمیشە قەلۆش و گیرفان بەتاڵ بوو ، چونکە هەر پارەوپولێکی بهاتایە دەست لە دۆست و برادەرانی سەرفدەکرد و گیرفانی خۆی لەگەڵ هاوڕێیەکانی جیانەدەکردەوە و هەرکاتێک سەرمانگ دابهاتایە و خۆی بێ پارەبوایە دەهات و ، دەیگوت مردوو ئەمشەو لای تۆم . واتە تۆ دەبوایە بۆ ئەمشەوە لە خزمەتیدا بیت . بەتایبەت لەم بارەوە هاوڕێیان کاک ئارام و حەمەقەراخی هەمیشە گیرفانەکانیان لەگەڵ ئەو هاوبەش بوو . لە بیرمە زۆر سەرەمانگان کە کاک ئارام مووچەکەی وەردەگرت ، بەتایبەت بەندە ( کە زیاتر لەساڵێک کاک ئارام بەرپرسی ڕێکخراوەیی من بوو لە کۆمەڵە ) و عەزیز مەحمود و یاسین ئەنور ی لەخۆشترین لۆقلتەی ئەو دەمی بەغداد لەگەڕەکی ( المسبح ) داوەت دەکرد و دەیگوت با ئێوەی ڕووتەلەش ژەمە خواردنێکی بەلەزەت لەو جۆرە لۆقلتە نوێیانە بخۆن .. بەراستی من لەژیانی خۆم دەیان هاوڕێی دڵسۆزو بەوەفام هەبووە و هەیەتم ، بەڵام نموونەی کاک ئارام و عەزیز مەحمود و یاسین ئەنور هەمیشە لە خەیاڵ و بەرچاومن و لەو ماوەکورتەی هاوڕێیەتیمان زۆر ڕەوشتی جوانمەردی و لاوچاکییان لێ فێربوومە و هەرگیز لەبیریان ناکەم و هەنووکەش دوا دیداری کاک ئارامم بەر لەشەهیدبوونەکەی لەمێشک تۆمارە،کە دەبێ لەخەباتکردنی ژێرزەمینی کۆڵنەدەم و پشووم درێژ بێت و دوا دیدەنی مامۆستا عەزیز مەحمودم لەبەرچاو ناسڕێتەوە، کە لە بۆ بەیانی لە زیندانی موسڵ لە سێدارە دەدرا و منیش وەک هاوڕێیەک لەگەڵ کەسوکارەکەی بۆ دوادیدار چووبوومە خزمەتی ، دیتم یەک لوتکەی لەروخان نەهاتووە و وشەکانی سەرزاری بەپێکەنین و بڕوابوونەوە بەخۆی و خەباتی ڕەوای نەتەوەکەی دەردەبڕی و هەرگیز ئەو دیمەنەی ئەوێ ڕۆژێم لەبیرناچێتەوە ، کە هەموو ئەو خواردنەی لەشارەوە بۆ دیداری دواسات هاتبوو ، هەمووی لەسەرسفرەیەک دانرابوو ، منیش دیارییەکەی خۆم هەر بەدەستەوە گرتبوو ، دەمویست لەبەردەمی خۆی دابنێم ، لە پڕ مامۆستا عەزیز جوامێرانە دەنگی هەڵبڕی و بەجەندرمە پاسەوانەکانی گوت ، ئەگەر ئەو پێشمەرگە گیراوەی قیادەموقەتە، کە وابزانم ناوی ( سەیدۆ ) بوو و بەیانی بەیەکەوە لە سێدارە دەدران ، گوتی ، ئەگەر ئەویش نەهێنن لەگەڵ ئێمە نان بخوات ، ئەوە منیش نان ناخۆم . ئەوەبوو مەسئولی زیندانەکە هات و بۆ ڕوونەدانی گرفت ، بەناچاری ملی بۆ ئەو داخوازییەی مامۆستا عەزیز داو سەیدۆیان بەکەلەبچەیی هێنایە دەرەوەو ئەو زنجیرەی دەست پێیان کردەوە، کە ڕۆژی پێشتر بەستبوویانەوە ، ضونکە پەلاماری پاسەوانەکانی دابوو . ئەوجا منیش ئەو پرێسکەی خۆمم برد لەبەردەمی مامۆستا عەزیزم کردەوە، کە جاوی بە عەمبەکە کەوت ، یەکسەر هەستایە سەرپێیان و دووبارە باوەشی پێداکردم و گوتی ، مادام بۆ دواجار عەمبەم خوارد ، مەرگم بەراگێڕتان دەکەم ( تێگەیشتم مەبەستی هاوڕێیانی کۆمەڵەیە ) .

هەروەک لەئەلقەکانی پێشووتر و لێرەو لەوێ، سەبارەت بەپەیوەندی ڕێکخراوەیی خۆم بەکۆمەڵەی مارکسیزمی لینینیزمی بیروباوەڕی ماوتسی تۆنگ / ی کوردستان قسەمکردووە . لێرەدا فراوانتر لەو بارەوە دەدوێم ..ئەوەندەی لەبیرمە یەکەمجار لەپاییزی ١٩٧٠دا لەگەڵ ئەرسەلان بایز و کامل کەریم لە ئەڵقەیەکی ڕۆشنبیری سەرەتایی پەیوەندیمان هەبوو. پاشان بەندە بۆ لای نەریمان مەحموود گواسترامەوە و لەمانگی دوازدەی ١٩٧٠ ئەو هاوڕێیانە کە لەقاوەخانەی ( الکندی ) دادەنیشتین و یەکسەر بۆ ضوونە ڕیزی کۆمەڵە موفاتەحەی کردم و بۆ ماوەیەکی کورت لەگەڵ ئەو مامەوە و منیش لەلای خۆمەوە لەگەڵ چەند برادەرێکی هاوبیر لە بەغداد و هەولێر چەند ئەڵقەیەکی ڕۆشنبیریمان دروستکرد لە نموونەی جەلال تاهیر ، حەمەد ئەمین حوسێن ( کۆچی دواییکرد) و ئەو دەم خوێندکاری پەیمانگای مامۆستاتایان بوون، لەگەل هوشیار فەتاح ( کۆچی دواییکرد) لە هەولێر و هەروەها دواتر لە بەغداد لەنموونەی خالد مەولود ( ناسراو بەخالد جوتیار کە لەو نزیکانە کۆچی دواییکرد ) و نەجمەدین عەزیز هەولێری وکەمال فوئاد سەمین .. پاش مەودایەکی دیکە پەیوەندی ڕێکخراوەیی بەندە کەوتە لای کاک شاسوار جەلال، کە ئەوێ ڕۆژان ژورێکی لەناوماڵێکی مەسیحی و لەگەڕەکی ( المسبح ) بەکرێ گرتبوو . کۆبونەوەکانمان دوو هەفتە جاریک بوو ، بەڵام پەیوەندی تاکی بوو .. ئەو جارانەی لەگەڵ کاک ئارام یاخود خۆم بەتەنیا کە دەضوومە ئەو ماڵە بەمەبەستی پێکەوە دانیشتن و تاووتوێکردنی چالاکی ڕێکخراوەیی و دیراسەکردنی مەسەلە تیورییەکان . لەلایەک هەستم دەکرد لەو ماڵە زۆر ڕێزی کاک ئارام دەگرن و هەروەک ئەندامێکی ئەو خێزانە سەیریدەکەن ، چونکە کاک ئارامیش لەلای خۆیەوە ، ئەوەندەی مرۆڤێکی هێمن و زمان شیرین و دەم بەخەندە و روح سووک بوو ، ئەوەندەش بەرچاوڕوون و بەسەلیقە و خاوەن مەعریفەیەکی زەنگین بوو ، هەرگیز تەنگەتاوی و تووڕەبوونم بەڕووی ئەو مرۆڤە نەبینی و لەلایەکی دیکەوە خواردنەوە و رابواردنی زاتیم لەو کەڵە پیاوە نەبینی و کاتی خۆی بەم شتانە نەدەچواند و لەگەڵ هەریەکێک دابنیشتایە ، بەئوسلوبەقەناعەت پێکەرەکەی سەرنجی ڕادەکێشا و بەدەست خۆت نەبوو ، لە دڵەوە خۆشت دەویست .. لەو ساڵەدا ( ١٩٧١ ) لە چەند لایەکەوە بەندە پەیوەندی ڕێکخراوەییم بەو هاوڕێیانە دەکرد، کە سەرەتا هەر بەتاکی بوو ، کەمال خورشید و فازیل ئەرکەوازی و عبدالحسین لەبەشی کوردی کۆلێجی ئەدەبیات و ئازاد عەزیز و دڵشاد عەبدوڵڵا لە کۆلیجی کشتوکاڵ لە ئەبوغرێب و ئازاد نەجمەدین و ئەحمەد سابیر لە کۆلیجی پزیشکی .. سەلام بەرزۆ سادق لەناو قوتابییە فەیلییەکان .

لەو ساڵەدا شاڵاوی ڕاوەدونانی کوردەفەیلییەکانی بەغداد و دەوروبەری دەستی پێکرد و دامودەزگا کانی ڕژێم زۆر دڕندانە بەبیانوی نابەجێی شۆڤینییانە کەوتنە تەسفیرکردنیان بۆ ئێران .. لێرەدا یەکێتی قوتابیانی کوردستان چ بە بەیاننامە و چ بەپڕۆتستۆکردنی ئاشکرا وەک بەدەنگەوە هاتنی فەیلییە لێقەوماوەکان ، ڕۆڵی بەرچاوی هەبوو لە پشتگیریکردنی براکانی خۆیان و لەقاودانی ئەو سیاسەتە چەپەڵە .. مانگرتنی قوتابیانی کورد لەزۆربەی کۆلێجەکانی زانکۆی بەغداد بۆ ناڕەزایی دەربڕین، ئەو ڕۆژە دەنگی دایەوە و دەزگا ئەمنییەکانی ڕژێمی تووشی شۆک کردبوو .. لە بیرمە لەو قوتابییانەی لەنێوان قوتابیانی کۆلێجەکان بۆ هەم ئاهەنگی کردن و دانانەوەی یەککاتی مانگرتن و خۆپیشاندان لە ناو کۆلێجەکاندا ، هاوڕێ عەزیز مەحموود و یاسین ئەنور و چەندانی دیکە ڕۆڵی سەرەکییان هەبوو . ڕۆژی مانگرتنەکەمان، ئێمەی قوتابیان هەموو کۆلیجی ئاداب لەو حەوشەیەی بەشی کوردی کۆببووینەوە و خەریکی گوتارخوێندنەوە و حەماسەت خولقاندن بووین ، ئاگادار کراینەوە، کە عەزیز مەحموود لەلایەن ئۆفیسی بەردەرگای کۆلیجی ئاداب ، لەلایەن چەندقوتابییەکی بەعسییەوە و ڕێی پێگیراوە و بردوتیانە ئەو ژورەوە، کە لەبەردەرگای سەرجادەکە بوو ، ئەوە بوو نزیکەی پازدەقوتابی بەبێ گوێدانە هەرجۆرە مەترسییەک ، پەلاماری ئەو ئۆفیسەمان داو بەزۆر دەرگاکەمان پێکردنەوە ، کە لەوناوە زۆریان بۆ ئەو هاوڕێیە هێنابوو ، تاکو بیپشکنن. بەڵام ئێمە پێڕاگەیشتین و لەبەردەستیان دەرمانهێنا و لەو ناوە دەربازمان کرد ، لە ضونەدەرەوەدا عەزیز مەحموود یەک چەپکە بەیاننامەی یەکێتی قوتابیانی کوردستانی دایە دەستم، کە لەدژی ڕاگواستنی فەیلییەکان ئەو ڕۆژە بەجاپ گەیشتبوو ، هەروەها سەری نایە بناگوێم و گوتی ، من دەمانجەشم پێیە . هەرچۆنێک بوو بە پەلە پڕوسکێ دەربازمانکرد و گوم بوو ، سەیرمانکرد هەرچوار دەوری کۆلێجی ئاداب بە ئەمن و پیاوی موخابەرات تەنراوە و پەلاماری ئەو ئۆفیسە دەدەن کە عەزیز مەحموودیان تێدا گیرکردبوو . بەڵام دەست بەتاڵ مانەوە و عەزیزمان ڕزگارکرد بوو . لەو هێن و منهێنەدا ، قوتابیانی کورد بەتاکتیکی یاسین ئەنورزۆربەیان بەرەو کۆلێژی یاسا و کارطێڕی و ئابووری بەرێکەوتبوون بۆ بەهاناوەچوونی قوتابیانی کورد لەوێ، کە ژمارەیان لەچاو عارەبەکان زۆر لە خوار بوو . من و چەند قوتابییەکی لە نموونەی ڕەشاد سەبری ، ئازاد میران ، کەمال عەبدوڵڵا و خەجیجە و فەتحوڵڵا کەریم و ضەندانی دیکە لەو دۆخە ناهەموارەدا ، لاسارانە ئەو چەند دانە بەیاننامەیەی بەدەستمان کەوتبوو ، دەستوبرد هەموویمان لەسەر دیواری بەشەکانی کۆلێج هەڵواسی و لەدەرگای پشتەوەی کۆلێجی پەروەردە بەرەو وەزیرییە بۆی دەرچووین و هەریەکە بەلایەکەوە ڕۆیشتین ، نەوەک پیاوەکانی ڕژێم دوامان کەوتبن .

بەشی چل و پێنج

---

# عەلی حەسەن مستەفا : لەگەڵ کاک ئەحمەد بڕیارماندا کە چەند کەسێک بگرین لەوانەی، کە ناویاندا لەلامان هەبوو گەڕاینەوە گوندی نێرەگین و دوو کەسیشمان لەوێ گرت



عەلی حەسەن مستەفا

**کۆکردنەوەی پیتاک**

هەڤاڵانی بەڕێز لەساڵی١٩٦٧ سەرکردایەتی شۆڕش چەندلیژنەیەکی دروست کرد بە مەبەستی کۆکردنەوەی زەکات بۆ شۆڕش، کە لە ١٥٪ مان وەردەگرت، بۆ ئەم مەبەستەش چەند لیژنەیەک لەدەشتی هەولێر دروست کرا، کە یەکێک لەو لیژنانە من سەرۆکی بووم لەناوچەی پشت ڕێ تاوەکو دەگەیشتە هەولێر، جادەی قیر سنوورمان بوو، لیژنەی باڵاش پێکهاتبوو لە هەڤاڵان شەهید عەلی هەژار و عەبدال ئاکرێی، زەکاتەکان تەسلیمی ئەو لیژنەیە دەکرا، ڕۆژێ لیژنەی باڵا داوایان لێمان کرد بچین بۆ دەشتی قەراج بۆ پشتگیری لیژنەکانی ئەوێ، چونکە ئەوێ گەرمیان بوو زووتر گەنمیان پێدەگات، ئێمەش بەرەو قەراج کەوتینە ڕێ، لە گوندی چوارگۆمان تووشی یەکێ لە لیژنەکان بووین و ئاگادارمان کردنەوە، کە ئێمە بۆ پشتگیری و یارمەتی ئێوە هاتووین، هەفتەیەک هاوکاریانمان کردن، دوایی گەڕاینەوە جێی پێشووی خۆمان. ئەوکاتە گفتوگۆ هەبوو لەگەڵ ڕژێم سەیارەکەمان بەکرێ گرتبوو هی خوالێخۆشبوو لەتیفی برای محەمەد نەقار بوو لە جادەی کەرکووک تووشی دوو مدەرەعەی عەسکری بووین زۆر لەناکاو نە ئێمە و نە ئەوان ئاگامان لەیەکتر نەبوو، ئەوەبوو ئێمە سەلاممان کرد ئەوان لەبەر تەنگاوی نەیانتوانی وەڵامی سەڵامەکەش بدەنەوە.

ئیدی چووینە گوندی بێستانە لەوێ لەمزگەوتی بێستانە چاوم کەوت بە لیژنەی باڵا،کۆبوونەوەیەکمان لەگەڵیان ئەنجامدا ئینجا دەستمان پێکرد زۆربەی زۆری دێیەکان شەست دۆنم زەوی چاککردنی کشتوکاڵیان بەدەستەوە بوو، چووینە گوندی گەڕەشێخان ماڵی عەلی کێخوا قادر، کە عەشیرەتی بلباس بوو دەعوەتێکی باشی لەبۆ کردین دوای من داوام کرد خەڵکەکە کۆببنەوە، زۆربەیان کۆمەنیست بوون، بڕیارەکەمان بۆ خوێندنەوە، کە ئەو زەکاتە بۆچییە، ئەوانیش گوتیان ئێمە ئامادەین دەیدەین، مامۆستا مەلا حەسەن دەستی بەناو نووسین کرد لێیانی دەپرسی چەند گەنمت هاتووە ئەمساڵ، هەندێکیان دەیان گووت ٧ عەربە یا ٩ زۆر کەم دەیان گووت ١٥ ئیدی تا نۆرەی پیاوێک هات گووتی ٣٦ عەربە، منیش گووتم چەند زەویت بەدەستەوەیە گووتی وەک ئەوان، گووتم: دەباشە مادام ڕاستت گوت ئەوا تۆ عەفوی ئیتر ئەوانەی دوای ئەو هەموو زۆریان دەگووت بۆ ئەوەی عەفو بکرێن، بەڵام سوودی نەبوو، کاتێ زانیان عەفوو ناکرێن کردیان بە غەڵبەغەڵب ئیدی لەکۆتایی ناچاربووین شتێکی دیاریکراو لە هەموویان وەربگرین وەکو یەک، تەنیا ئەو پیاوە عەفوو کرا و بەداخەوە ناوەکەیم لە بیر نەماوە، ئیتر زەکاتی گەنمی گوندەکانمان کۆ کردەوە، لە دوو گوند دامان نان هەندێکی لە گوندی گردە سوور لای شێخ محەمەد باوکی سەلیم بڕێکی تری لای عوسمان لاوە لە گوندی گۆمە گرووە، ئەو پیاوە پاسەوانی گەنمەکە بوو، ئێمەش لەلایەن خۆمانەوە یارمەتی زۆرمان دەدا، هەڤاڵ مەلا حەسەن بندیان پیاوێکی زۆر ڕووخۆش و سەربەرز بوو لە کوردایەتی و دڵسۆزیدا بێ و ێنە بوو، لەکۆتایی کە لیژنەکە ئیش و کارەکانی خۆی تەواوکرد، لەبەرئەوەی زۆر پاک بوو دوو عەڵبە گەنمم دایێ، زۆر ڕێزمان لێ دەگرت، چونکە وەفادار و قسە خۆش بوو پاش مانگ و نیوەک لیستەی تەواوی کارەکانمان پێشکەشی لیژنەی باڵا کرد.

لەگوندی مورتکە ئاگر بەربووە، جۆخینی ماڵی حوسێن مەیاس و خزمەکانی هەمووی سووتا، منیش داوام لە لیژنەی باڵا کرد وەک پێشنیارێک نزیکەی بیست ماڵی جوتیار هیچیان نەما بە ناوی شۆڕش ئەو بڕە گەنمەی کۆمان کردۆتەوە بەشێکی بە سەریاندا دابەش بکەین، ئەوانیش پەسەندیان کردو گوتیان زۆر سوپاست دەکەین بۆ پێشنیارەکەت پێمان باشە جوتیارانی گوندەکەشمان ئاگادار کردەوە، ئەوانەی جۆخینیان سوتاوە بڕە زەکاتی ئەوانەی جۆخینیان نەسوتاوە وەربگرن، دیار بوو پێیان خۆش نەبوولەجیاتی پێشوازی بڕیارەکە هەروەها لە کۆتاییدا لەگەڵ جوتیار و خاوەن موڵکەکان کارەکانمان بە باشی ئەنجامدا لیژنەکە کە پێشتر پێکهاتبوو لە مەلا خدر و مەلا حەسەن بندیان و خۆم .

ڕۆژێ لە ڕۆژەکانی شۆڕشی ئەیلول خوالێخۆشبوو موقەدەم عەزیز ئاکرێی لە ١٩٦٦/٣/١٥ کۆبوونەوەی گشتی لە گوندی سماقوڵی ڕێکخست ئەندامانی کۆبوونەوەکە پێکهاتبوون لە: لێپرسراوانی عەسکەری وحزب و هێزی سەفین و دەشتی هەولێر و لەکاتەکانی شەڕدا، لەگەڵ ڕژێم بڕیار درا من و ئەحمەد حاجی عەلی بمێنینەوە و بەشداری کۆبوونەوەکە نەکەین بەڵکو چاودێری پاراستنی وەزعەکە بکەین، چونکە ترسی ئەوە هەبوو ڕژێم هەلی بۆ هەڵکەوێ و هێرش بۆ ناوچەکە بهێنێ، لەو کاتانە چەند کەسێک لە دانیشتوانی ناوچەکە ناویان هەبوو، کە جێ گومان بوون لە پەیوەندیان بە ڕژێمەوە، لیستی ناوەکانیان بۆ هێناین و من و کاک ئەحمەد لە گوندی شیوەپیران دانیشتبووین ئاگاداریان کردین، کە هێزێکی حکومەت بە پاڵپشتی سێ دەبابە لە بەرەوپێشدان بۆ گوندی قەشقە دەچن، ئێمەش ژمارەیەک چەکدارمان ڕەوانە کرد بۆ سەر چیای دێدەوان، ڕۆژەکە ڕۆژێکی زۆر ناخۆش و تۆزاوی بوو، منیش لەگەڵ خوالێخۆشبوو کاک ئەحمەد ژمارەیەک لە پێشمەرگە بە ئۆتۆمبێل بەرەو پیری هێرشەکە ڕۆشتین، کاتێک گەیشتینە گوندی بەلەبان برایم ئاغای مەنتک هاتە پێشمان و گوتی: کێوە دەچن؟ گوتمان: بۆ پێشی ئەو هێزەی ڕژێم دەچین، گوتی: باشە لە گەڕانەوەتان لەلای من نان دەخۆن، ئێمەش کە چووین بەرەو پیری هێرشەکە لە گوندی نێرەگین دیتمان هێزەکە دەوری گوندی بەردەسپی داوە، پاش شەڕێکی کەم لەگەڵ هێزەکانی پێشمەرگە لە گوندەکە چەند کەپرێکی هاوینەیان سوتاند و گەڕانەوە پاش، لە ڕێگا پێشمەرگەیەکمان هەڵگرت کە لە گوندەکە هەڵهاتبوو، چووین بۆ ناو گوندی بەردەسپی، بۆئەوەی بزانین ئەو هێزە چۆن هات و کێ پەیوەندی پێوە هەبوو. هۆی گەڕانەوەیان بۆ قوشتەپە چی بوو؟

لەگەڵ کاک ئەحمەد بڕیارماندا کە چەند کەسێک بگرین لەوانەی، کە ناویاندا لەلامان هەبوو گەڕاینەوە گوندی نێرەگین و دوو کەسیشمان لەوێ گرت، کە یەکێکیان مەلا ئەحمەد نێرەگینی بوو لەگەڵ خۆماندا هێنامان بۆ بەلەبان، خۆیان نەیان دەزانی بۆ چی دەیان بەین، لە نیوەی ڕێگا مەلا ئەحمەد بەمنی گووت: کاک عەلی دەزانی عەبدولڕەحمان حاجی فەقێ حوسێنی مەنتک مردووە، منیش پێم ناخۆش بوو، منیش بەکاک ئەحمەدم گوت: بە نهێنی ئەو پیاوانە بەربدەین، گوتی: کەیفی جەنابتە، گوتم: دەباشە برادەران ئێوە بگەڕێنەوە بۆ خۆتان، مەلا ئەحمەد گوتی: ئێمەتان بۆ هێناوە؟ گوتم: دوایی پێتان دەڵێین، بۆ نیوەڕۆ گەیشتینە گوندی بەلەبان لای برایم ئاغا و پاش نانخواردن لێمان پرسی کاک عەبدولرحمان مردووە یان نا گوتی: بەڵێ، خوالێخۆشبوان کاک عەلی هەژار و فارس باوە، ئەوانیش لە هێرشێکی تری بناری چیای بنەباوی بوون، بەرێ کەوتین لەگەڵیان بۆ دۆڵی علیاوە و ونکە کۆچەرەکانی مەنتک هەموویان لەوێ بوون، لەگەڵ شەڕ و شۆڕ پاوانەکانیان فەوتابوو و گوزەرانیان تێک چوبوو، ئێمەش پرسەو سەرەخۆشی خۆمان بە براو کەسو کاری گەیاند، بۆئەوەی بتوانین دڵنەواییان بدەینەوە بەلەدەستدانی ئەو پیاوە مەزنەو تێکۆشەر و نادەرە.

**بەشی شەشەم**

**ڕێککەوتننامەی شوومی جەزائیر:**

لەباربردنی شۆڕشی ئەیلول کە ڕێککەوتننامەی شومی جەزائیر خوێندرایەوە دوای ئەوەی بڕبڕەی پشتی شۆڕش شکاو ورەو تاقەتی پێشمەرگە نەماو خەڵک بەتەواوەتی بە بێزاری مایەوەو مایە پووچ بوون، پەیمانی خیانەتکارانەی جەزائیر لە ئاکامی ساویلکەیی سەرکردایەتی شۆڕش، لەنێوان (سەدام وشاە)و بەهاوکاری لێپرسراوە عەرەبەکان و (بۆمیدیان)ی سەرۆکی جەزائیر لە ڕێکەوتی ١٩٧٥/٣/٦ مۆر کرا. ئیتر خەباتی نزیکەی چواردە ساڵ ڕەنج و قوربانی و خوێنی شەهیدان و نەتەوەی کورد لەسەر بەشێکی وڵاتەکەی جارێکی تر بووە قوربانی بەرژەوەندییەکانی زلهێزو دوژمنانی ناوچەکە. پاش ڕێکەوتننامەکە هێزی ئێران کشایەوەو پێشمەرگە قارەمانەکان لە شەڕێکی قارەمانانە لە چیای (هەندرێن) فڕۆکەیەکی دوژمنیان خستە خوارەوە، فڕۆکەوانەکە خزمێکی ئێمە گرتی، کە ناوی مستەفا بوو و زەرەرو زیانێکی گەورە بەر سوپای دوژمن کەوت، هێزەکەمان لە گوندی (وەرتێ)وە بەرەو هەندرێن بە ڕێکەوت بۆ یارمەتیدانی پێشمەرگەکانی ترمان، بەڵام ڕەئیس (ئەحمەد) کە ئەفسەری عەسکەریمان بوو پێی گوتین بروسکەمان بۆ کراوە، کەوا شەڕ بۆ ماوەی یەک مانگ ڕاگرین، هەندەک پێشمەرگە دەستیان بە تەقەی خۆشی کردو بێ ئاگاو نازانین کە ئەمە پیلانێکەو بۆ خۆتەسلیم کردنەوەیە، نەک گفتوگۆو ئاگر بەست. من ماڵم لە (خانە)ی ڕۆژئاوای باکوری ئێران بوو، سەیرم کرد شۆڕش و کوردایەتی بەرەو کزبوون دەڕۆیشت و بارودۆخەکە بەرەو نالەباری و هەڵدێر دەڕۆیشت، دەست کرا بەتاڵان و شکاندنی کۆگاکان و هەڵهاتن بۆ سەر سنوور، لێپرسراوان دەیان گوت شەرمان پێ ناکرێ هەموو چەک دادەنێین، پێشمەرگەیش سەرپشکە چ دەیانەوێ بێنە ئێران یان دەگەڕێنەوە عێراق، چونکە ئێمە شەڕی دوو حکومەتمان پێناکرێ، لە ورەیەکی ڕووخاوو بارێکی نالەباردا هەموو سەرلێشێواو بوون، زۆربەیان تفەنگەکەیان دەهاویشتە ناو زێی چۆمانەوەو تەسلیم بە ئێران نەدەبوون، ئێمە ڕوومان کردە شاری (نەغەدە)ی کوردستانی ئێران، کە ماڵی (مەلا مستەفا)ی لێ بوو، (عەریف خدر)ی عەوێنەیش، کە بەردەست بوو لای (مەسعود)و (ئیدریس)بارزانی کاری دەکرد، لێپرسراوی پاراستن بوو، هاتە لای من و مەلا (عومەر) دانیشت، خەڵک خەریکی گەڕانەوە بوون بۆ عێراق، بە ئێمەی گوت نیازتان چییە؟ گوتم کاک (خدر) دەگەڕێینەوە بۆ عێراق ئەوە نزیکەی بیست ساڵ خەبات و قوربانی ڕەنجی شۆڕشەکەمان بەفیڕۆ ڕۆیشت تەمەنەکەشمان خستە سەر باڵای شۆڕش، چیدی لە تواناماندا نەماوە دەگەڕێینەوە ناو ماڵا و منداڵا و خزم و کەس و کارو بنەماڵەکانمان زۆر باشترە، ئەگەر لەسێدارەشمان بدەن با چیتر بازرگانیمان پێوە نەکەن، گوتی ئارەزووی خۆتانە، ئێوە چاکەتان بەسەرمانەوە هەیەو منیش ئامادەم لای کاک (مەسعود) پارەیەکی باشتان بۆ وەرگرم، بەڵام بەو مەرجەی نەگەڕێنەوە!! ئێمەش گوتمان ماڵت ئاوا بێت، بارودۆخەکە وایپێویست دەکات دەگەڕێینەوە. (سابیر شێخ جامی) مەعاون ئامر هێزی دەشتی هەولێر گەڕایەوە بۆ عێراق، فارس باوەش هاتە لامان و گوتی: ئەوانە هەموو گەڕاونەتەوە زۆر عەیب و شورەییە بۆ گەلی کورد چونکە حکومەتی عێراق چی پێ نەکردین، کەچی زۆری نەخایەند ئەوانەی ئامۆژگاری ئێمەیان دەکرد گەڕانەوە ناو خزم و کەس و کاری خۆیان. منیش هەڵبەستەکەی مامۆستا (بێکەس)م کەوتە سەرزارو لەو کاتەدا پڕ بەپێستی وەڵام دانەوەکانمان بوو بەرامبەر سەرکردەو لێپرسراوەکانمان، کە دەڵێ:

**بیست و حەوت ساڵە زووخاو ئەنۆشم**<br>
**لە زوڵم و جەورت هەر چاو ئەپۆشم**<br>
**بۆ ڕەزامەندی تۆ تێ ئەکۆشم**<br>
**لەبەر تۆ زەربەم داوە لە خۆشم**<br>
**وا تێ گەیشتم کە چەند بێ هۆشم**<br>
**گوناهم چی بوو بەم دەردەت بردم؟**<br>
**بۆچی بەناحەق وا سووکت کردم؟**<br>
**من ڕەنج بەرێکم پاک و بەسەزمان**<br>
**هەوڵم بۆ داوی بەدڵ و بە گیان**<br>
**بەسێتی ئیتر درۆو تەفرەدان**<br>
**ئەمکەی بەدیلی (عێراق)و (ئێران)**<br>
**گوناهم چی بوو بەم دەردەت بردم؟**<br>
**بۆچی بە ناحەق وا سوکت کردم؟**

**بەشی سی و شەش**

# پیرۆزبێت یادی دامەزراندنی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە (١٩٧٥/٥/٢٢) !!

گشتی

**کازم عومەر دەباغ**

یەکێتی نیشتمانی کوردستان یەکێکە لەم ڕێکخراوە سیاسیانەی، کە لە (١٩٧٥/٥/٢٢) لەبارودۆخێکی زۆر هەستیارو دژوار سەری هەڵدا لەسەر گۆڕەپانی سیاسی دوای ڕێکەوتننامە شومەکەی جەزائیر بوو، کە لە (١٩٧٥/٣/٦) لە نێوان (سەدام حوسێن و شای ئێران )مۆرکرا، ئەم ڕێکەوتننامەیەی کە نسکۆی بە شۆڕشێکی کوردی تەمەن (١٤) ساڵ هێنا لەهەمان کاتیش کۆتایی بەشۆڕشی (پێشمەرگەکانی زوفار) هێنا یەکێتی نیشتمانی کوردستان چەخماخەی شۆڕشی ڕاگەیاند و تەنگی بەتاریکی هەڵچنی، وەڵامدانەوەیەکی بەپەلەش بوو دژی ناحەزان و دوژمنان بۆ ئەوەی بەنەیارانمان بسەلمێنێت، کە میللەتی کورد نە ژێر دەستەیی قبول دەکات و نە دەست بەرداری مافە ڕەواکانی دەبێت، ئەگەرچی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە رووی چەندایەتی و چۆنیەتی بەهیچ شێوەیەک بەراورد نەدەکرا لەگەڵ ئەم هێزە زۆرو زەبەلاح و پڕ چەکەی دوژمن تەنها ئەوەی یەکێتی پشت ئەستور بوو پێی جەماوەرو بیرو باوەرو شاخە سەرکەشاکەکانی بوو .

بەعسییە خوێنڕێژەکان بۆ خامۆشکردنی بڵێسەی شۆڕش هەموو ڕێگایەکیان گرتە بەر هەر لە ئەنفال و جینۆسایدو گرتن و تۆقاندندو دەست بەسەرکردنی کەس و کاری پێشمەرگە.

لەگەڵ ئەنجامدانی هەموو ئەم کارە نامرۆیانە حکومەتی بەعس نەیتوانی چۆک بەهێزی باوەڕ دابدات.

سەرەنجام لەبەهاری ساڵی (١٩٩١) لەماوەی تەنها (١٦) ڕۆژ توانرا سەرتاسەری کوردستان لەدامودەزگا داپلۆسێنەرەکانی بەعسییەکان پاک بکرێتەوە .

ئەمڕۆ یەکێتی نیشتمانی کوردستان وەک هێزێکی کاریگەر لەناوچەکە لەسەر ئاستی ناوەوەو دەرەوە حسابی وردی بۆ دەکرێت، بەتایبەتی



مام جەلال سکرتێری گشتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان

دوای پرۆسەی ئازادی عێراق لە (٢٠٠٣/٤/٩) بەڕێز سەرۆکی کۆماری عێراقی فیدراڵ بە لێهاتووی خۆی توانی لایەنە ناکۆکەکان لەسەر مێزی دانوساندن لێک نزیک بکاتەوەو پەیوەندی دبلۆماسی پتەویش لەگەڵ وڵاتانی هاوسێ و جیهان دروست بکاتەوە .

لەهەمان کاتدا بەڕێز مام جەلال بوو بە جێگری سەرۆکی (SI) ی جیهانی .

یادی دامەزراندنی یەکێتی نیشتمانی خاڵی وێسگەی ڕەخنە گرتن و نوێبوونەوەیە، ئەمەش وەک نەریتێکی خۆیەتی کە ناتوانێت دەستبەرداری بێت، ئەمساڵ جیا لەساڵانی ڕابردوو یەکێتی نیشتمانی لەیادی دامەزراندنی کۆنفراسی نوێبوونەوەی خۆی دەبەستێت، خەون و خەیاڵی پووچی ناحەزان لە گۆڕدەنێت، کە باوەڕیان بەم هەنگاوەی یەکێتی نییە.

هەروەک چۆن یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە ڕۆژانێکی دژوار سەری هەڵداو کەسانێک هەبوون شۆڕشگێڕانیان بەشێت و سەرلێشێواو دەزانی .

بەیاننامەی دامەزراندنی یەکێتی نیشتمانی کوردستان وەک هێزێکی پشت ئەستوور بەجەماوەری ڕەش و ڕووتی کوردستان لەسەر لاپەڕەی ڕۆژنامەو بڵندگۆی ئیسگەی دیمەشق و لوبنان لە (١٩٧٥/٥/٢٢) بڵاوکرایەوە وەک ڕاستییەکی مێژوویی ئەگەرچی هەندێک وادەزانن لە (١٩٧٥/٦/١) ڕێکەوتی دامەزراندنیەتی.

یەکێتی نیشتمانی کوردستان وەک ڕێکخراوێکی نیمچە بەرە سەری هەڵدا، کە لەسێ باڵ پێکهاتبوو، (بزوتنەوەی سوشیالستی کوردستان، کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان، خەتی گشتی) ئەو کاتیش بەڕێز مام جەلال بەتواناو ژیری خۆی توانی بیرو ئایدۆلۆژییە جیاوازەکان ڕێک بخات و ڕابەرایەتیان بکات و لەگەڵ واقعی ئەو سەردەمە بیانگونجێنێت.

ئەو کات سیاسەت ئاسان نەبوو لەسەر بنەمای دوو جەمسەری بەڕێوە دەچوو، ئەویش یەکێتی سۆڤیەت و ئەمریکای سەرمایەدار بوو .

دوابەدوای هەڵوەشاندنەوەی یەکێتی سۆڤیەتی جاران هەر زوو سەرکردایەتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان پێداچوونەوەی بەسیاسەتی خۆی کردو هەرسێ باڵەکەی لە ژێر ناونیشانی (یەکێتی نیشتمانی کوردستان ) کۆکردەوە لە کۆنفراسێکی گەورە، کە لەشاری سلێمانی بەسترا لە مانگی کانوونی دووەمی (١٩٩٢).

دەستکەوتەکانی ئەمڕۆی میللەتی کورد، کە خۆی لە حکومەتی هەرێم و پەرلەمانی کوردستان دەبینێتەوە بەری ڕەنج و خوێنی پێشمەرگەو جەماوەری ئەنفالکراوی کوردستانە .

دەبێت ئەم دەستکەوتانە وەک بیلبیلەی چاومان بپارێزن، ئەمەش بەپاراستنی یەکڕیزی میللەتەکەمان دەبێت .

لەیادی دامەزراندنی یەکێتی نیشتمانی کوردستان پێویستە هەموو لایەن و بیرو بۆچوونە جیاوازەکانی ناو یەکێتی بە گیانی لەخۆبوردەییەوە جارێکی دیکە یەکێتی نوێ بکەنەوە و دەست لەناو دەست بکەن تورەیی و بەرژەوەندی کەسایەتی بەلاوە بنێن بۆ ئەوەی بڵێسەی یەکێتی نیشتمانی کوردستان هەر لەشەکانەوە دابێت نەهێڵن مەرامی ناحەزان بێتە دی، کە خەون بەلاوازی یەکێتی نیشتمانی کوردستانەوە دەبینن، ئەو یەکیەتییەی، کە (٣٥) ساڵی تەواوە خوێن بەجەستەیدا دەچۆڕێتەوەو فرمێسک بەچاوەکانیان !!!

هەر شەکاوەبێت ئاڵا سەوزەکەی یەکێتی نیشتمانی کوردستان .

# سەیرانگاکانی هەورامان داوای خزمەتگوزاری دەکەن

**عەلی بانیشاری -هەورامان**

ناوچەی هەورامان چەندین سەیرانگای دلڕفێنی تێدایە، کە سەرنجی هاووڵاتیانی کوردستان و دەرەوەی بەلای خۆیدا ڕاکێشاوە، بەشێوەک لەسنووری خورماڵ هاوینەهەواری "ئەحمەدئاوا و گەنجان" هەیە و لەسنووری هەورامان چەندین سەیرانگای تر هەن، ئەوانیش "ئاوێسەر، وەزەنی، مێشلە، هەمەشوانە" هاوینەهەوارەکانی ناوچەی بیارە و چەندین هاوینەهەواری تر.

هاووڵاتیانی هەورامان گلەیی ئەوە دەکەن وەک پێویست تائێستا گرنگی نەدراوە بەو هاوینەهەوارانەو لەلایەن دەسەڵاتەوە پشتگوێ خراوە، دەکرێت ئاوڕێکی بەرچاو لەو هاوینەهەوارانە بدرێتەوە لە ئێستا، چونکە بەدەیان هەزار کەس لە وەرزی بەهاردا سەردانی ئەم هاوینەهەوارانە دەکەن، کە ناکرێت خزمەتگوزاری نەبێت و پشتگوێ بخرێت.

هەورامان سنووری وڵاتی ئێران لە باکووری ڕۆژهەڵاتەوە لە سنووری پارێزگای سلێمانی و باکووری هەڵەبجەی شەهیدەوە، دوورترین ناوچەیە لەباکووری ڕۆژهەڵاتەوە کە هاوسنووربێت لەگەڵ ئێراندا، هەورامان تاساڵانی ٢٠٠٣ بەهۆی حوکمی ئیسلامییەکانەوە هیچی بۆ نەکرا بوو. بەڵام لەوە بەدواوە ئاوڕی جدی لێ درایەوە لە هەورامان، لەو میانەیەشدا کار بۆ چاککردنی سەیرانگاکانی ئەو ناوچەیە کرا، بەڵام کارەکان کەم و کورتی تێدایەو وەک پێویست نییە بۆ نموونە تائێستا ئوتێل و شوێنی دانیشتنی نییەو چەندین کەموکوڕی تریش.

ناجی ئەحمەد هاووڵاتێکی گوندی ئەحمەدئاوایە وەک ئەو باسی لێوە دەکات تائێستا گرنگی نەدراوە بە هاوینەهەوارەکەیان و ئەوەشی بۆی کراوە شکستی هێناوە بە هۆی نەزانی کاری گەشتیارەکانەوە، بەڵام گەورەترین کێشەی سەیرانگاکەیان نەبوونی شوێنی دانیشت و ئوتێلە کە دەبوابە بۆی بکرابە.

ناجی دەڵێت:" پێویستە دەسەڵات ئاوڕمان لێبداتەوە، کە چۆن لە پێشتر ئاوڕی لە بوارەکانی تردا لێ داوینەتەوە، چونکە ژیانی ئێمە لەسەر ئەم سەیرانگایەیە، ئەگەر گەشتیار ڕوومان تێ نەکات، ئەوا ئێمە ناتوانین لەسەر هاوینەهەوارەکە بژین، بە چاککردنی ئەم سەیرانگایە ئێمە دەتوانین خێزان و منداڵەکانمان لەسەر ئەم سەیرانگایانە بەخێوبکەین".

سەرپەرشتیارانی سەیرانگاکە باس لەوە دەکەن بەهۆی فراوانی هاوینەهەوارەکەوە ناتوانن وەک پێویست کۆنترۆڵی بکەن، چونکە ئەوان کارمەندیان کەمە، بۆ ئەو سەیرانگایە، سەیرانکەرەکانیش هاوکاریان ناکەن و لە پاش خۆیان پاشماوەکان بەجێ دەهێڵن. نەبوونی خزمەتگوزاری کێشەی سەرەکییە، ئەوانە بەبوونی ئەو خزمەتگوزارییە دەتوانن خزمەتی زیاتری گەشتیاران بکەن.

کازم محیّدین لێپرسراوی بەشی خزمەتگوزاری هاوینەهەواری ئەحمەد ئاوا وتی:" بەداخەوە گەشتیارەکان لەپاش خۆیان خۆڵ و پاشماوەی زۆر بەجێ دەهێڵن، کە ئەوان بە ٧ کارمەندەوە ناتوانن ئەو پاک و خاوێنییەی سەیرانگاکە هەیەتی ڕابگرن، بەتایبەت نەبوونی شوێن کە پاشماوەکانی تێدا کۆبکرێتەوە، بۆ ئەوەی هاووڵاتیان لە پاش خۆیان فڕێی بدەنە ئەو شوێنەوە، نەک هەندێک گەشتیار فڕێی دەداتە ئاوی سەرچاوەکەوە، چەندین کەس بە بۆنەی فڕێدانی پاشماوەکان لە ناو سەرچاوەکە تووشی نەخۆشی بوون".

کازم بە هەفتەنامەی بەدرخانی وت:" بێگومان ئەگەر ئوتێل و شوێنی دانیشتن هەبوایە چەندین سەیرانکەری تریش سەردانی ئەم هاوینەهەوارەیان دەکرد، چونکە کێشەی گەشتیاران ئەوەیە شوێنی مانەوەیان نییە لە شەودا، ئەمەش ناچاریان دەکات ئەو ڕۆژە بڕۆنەو بۆ شوێنی خۆیان، کە ئەمەش وەک پێویست سوودی بۆ خاوەن باخەکان نابێت".

هاووڵاتیانی بیارەو تەوێڵە بەهەمان شێوەی دانیشتوان وخاوەن باخەکانی هاوینەهەوارەکان گرفتی کەمی خزمەتگوزاریان هەیە، وەک ئەوان ئیشارەتی پێدەدەن ئەو سەیرانگایانە دوورن لە بیارەو تەوێڵەوە، بەڵام ئیتر نابێت پشتگوێ بخرێن و هیچیان بۆ نەکرێت، چونکە سیما جوانەکەی ئەو سەیرانگایانە وای کردووە هەموو خزمەتگوزارییەک شایستەیان بێت، کەم سەیرانگا هەن لەکوردستان بتوانن شان بدەن لە شانی سەیرانگاکانی هەورامان، گەورەترین ئاواتی دانیشتوانی ئەو ناوچەیە ئاوڕدانەوەیە لە هاوینەهەوارەکانیان.

بڵند سیروان خاوەن یەکێک لە باخەکانی سەیرانگای ئاوێسەرە لە تەوێڵە، وەک بڵند ئاماژەی پێدەدات هەرچییەک بۆ سەیرانگاکان بکرێت زۆر نییە، بەڵکو کەمە، چونکە ئەگەر دەسەڵات بتوانێت ئەوە گەورەترین سەرچاوەی مادییە بۆ وڵات، کەم نین ئەو گەشتیارانەی سەردانی ئەو هاوینەهەوارانە دەکەن لە وەرزی بەهاردا.

بڵند بە هەفتەنامەی بەرخان دەڵێت:" ئەو کاولکارییەی بەسەرهەوراماندا هات سەرجەم لایەنەکانی ئەو ناوچەیەی گرتووە، وەک سەیرانگاکان چونکە هەندێک لە سەیرانگاکان سوتێنران و نەیان دەهێشت کەس سەردانیان بکات، بەڵام ماوەیەکە خزمەتگوزاری دەکرێت و خەڵکی هیوادارن زیاتر دەسەڵات گرنگی بدات بەشوێنە گەشتیارەکانی هەورامان".

سمکۆ سالار بەڕێوەبەری ناحیەی خورماڵ دەڵێت:" چەندین ساڵە داوامان کردووە لەلایەنی پەیوەندیدار گرنگی بدرێت بە هاوینەهەوارەکان، چونکە بەڕاستی کەموکوڕی هەیە لە خزمەتگوزاری سەیرانگاکاندا، بۆ نموونە کێشەی ڕێگاو بانمان هەیە و کە پێویستە چارەسەربکرێت و پارەی بۆ دابین بکرێت، چاک کردنی شوێنی دانیشتن و جێبەجێکردنی چەندین کاری تری پێویست بۆ سەیرانگاکانی هەورامان".



سەیرانگای زەڵم

# BEDİRXAN

Hefitenameyekî Hunerîy
Rojnamewanîy Giştîy Azade.
Jimare (0)î le
22/10/2000 da Derçuwe


## Şandeke RojevaKurd Serdana Sînemxan Bedirxan kir

Li hevdîtinê de, şanda rojeva Kurd Cejna Zimanê Kurdî ya Sînemxan Celadet Bedirxan pîroz kir û bi vê mebestê jî gulebaxeke xweşik pêşkêşî Bedirxan kirin. Her wiha li hevdîtinê de di derbarê rewşa zimanê Kurdî ya Kurdistana mezin û derveyî Kurdistan bi taybet li bajarên Şam û Stenbol û Anadola Navîn hate nirxandin.
Îro 15.Gulan.2010 şandeke ji malpera Rojeva Kurd bi mebesta pîrozkirina cejna zimanê Kurdî serdana Sînemxan Celadet Ali Bedirxan kir.
Li hevdîtinê de, şanda rojeva Kurd Cejna Zimanê Kurdî ya Sînemxan Celadet Bedirxan pîroz kir û bi vê mebestê jî gulebaxeke xweşik pêşkêşî Bedirxan kirin.
Her wiha li hevdîtinê de di derbarê rewşa zimanê Kurdî ya Kurdistana mezin û derveyî Kurdistan bi taybet li bajarên Şam û Stenbol û Anadola Navîn hate nirxandin.
Li beranber da Bedirxan xweşhaliya xwe bi vê serdanê derbirî û wê jî cejna Zimanê Kurdî ya hemû gelê Kurd pîroz kir û balkişand li ser rola girîngiya ziman û got: Hêvîdarim ku gelê Kurd li hemû cîhanê xwedî li zimanê xwe derkeve û bi zimanê xwe bipeyve. Eger gelê Kurd jiyana xwe ya rojane de zimanê xwe bipeyvê dê dewlemendiya zimanê Kurdî derkeve holê û Kurdî jî wekî zimanên dinê cîhanî pêşbikeve



## Cejna Ziman

**Haydar Amedî**

Ji bo her gelî nirxên pîroz henin.Ziman yek ji van nirxan e ku hebûna gel bi xwe ye. Netewe dikarin bi zimanê xwe hebûna xwe biparêzin, û bi vî rengî xwe mayîn de bikin.
Dewletên dagirker – pergalên mêtînger dema dixwazin kêmar an nateweyek ji holê rakin berî her tuştî zimanê wî gelî qedexe dikin, çanda û kewneşopiya wî gelî qedexe dikin.
Gelê kurd di jiyana dîroka xwe de bi dagirkerî û mêtîngerî re rû bi rûmayî ye, çiqas dek û dolab hene li hemberê gelê kurd hatiye bi karanîn, ji bo pişaftina gelê kurd her cureyê hovane û dermirovahî hatiye bi karanîn.
Navên cih û deverên kurdan hemî wergerandin zimanê dagirkeran, lê belê gelê Kurd ji ber ku xwediyê zimanekî dewlemend û kesayeteke serhildêr bûye heta roja îro hebûna xwe parastiye.
Li ser vî xakî zimanê kurdî zimanekî qedîme, îro gelê kurd ku gihîştiye vî merhaleyê bi xêra parastisna zimanê xwe û dewlemendiya zimanê xwe bûye, yanê neteweya kurd hebûna xwe deyndarê zimanê xwe ye.
Di jiyana her gelî de roj û cejnên taybet henin, ji van cejnan hinek jê cejnê olî ne, hinek jê cejnê neteweyî ne, di jiyana gelê kurd de jî 15'ê Gulanê roja cejna zimanê kurdî ye.
Kovara HAWAR'ê 15'ê meha Gulanê dest bi weşanê kiriye. Ber vî qasî ji aliyê gelê kurd ve roja 15'ê meha Gulanê wekî cejnekî neteweyî hatiye diyarkirin û tê pîroz kirin.
Ji aliyê din ve meha Gulanê di têkoşîna rizgariya gelê kurd de mehekî watedare.
Divê gelê kurd bi taybetî jî Sazî – Dezgeh û hemû rêxistinên kurdan vî cejna xwe yê neteweyî de bi çalekiyên Daxwuyanî-Panel-Semîner-Sempozyun-Şahî û çalekiyên cur be cur vî cejna zimanê kurdî pîroz bikin, û eynî gavê de xwedî li şehîdên meha Gulanê û tevayî şehîd û nirxên neteweya gelê kurd xwedî derkevin.
Divê têkoşîna zimanê kurdî were xurt kirin û pêş xistin.
Roj roja xwedî derketina li zimanê kurdî ye.
Roj roja pêşxistina têkoşîna zimanê kurdî ye.
Em bang li hemû gelê xwe dikin û wiha dibêjin, zimanê me bedena me ye.
Em li bedena xwe xwedî derkevin.
Cejna Zimanê Kurdî li gelê Kurd pîroz be.




## Li Cizîr Komeleya Mîr Celadet Bedirxan hate damezrandin

Li Cizîra Botan bi navê Mîr Celadet Bedirxan komeleyek hate damezrandin. Komeleya Mîr Celadet Bedirxan di warê çand, huner û dîrokê de dê xebata xwe bike. Di dîrokê de cara yekemîne ku komeleyek bi navê Mîr Celadet Bedirxan tê damezrandin. Komele bi armanca xizmeta çand, huner û dîroka Kurdistanê, dest bi karê xwe kir. Damezrînerên komeleyê vê mizginiyê bi keyfxweşî digihinîn gelê Kurd û Kurdistaniyan. Her wekî tê zanîn çand, huner û dîroka me bi her awayî hatiye binpêkirin û pişaftin (asimilekirin).




Komeleya Mîr Celadet Bedirxan di van waran de û bi van mijaran ve girêdayî warên siyasetê de jî dê kar û xebata xwe bike. Xeta komeleya Mîr Celadet Bedirxan, welatperwerî, Kurdayetî û parastina nasnameya Kurdî ye. Damezrînerên komeleya Mîr Celadet Bedirxan ji van kesayetan pêk tê: Adnan Şık, Veysi Elçi, Ridvan Dalmış, Zana Dinler, Adil Ayhan, Mustafa Mungan û Hişyar Özalp. Merasîma vekirina komelê ji alîyê revebirîya komelê ve dê ji raya giştî re were eşkere kirin. Her çende li bakûrê Kurdistanê di derbarê Bedirxaniyan de çendîn çalakî têne kirin û bi navê wan çendîn komele û xwendingeh bêne vekirin jî, bi mixabinî ku li başurê Kurdistanê heta niha çalakiyên bi vî awayî nehatiye pêkanîn. Hêvîdarîn ku li başur jî bi navê Bedirxaniyan çendîn xwendingeh û enstitu bêne damezrandin û ala rewşenbîriya Bedirxaniyan li başur erdê nehêlin...

## Maleke ji peyvan : Di xewnan de jî ez ê zimanê xwe winda nekim

Kitêba nivîskarê galisyanî Séchu Sende "Made in Galiza" bi kurdî di nav weşanên Avestayê de çap bû: Di xewnan de jî ez ê zimanê xwe winda nekim. Kitêba ku di "roja edebiyata galisyanî" de ku du rojan piştî "cejna zimanê kurdî" ye derket, ji bo balê bikişîne ser rewşa zimanê kurdî û zimanên di bin tehdîda tunekirin û asîmîlasyonê de ji aliyê 35 şexsiyetê kurd ve hatiye wergerandin. Sê çapên kitêbê bi hev re, tev de 3 hezar çap bûne ku ev jî bo kitêbên kurdî merhaleyeke nû ye. Buhayê li ser kitêbê ji sisêyan yekê piyasê ye, 4 TL ye. Herçiqas buha erzan jî be kitêb, bi kalîteya herî baş a kitêbên standard hatiye çapkirin.
Mesûlê Weşanxaneya Avesta Abdullah Keskin dibêje, "Helwest û pêwendiya xwendevanê kurdî a bi vê kitêbê re, wê ji bo me bibe wek anketekê. Biqasî ku em têgihiştine, me hemû daxwaz û pîvanên xwendevanê kurdî li ber çav girtine. Daxwaz û elaqeya xwendevan û kitêbxaneyan cesaret da me, ji ber wê me jimarek zêde, nexasim ji bo wergerê pir zêde, çap kir. Em gazî xwendevanan dikin, werin hûn jî gotinên xwe li ser yên me zêde bikin, em vê mala ji peyvan bi hev re ava bikin. Em ji 'Wareki lal' welatekî ji peyvan ava bikin!"

**Ji nivîsa "Di xewnan de jî ez ê zimanê xwe winda nekim"**
Car caran zimanê xwe derdixim dibêm aaaaaaaaa û Merheba, tu li vir î? Dipirsim. Merheba. Oxx. Ez fam nakim, zimanek çawa winda dibe. Bi rastî jî fam nakim. Kesek çawa dikare zimanê xwe winda bike? … Çi dibe çi nabe di xewnên xwe de jî ez ê dev ji axaftina bi zimanê xwe bernedim. Walle wisa ye. Ez ê di xewnên xwe de jî zimanê xwe winda nekim.







# ٢٠١٠/٥/٢٧ جەواهیری دەگەڕێتەوە هەولێر

بڕیارە کاتژمێر (٧)ی ئێوارەی رۆژی پێنج شەممە ٢٠١٠/٥/٢٧ دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی بەدرخان لە هۆڵی سەنتەری رۆشنبیری فەرەنسی ئێوارە کۆڕێک بۆ خاتوو دکتۆرە خەیال جەواهیری و دکتۆر سەباح مەندەلاوی سازبکات، بەناونیشانی (یادەوەرییەکان لەگەڵ جەواهیری).
بەهیوایین هەروەک چۆن جەواهیری تا لە ژیان مابوو زۆر دڵسۆزو بەوەفا بوو بۆ کوردو کوردستان، ئێمەش بتوانین لەبەرامبەر ئەودا وەفایەک بنوێنین.



www.asivakurdi.org


بەدرخان یەکەم هەفتەنامەی ئەهلی ئازادە، دوای راپەڕین ژمارە سفری لە ٢٠٠٠/١٠/٢٢ لە سلێمانی دەرچووەو هەموو ٨ و ٢٢ی مانگێک دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی بەدرخان لە باشووری کوردستان دەریدەکات

- خاوەن ئیمتیازو بەڕێوەبەری بەرپرس:
حەمید ئەبوبەکر بەدرخان (٠٧٥٠٤٥٥٥٨٧٨)
- بەڕێوەبەری نووسین:
عەبدولڕەحمان مەعروف (٠٧٥٠٤٦٣٨٥٤١)
- ستافی کارا: کازم عومەر دەباغ، هێمن جەمیل، هەوراز محەمەد، محەمەد فەتاح، مەسعودی مەلا هەمزە.
نەخشەساز:
ئاسۆ حەسەن ئەحمەد (٠٧٥٠٤٤٧١٨٢١)
- بەشی کۆمپیوتەر:
ئەیوب یوسف ئەبوبەکر

- راوێژکاری زمانەوانیی: د.وریا عومەر ئەمین
- راوێژکاری رووناکبیریی: د. ئازاد حەمە شەریف
- راوێژکاری کلتووری: د. ئیسماعیل محەمەد قەرەداغی
- راوێژکاری مێژوو: د. محەمەد عەبدوڵڵا کاکەسوور
- راوێژکاری هونەری: محەمەد زادە
- راوێژکاری یاسایی: پارێزەر حوسامەددین یاسین سەرداری

ناونیشان:
کوردستان، هەولێر، شەقامی ئاراس، باڵەخانەی سەرداری

نۆرماڵ: ٠٦٧٩ ٢٥١ ٦٦ ٩٦٤ +
مۆبایل: ٥٨٧٨ ٤٥٥ ٧٥٠ ٩٦٤ +

www.bedrxan.net
www.bedrxan.com
bedrxan@yahoo.com
- سەرپەرشتیاری سایت: فەرهاد باپیر - ئەڵمانیا